# ئەمریکا دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان وەردەگرێت

**رووداو–هەولێر**



بەپێی راگەیێندراوێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، کە وێنەیەکی لێدراوەتــە (رووداو) دەرگای داواکاری پێشکێشــکردنی خوێندن لە ئەمریکا لەرێگەی پرۆگرامی فولبرایت، لەبەردەم قوتابیانی کوردستان و عێراقدا کراوەتەوەو دەرچووانی زانکۆ دەتوانن تاوەکو 2009/5/1 داواکانیان پێشـــکێش بکەن. لەراگەیێندراوەکەدا "ئەمســاڵ پتــر لەســاڵان قوتابی وەردەگیرێن، چونکە حکومەتی عێراق بەشێکی خەرجییەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی". چەند مەرجێکیش دانراون.

2

# تورکیا پەرلەمانتارانی هۆڵەندا دەکاتە نوکتە

**رووداو–دەنهاخ**



هاری فان بۆمڵ، پەرلەمانتار هۆڵەندی و یەکێک لەســەرکردەکانی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا لە وتارێکدا کە بە تایبەت بۆ (رووداو)ی نووسیوە، باس لەو سەفەرە دەکات کەوا بڕیار بوو لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی دیکە بۆ تورکیا ئەنجامیبدات، بەڵام حکومەتی تورکیا سەردانەکەی بۆ ساڵی داهاتوو دواخست.

بۆمڵ دەڵێت دەبوایە ئێستا لە دیاربەکر دانیشتبام، بەداخەوە سەردانی کۆمیســیۆنی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندا، کە منیشــی تێدابووم، لەلایــەن حکومەتی تورکیاوە هەڵوەشێندرایەوەو گوتیان "کاتمان نییە، چونکە هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکەن" ئەوەیە هۆکاری فەرمیی هەڵوەشاندنەوەکە. بۆمڵ دەڵێ ئەوەش نوکتەیە.

19

# تەوار پارەی نییە بچێتە نەمسا

**رووداو–سلێمانی**

کنێر عەبدوڵڵا، بەرپرسی ئیدارەی گرووپی کۆراڵی تەوار بە (رووداو)ی راگەیاند بەهۆی خراپی باری مادییان ئەمساڵ ناتوانن بەشداری فیستیڤاڵی نێو نەتەوەیی هونەری نەمسا بکەن. هێدی جەباری ئەندامی گرووپەکەش رایگەیاند "ئەگەر بەشداریمان بکردایە پلەیەکی باشمان بەدەستدەهێنا". ئەو گرووپە کە لە 17 کچ پێکهاتووە، دوای گرووپی کیژانی سلێمانی، لەساڵی 2007 لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان دامەزراوەو بودجەی مانگانەی 5 ملیۆن دینارەو، ساڵی رابردوو بەشــداری فیســتیــڤاڵی نەمســای کــردو، لەنێــو 11 گرووپدا، پلــەی چوارەمــی بەدەستهێنا.



10


Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (46)
دووشەممە 2009/3/2
11ی رەشەمێ 2708
(750) دینار
www.rudaw.net


# دوو وەزیری یەکێتی دەست لەکاردەکێشنەوە



## جێگری تازەی سەرۆکی حکومەت: هەندێک لە وەزیرەکان دەگۆڕدرێن

**تایبەت بە رووداو**

جێگری تــازەی ســەرۆکی حکومەتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند دوو وەزیری یەکێتی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە.

لــە چوارچێــوەی ئــەو گۆڕانکاریانەی کۆسرەت رەسول لە رۆژی 2009/2/25دا لە پشــکی یەکێتی لە حکومەتی هەرێمدا راگەیانــدن، عیمــاد ئەحمــەد، ئەندامی مەکتەبــی سیاســی یەکێتــی و وەزیری ئاوەدانکردنەوە، لەجیاتی عومەر فەتاح کرایە جێگری سەرۆکی حکومەت. عیماد ئەحمەد لەیەکەمین هەڤپەیڤینی رۆژنامەنووسیدا دوای دیاریکردنی بۆ ئەو پۆســتە بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەشەفافیەت کاردەکات و هەوڵی نەهێشــتنی گەندەڵی دەدات، گوتیشی " گوێ لە راگەیاندن و رۆژنامەنووسان دەگرم و زانیارییان پێدەدەم".

عوســمانی حاجــی مەحمود،وەزیــری ناوخۆ کــە لەجیاتی عیمــاد ئەحمەد بۆ وەزیری ئاوەدانکردنەوە دیاریکرا، یەکێکبوو لــەو چــوار ئەندامــەی لــە کۆبوونەوەی 2009/2/21ی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەیەکجاری دەســتیان لەکارکێشــایەوە. عیمــاد ئەحمــەد بــە (رووداو)ی راگەیاند کە عوســمانی حاجی مەحمود دەســتی لــە وەزیرایەتیش کێشــاوەتەوە. هەروەها گوتیشــی " کاک تەحسین قادری وەزیری ســەرچاوەکانی ئاویــش ئیســتیقالەی کردووە". روونیشیکردەوە کە جێی ئەوانە پڕ دەکرێتەوەو، شــێخ جەعفەریش وەک وەزیری پێشمەرگە دیاریکراوە، دوای ئەوەی ئەو وەزارەتە کەوتە لای یەکێتی، گوتیشی هەندێک وەزیری دیکەش لە پشکی یەکێتی دەگۆڕدرێــن " هەندێک وەزیــر دەگۆڕێن وهەندێکیش دەمێننەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی یەکێتییــەوە دەســت (رووداو) کەوتوون، لەجیاتی وەزارەتی پێشــمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ دەدرێتە پارتی کە وەزیرەکەی کەریم شنگاری دەبێت و بابیز تاڵەبانیش دەبێتە وەزیری دارایی.

3

# عومەر فەتاح لەژێر گوشارێکی زۆردا دەستی لەکار کێشایەوە

## فەرەیدون عەبدولقادر: بپرسن لە کوێ ئەو خەڵکانەی سلێمانی کە لە سەرکردایەتی بوون چەندیان ماون



هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، عوسمانی حاجی مەحموود و عومەر فەتاح

(فۆتۆ:رووداو)

**تایبەت بە رووداو**

فەریدون عەبدولقادر، ئەندامی پێشــووی مەکتەبــی سیاســی یەکێتــی گلەیی لە کەمبوونەوەی سلێمانییەکان لەنێو مەکتەبی سیاســی یەکێتی دا دەکات و دەڵێ بواری بووژانەوە بەو شارە نادرێ، رەخنەشی لەوە گرت کە رۆیشتنی ســەرکردەکانی یەکێتی بەهەند وەرناگیرێ. لەهەمانکاتدا ئەندامێکی ســەرکردایەتی یەکێتیش دەڵێ " رەوتێک هەیە لەنــاو یەکێتی کار بــۆ دەرپەڕاندنی هەندێ کەسی دیکە دەکات".

### دروستکردنی حیزب لەلایەن نەوشیروانەوە هەڵەیەکی کوشندەیە

فەرەیدون عەبدولقادر، کە لەساڵی 2005 دەســتی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاســی یەکێتی کێشــاوەتەوە، لــە هەڤپەیڤینێکدا لەگــەڵ (رووداو)، رەخنــەی لەوە گرت کە یەکێتی بووەتە ئەو حیزبەی کە چوار ئەندامە دەست لەکارکێشاوەکەی مەکتەبی سیاسی ســەرەڕای ئەوەی هەمــوو تەمەنی خۆیان بەیەکێتی بەخشی خۆیان بە غەریب دادەنا لەنێو یەکێتــی دا، هەروەها رەخنەی لەوە گرت کە بەبێ بایەخییەوە سەیری رۆیشتنیان دەکرێ " ئەگەر ئاوا بێمنەتانە تەماشای ئەو شۆڕشگێڕە گەورانە بکرێ بەڕاستی دەترسێم دۆخەکە بەرەو لەوە رەشتر بڕوا کە چاوەڕوان دەکرێ". بــەڵام لەهەمانکاتدا بیرکردنەوەی ئەو چوار ئەندامە و نەوشــیروان مستەفا لە دروستکردنی حیزبێکی دیکە بە "هەڵەیەکی کوشندە" دادەنێ وگوتی " شتێکی گاڵتەنییە بیر لەشتی وا بکرێتەوە". فەرەیدوون دەڵێ " کاک نەوشیروان واتە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان"،گوتیشــی بۆ چارەسەرکردنی کێشــەی نەوشیروان مستەفا نامەی بۆ مام جەلال ناردووە.

هەروەها گوتیشــی مەترســی خۆی لە لیست دروســتکردن بە نەوشیروان مستەفا راگەیانــدووە "من ئێســتا زۆر لەم شــارە دەترسێم، بواری نادرێ ببووژێتەوەو کەمێک بەخۆیدا بێتەوەو بازاڕو باری ئابووری بەگەڕ بکەوێ. هەر کاتێک شــتێک دروست دەبێ کاردەکاتە سەر بازاڕو بازرگانی و کەسابەتی خەڵکی ئەم شــارە".ئەو دەڵێ دەترســێ" بەو هۆیەوە دۆخێک بێتە ئاراوە کە خەڵکی نابەرپرس ســوودی لێوەربگــرن و هەندێ شەڕوپێکداداان بنێنەوە".

### فشار بۆ لادانی عومەر فەتاح

دوای ئەوەی عومــەر فەتاح لەلایەن مام جــەلال و مەکتەبی سیاســی یەکێتیەوە، لەچوارچێوەی گۆڕانکارییەکاندا لە پۆستی جێگرایەتی سەرۆکی حکومەت لادرا، لەدەقی دەســت لەکارکێشانەوەکەیدا کە دوای ئەوە بڵاویکردەوە، هەست بە ناڕەزایی لەو بڕیارە دەکــرا. کە تێیــدا دەڵێ هێشــتا زۆر کار مابوون بیکات، بەڵام بۆ پاراستنی یەکڕیزی یەکێتی دەست لە کار دەکێشێتەوە. فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئــەو گۆڕانکارییە بە "رێکخســتنەوەی ناوماڵ" دادەنێ نەک چاکسازی دەڵێ "دەبێ دان بەوە دابنێین کە لەنێو ســەرکردایەتی یەکێتی گوشــارێکی زۆر هەبوو بۆ لابردنی عومەر فەتاح".

### مام جەلال لەگەڵ رەفسەنجانیدا دێتەوە سلێمانی

ســەرچاوەیەکی ئــاگادار لــە مەکتەبی سیاســی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند، مام جــەلال رۆژی سێشــەممە 3/3لەگەڵ هاشــمی رەفسەنجانی ســەرۆکی دەستەی دەستنیشــانکردنی بەرژەوەندییەکانــی ئێــران دێتەوە ســلێمانی،دوای بەرێکردنی ئەو دەمێنێتــەوە بۆ سەرپەرشــتیکردنی کۆبوونەوەکانــی مەکتەبــی سیاســی و رزگارکردنــی یەکێتــی لــەو تەنگژەیەی بەهۆی دەســت لە کارکێشــانەوەی چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی کە بە "باڵی ریفۆرم" ناســراون تێیکەوتــووە. هەروەها ئەو ســەرچاوەیە گوتی مەلا بەختیاریش لە ئەڵمانیاوە بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوانە دووشەممە دێتەوە کوردستان.

فەریــد ئەسەســەرد، ئەندامــی ســەرکردایەتی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگــەڵ (رووداو) دەڵــێ ئەگــەر یەکێتی کێشەکانی چارەسەر نەکات بەشێکی زۆر لە ئەندامانی بەشداری هەڵبژاردن ناکەن "یان دەنگ بەلایەنێکی دیکە دەدەن بۆیە ئەگەر بمانەوێ لەهەڵبژاردنــی داهاتوو دەنگێکی بــاش بهێنین دەبــێ لەئێســتاوە ناوماڵ رێکبخەینەوە". گوتیشی بۆ ئەوە کار گرنگە نەک قسەکردن چونکە "ئەوە17 ساڵە باسی بە دامەزراوەییکردنی یەکێتی دەکەین، بەڵام تائێستا یەک هەنگاومان بۆ ئەوە نەناوە، من یەکەم جار دەستەواژەی بەدامەزراوەییکردنم لەساڵی 1991 بیست لە قەلاچوالان، ئێستا ئێمە لە 2009ین و هەر باسی هەمان مەسەلە دەکەین".

بەڵام پێیوایە ئەمجارە چاکســازی کردن وەک دووربیانێکی چارەنووسسازە بۆ یەکێتی "بەبۆچوونی من ئەم یەکێتییەی ئێستا هەیە یەکێتی ســەردەمانی پێشــووەو هی ئەم رۆژگارە نییە، بۆیە یان دەبێ چاکســازیی تێدابکرێ یان لەناوبچێ. تاڕادەیەک هەموو لایەنەکان لەســەر ئەوە ســوورن کە نابێ یەکێتی لەناوبچێ. کەواتە هەر ئەو رێگایەمان لەبەردەمە کە چاکسازیی تێدابکەین".

### کۆسرەت رەسول 3 جار دەستی لە کارکێشاوەتەوە

کۆسرەت رەســول،کە لە 2009/2/11 لەگەڵ چوار ئەندامەکەی باڵی ریفۆرم دەستی لەکارکێشایەوە، ئەمجارە هاوهەڵوێست نەبوو لەگەڵ ئەوان و ئێســتا لەگــەڵ مام جەلال و د.بەرهەم سەرپەرشــتی گۆڕینەکانی نێو یەکێتی دەکات. فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێ " ئەوە یەکەمجار نییە کاک کۆسرەت دەست لەکاربکێشــێتەوە، هێندەی ئاگاداربم کاک کۆسرەت سێ جار دەستی لەکارکێشاوەتەوەو هەڵوێستی وەرگرتووە".

باڵی کۆسرەت رەسول، بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنــە نێوخۆییەکانــی یەکێتــی لە 2006دا وەک گەورەترین باڵی نێو یەکێتی بەدیار کەوت، فەرید ئەسەســەرد سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان لەوبارەیەوە دەڵێ " لەنێو باڵەکاندا هیچیان هێندەی باڵــی کاک کۆســرەت پراگماتی نیــن"، هەروەهــا دەڵێ" کاک کۆســرەت لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کێشەکان لەچوارچێوەی یەکێتی دا".

7 -9

# کۆشکی سپی وێنەگری خەتەنەکردنی شیلان خەڵاتدەکات

## وەزیری مافی مرۆڤ: خەتەنەکردنی کچان کەمبووە



ئەندریا بروس

**رووداو–هەولێر**

وەزیــری مافــی مــرۆڤ رایگەیانــد خەتەنەکردنی کچان لەکوردســتان رووی لە کەمبوونە و، کۆشکی سپی ئەمریکاش خەڵاتی باشترین وێنەگری ئەمساڵی دایە ئەندریا بروس، لەسەربڵاوکردنەوەی وێنەی کچە کوردێک لە کاتی خەتەنەکردندا.

بەپێــی ئامارێکــی وەزارەتــی مافی مرۆڤی کوردســتان، خەتەنەکردنی کچان لە کوردســتان رووی لەکەمبوونەو،دکتۆر شــوان عەزیزی وەزیــری مافی مرۆڤیش بە (رووداو)ی راگەیاند کە "هەر کەسێک کچان خەتەنە بکات سزا دەدرێت". هەروەها ناوبراو رایگەیاند "کەمبوونەوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە رێــژەی خەتەنەکردنی کچان و، بەتێپەڕبوونی کات دیاردەکە کەم دەبێتەوە".

ئەو قســانەی وەزیری مافی مرۆڤ لە کاتێکدایە، کە کۆمەڵەی وێنەگرانی کۆشکی سپی خەڵاتی باشترین وێنەگری ئەمساڵی دایە ئەندریا بــروس، وێنەگری رۆژنامەی (واشنتن پۆســت)ی ئەمەریکی، لەسەر وێنەگرتنی شیلان ئەنوەری تەمەن 7ساڵ، ئەوکاتــەی لەبەر ئــازاری خەتەنەکردنی لەلایــەن پیرەژنێکی خەتەنەکارەوە هاوار دەکات.

زۆربەی ئەو کچانــەی خەتەنەکراون، ئێســتاش کــە گەورەبــوون ئــازاری دەروونییــان هەیــە. (ز.م) 21ســاڵ، تەمەنی 4ســاڵان بووە کە لەلایەن ژنێکی پیری دراوســێیانەوە خەتەنە کراوە "کە خەتەنەکرام ئازارێکــی زۆرم هەبوو و پڕ بە دەمم هــاوارم دەکرد و دەگریام". ئەو کچە دەڵێ ئەگەر لە ئایندەدا ببێتە دایکی کچێک هەرگیز ئامادەنییە کچەکەی خەتەنە بکات "نامەوێت ئەوەی بەسەر خۆم هات بەسەر منداڵەکەم بێت".

بەپێی رووپێوێکی نووســینگەی مافی مرۆڤ لە چەمچەماڵ، دەرکەوتووە "45%ی ئــەو کچانەی تەمەنیان لەنێوان 19– 23 ســاڵیدایە خەتەنەکراون، بەڵام 23.2%ی ئەو کچانەی تەمەنیــان لەنێوان 11–13 ساڵیدایە خەتەنە نەکراون".

13

# پرۆفیسۆرێکی زانکۆی ئەنقەرە بۆ (رووداو): ئەمریکا ئەرکی پاراستنی کوردی بەتورکیا سپاردووە



دۆگو ئەرگیل

**رووداو– هەولێر**

رۆژی 2009/2/26 ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا رەزامەندی نیشاندا لەسەر سەردانی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ عێراق، نێوەنــدە ئاگادارەکانــی تورکیــاش دەڵێن سەردانی هەولێریش دەکات. پرۆفیسۆرێکی زانکۆی ئەنقــەرەو راوێژکارێکی پێشــووی ئەردۆغانیــش بــە (رووداو)یــان راگەیاند، کە عەبدوڵڵا گیول لەو ســەردانەدا بەڵێنی پاراستنی کورد لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق،دەداتە بەرپرسانی کورد.

لوبێد عەبباوی بریکاری وەزارەتی دەرەوەی عێــراق بە (رووداو)ی گوت بڕیارە گیول لەو ســەردانەیدا بۆ عێراق چاوی بەســەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بکەوێت "بەڵام هێشتا دیارنییــە دیدارەکە لەهەولێر یــان لەبەغدا دەبێت".

محەممەد مەتینەر راوێژکاری پێشــووی ســەرۆک وەزیرانی تورکیا، لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ســەردانی هەولێر لەئەجێندای ئەو گەشــتەی گیولدایە، رایگەیاند هێشــتا لەو رووەوە هیچ شــتێک رانەگەیێندراوە، بەڵام گوتیشــی "پێموایە سەرۆک کۆمار سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ رێزدار مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی کۆدەبێتەوە". سەبارەت بە تــەوەرەی گفوگۆیەکانیشــی لە هەولێر، مەتینەر گوتی "پێموانییە لەهەولێر گفتوگۆ بکات، بەڵکو یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەسەر مەسەلەی کەرکووک و گەشەپێدانی پەیوەندی ئابووری واژۆ دەکات". گوتیشــی "سەرۆک کۆمار بەرێوەبەرایەتی کورد دڵنیا دەکاتەوە، کە پێویستە لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نیگەران نەبن، چونکە هەر هەڕەشــەیەک بۆ سەر کورد هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا".

هەر لەوبارەوە د.دۆگو ئەرگیل پرۆفیسۆر لەزانکۆی ئەنقەرە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە گیول لەسەر دوو بابەتی ئاسایش و ئابووری لەگــەڵ کــورد گفتوگۆ دەکات، گوتیشــی "ســەرۆک کۆمار کورد دڵنیا دەکاتەوە، کە لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق و لەحاڵەتی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ، تورکیا کورد لەهــەر دەســتدرێژیەک دەپارێزێ". هەروەها گوتیشی "ئەوە داواکاریی حکوومەتی ئەمریکاشە لە تورکیاو، ئەمریکا ئەو داوایەی لە تورکیا کردووە".

4

# راپۆرتە هەواڵ

## چەندین بەرپرسی پۆلیسی کورد لە دیالە دەردەکرێن



بیلال سەعید - رووداو

◆ سەرچاوەیەکی بەرپرس بە (رووداو)ی راگەیاند پۆلیسی دیالە چەندین بەرپرسی پۆلیسی سنووری خانەقینی لەکارەکانیان دەرکردوون چونکە تەنیا بڕوانامەی ئەکادیمیای پۆلیسی هەرێمی کوردستانیان هەیە و لەوێ کاری پێناکرێت . لەوانەی دەرکراون: ئەحمەد خەلیفە بەڕێوەبەری پۆلیسی جەلەولا، رائید ئەشرەف و موقەدەم عەلی ئەکبەر لە پۆلیسی خانەقین، وریا سەمین بەڕێوەبەری پۆلیسی ناحیەی جەبارە، فەرهاد رەفعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی تاوانە گەورەکان لەجەلەولا، رائید ئیدریس لە خانەقین.

# باڵیۆزخانەی ئەمریکا دەرچووانی زانکۆ لە عێراق دەنێرێتە ئەمریکا










**تایبەت بە رووداو**

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا دەرگای خوێندنی بۆ قوتابیانی عێراق لە رێگەی پرۆگرامی فۆلبرایت کردەوە، بڕیار وایە ئەمساڵ ژمارەیەکی زیاتر لە قوتابیان وەربگرێت .

لە راگەیاندنێکدا، کە لە رێگەی ئۆفیسی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەولێر وێنەیەکی لێدراوەتە (رووداو)، کردنەوەی دەرگای داواکاری پێشکێشکردن بۆ خوێندن لە ئەمریکا بۆ حەفتەمین ساڵ ئاشکرا دەکات. بەپێی راگەیێندراوەکە، دەرچووانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەتوانن لە رۆژی 15-2ەوە تاوەکو 2009/5/1 داواکانیان پێشکێش بکەن، لەو راگەیێندراوەدا هاتووە " بڕیار وایە ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو لە هەموو ساڵانی دیکە زێتر بێت،چونکە حکومەتی عێراق بڕیاریداوە بەشێکی خەرجی خوێندنەکە بخاتە ئەستۆی خۆی" .

داواکارییەکانی تایبەت بە فولبرایت لە رێگەی ئینتەرنێتەوە پێشکێش دەکرێن، دوامۆڵەتیش بۆ پێشکێشکردنی داواکارییەکان 2009/5/1یە . وەک لە راگەیاندنەکە هاتووە"پرۆگرامی فولبرایت هەلێکە بۆ قوتابیانی عێراق تاوەکو شارەزا و ئاشنای کۆمەڵگەی ئەمریکی ببن و دوای تەواوکردنی کۆرسی خوێندنەکە ئەو قوتابیانە دەگەڕێنەوە عێراق" .

پرۆگرامەکە لە ساڵی 1945 دانراوە، پتر لە 250 هەزار قوتابی سوودیان لەم پرۆگرامە وەرگرتووە . پرۆگرامەکەش بە ناوی سیناتۆری ئەمریکایی جۆزیف ویلیام فۆلبرایت کراوە، کە خاوەن بیرۆکەی پرۆگرامەکەیە، وەک لە نێوەڕۆکی راگەیێندراوەکەی باڵیۆزخانەی ئەمریکادا ئاماژەی پێدراوە" ساڵی 2003 بۆ یەکەم جار ئەو هەلە بە 25قوتابی عێراقی درا، لە ساڵی 2004ژمارەی ئەو قوتابیانەی لەم پرۆگرامە سوودمەند بوون گەیشتە 130قوتابی، بەڵام ئەمساڵ بە هاوکاری حکومەتی عێراق ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە پرۆگرامی فۆلبرایت وەردەگیرێن لە ساڵانی دیکە زێتر دەبن" .

لەو 25 قوتابییەی ساڵی 2003 لەو پرۆگرامە وەرگیراون نیوەیان کورد بوون، هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەمریکا لە لایەن جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکاوە بانگهێشتی کۆشکی سپی کران.

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەعێراق داوا لەو قوتابیانە دەکات، کە ئارەزووی خوێندنیان هەیە لە ئەمریکا لە رێگەی ئەم ناونیشانەوە https://apply.embark.com/student/fulbright/international داواکارییەکانیان پێشکێش بکەن، چەند مەرجێکیش دانراون، بەپێی ئەو مەرجانە دەبێ داواکار " دەرچووی زانکۆ بێت، ولاتینامە (رەگەزنامە)ی عێراقی هەبێت، لە تاقیکردنەوەیITP Toefl پلەی 550ی وەدەستهێنابێت" .

تاقیکردنەوەی ئای تی پی تۆفلیش هەموو مانگێک لەلایەن رێکخراوی amideast . لە هەولێر، بەغدا، بەسرا ئەنجامدەدرێ. پڕکردنەوەی فۆرمی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی ITP Toeflیش لە رێگەی ئەم ماڵپەڕەوە دەبێت :

www.amideast.org

# سەنتەرە هاوبەشەکەی شاری هەولێر دەست بەکار بوو

**رووداو- TODAY'S ZAMAN**

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا رایگەیاند کە کاربەدەستانی دەزگای هەواڵگری و سەربازی کوردستانی عێراق و تورکیا، دەستیان کردووە بە گۆڕینەوەی زانیاری و کارەکانیان دەست پێکردووە، ئەمەش بەمەبەستی نەهێشتنی چەکدارانی PKK لە باکووری عێراق، لە میانەی کارەکانی ئەو سەنتەرە هاوبەشەی شاری هەولێر کە لە نێوان تورکیا و عێراق و ئەمەریکایە، کە لەم ماوەیەدا لەسەر دامەزراندنی رێککەوتبوون.

هەفتەی رابردوو، عەلی باباجانی وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە هاریکاری نێوان وڵاتەکەی و کوردانی عێراق لە هەوڵەکانیان بۆ نەهێشتنی چەکداران و بنکەکانی PKK لەسەر سنووری هەردوولا، بەرەبەرە کەوتووەتە گەڕ و ئەوەشی راگەیاند کە هاوکارییەکان بریتی دەبن لە زانیاری گۆڕینەوە و ئەنجامدانی کاری سەربازی، بەڵام ناوبراو هۆشداری ئەوەشیدا کە نابێت ئەو سەنتەرەی شاری هەولێر زۆر گەورە بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو سەنتەرە تەنیا بریتییە لە هاریکاری نێوان تورکیا و عێراق لە دژی رێکخراوێکی تیرۆریستی .

لە لایەکی دیکەوە، هەفتەی رابردوو دەنگۆی ئەوە لە میدیاکانی تورکیا بڵاوبووەوە کە کاربەدەستێکی گەورەی سەربازی واشنتن گەیشتووەتە ئەنقەرە و لەبارەی هاوکاری زیاتری ئەمەریکا لە رووی زانیاری سەربازییەوە بۆ سوپای تورکیا، لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا کۆبووەتەوە .



# 30 مسقال زێڕی قوتابیان لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەیەکی هەولێر ون دەبێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەمەبەستی رێگەگرتن لە بەخۆوەکردنی زێڕ لەلایەن قوتابیان، بەڕێوەبەری قوتابخانەی چوارچرای کچان لەشاری هەولێر زێڕی قوتابیان کۆدەکاتەوە، دواتر زێڕەکە لەنێو ئیدارەی قوتابخانەدا وندەبێ .

بروسکە رەشید، بەڕێوەبەری قوتابخانەی چوار چرای کچان، بە (رووداو)ی راگەیاند، تا ئێستا چەندین جار قوتابیانی قوتابخانەکەیان ئاگادار کردوونەتەوە کە هێنانی زێڕ بۆ قوتابخانە قەدەخەیە، بەڵام قوتابیان پابەند نەبوون بەو بڕیارە، بۆیە بڕیارياندا سەرجەم زێڕی قوتابیان کۆ بکەنەوە، وەکو سزایەکیش زێڕەکەیان نەدایەوە قوتابییەکان، بەڵام دوای ماوەیەک زێڕەکە ون بوو.

قوتابیان، ونبوونی زێڕەکەیان دەخەنە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و رەتیشیدەکەنەوە کە پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە ئاگادار کرابنەوە کە زێڕەکەیان ونبووە. قوتابییەک کە زێڕی لێسەندرابوو بە (رووداو)ی راگەیاند چەندین جار سەردانی بەڕێوەبەری قوتابخانەی کرد، تەنانەت دایک و باوکیشی ناردووە، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانە زێڕەکەی پێنەداوەتەوە، دواتر بۆیان دەکەوتووە کە زێڕەکەیان ون بووە " ئێمەگومانمان لە ونبوونی زێڕەکانمان هەیە، پێویستە پەروەردە لێژنەیەک پێکبێنێت، لە ونبوونی زێڕەکان بکۆڵێتەوە، چونکە زۆربەمان زێڕەکان هی خۆمان نییە" .

دوای ونبوونی زێڕەکان لێژنەیەک لەلایەن پەروەردەی هەولێر پێکهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیارنەمانی زێڕەکە . ئاهەنگ مەلا فەندی، سەرپەرشتیاری یەکەمی ئامادەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەوەردەی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند، هەرچەندە تا ئێستا هیچ مامۆستاو قوتابییەک سکاڵایان لەسەر دزرانی زێڕو پارە تۆمار نەکردووە، بەڵام ئەوان لێژنەیەکیان پێکهێناوە، لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بۆیان دەرکەوتووە، جگە لەدیارنەمانی زێڕ، تا ئێستا چەند جارێکیش پارە لەمامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە دزراوە .

دزینی پارەوون بوونی زێڕ، مامۆستایانی قوتابخانەکەی نیگەران کردووە . مامۆستایەکی قوتابخانەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "لەوەتەی هەواڵی دزینی زێڕو پارە لە قوتابخانەکەمان بڵاو بووەتەوە شەرم دەکەم بڵێم، مامۆستای قوتابخانەی چوارچرام" .

هەروەها مامۆستایەکی قوتابخانەکە ئاشکرای کرد کە تا ئێستا 3 جار پارەی لێدزراوە، زۆربەی جارەکانیش کە پارەی مامۆستایەک ون دەبێ، جگە لە کۆکردنەوەی پارە لە مامۆستایان بۆ مامۆستا پارە لێدزراوەکە، مامۆستایانیش بە قورئان سوێند دەدرێن، گوتیشی " ئەمجارەش ئیدارە بۆ ئەو زێڕە داوای پارەی کرد، بەڵام مامۆستایان بەکۆی دەنگ بڕیارياندا چیتر بێدەنگ نەبن و پارەش نەدەن" .

تائێستا بڕی زێڕە دزراوەکە دیارنییە، بەڵام بە مەزەندەی قوتابییەکان زێڕەکە زیاتر لە 30 میسقال دەبێ، دوای پێکهێنانی لێژنەکەی پەروەردەش بەڕێوەبەری قوتابخانە دەستیکردووە بە دانی پارە بەو قوتابیانەی زێڕیان لێوەرگیراوە . وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بۆ (رووداو) گوتی "تا ئێستا 4 ملیۆن دینارم داوەتەوە قوتابیان"، گوتیشی " مادام زێڕەکە لەژوورەکەی من بووەو دزراوە، ئامادەم لێپرسراوەتییەکە بخەمە ئەستۆی خۆم و لەکیسەی خۆم پارەکە بدەم" . بەڵام وەک قوتابییەکان باسیان کرد تا ئێستا چوار قوتابی پارەکەیان وەرنەگرتووەتەوە کە زێڕەکەیان بایی نزیکەی 2 ملیۆن دینار دەبێ .

ئاهەنگ مەلا فەندی، گوتی ئەگەر پارەکەش بدرێتەوە قوتابیان، ئێمە بەدواداچونی خۆمان دەکەین، چونکە ناکرێت لە قوتابخانەیەکی ئێمە شتی وا رووبدات.

هەرچەندە، بروسکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو لەسەر داوای یاریدەدەرەکانی زێڕەکەی نەداوەتەوە قوتابیان، بەڵام شنۆ موراد، یاریدەدەری کاروباری قوتابیان لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی چوارچرا دەڵێت " ئێمە نەک وامان نەگوتووە، بەڵکو چەند جارێکیش داوامان لە بەڕێوەبەر کرد زێڕەکەیان بداتەوە" .



### پشتی کورسییەک ل پەرلەمانێ کوردستانێ بۆ وان هاتە دیارکرن

# ئەرمەنی داخوازا کورسییەکێ جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ دکەن

**رووداو- زاخۆ**

ئیشخان مەلکون سرکیسیان، سەرۆکێ لیژنا کاروبارێن ئەرمەنیا ل زاخۆ، هێڤیێ دخوازە کول جڤاتێن پارێزگەهان، کورسییەکا تایبەت ل وان دەڤەرێن کو ئەرمەن لێ هەنە بۆ وان بێتە تەرخانکرن، ژبەرکو ئەو وەسا دبینە کو هەبوونا نوینەرێ وان دجڤاتێن پارێزگەهاندا دێ پتر خزمەتا وان کەت.

سەرکیسیان، دەستنیشانکرنا کورسیەکا تایبەت بو ئەرمەنییان د پەرلەمانێ کوردستانێ دا ب دەلیڤەیەکا دیرۆکی ژ بۆ ئەرمەنان ددتە زانین و، ئەو وەسا بۆ دچیت کو "دڤێت ئەرمەن ڤێ کورسیێ ب ئاوایەکی باش مفایێ ژی وەربگرن و کەسەکی هێژا وخودان شیان هەلبژێرن داکو رۆلەکێ چالاک بگێڕیت و رەوشا ئەرمەنان باشتر بکەت" .

بەرپرسا نڤیسنگەها پەرلەمانێ کوردستانێ ل زاخۆ، شرین عەبدولرحمان دینۆ و 4 پەرلەمانتارێن دن، د رونشتنا 2009 /2/11ی یا پەرلەمانێ دا پێشنیاز کرکو کورسیەکێ پەرمانی بۆ ئەرمەنانیش بێتە تەرخانکرن. د داخویانیەکێدا بۆ (رووداو) شیرین عەبدولرحمان دیارکر " مە خوەست ئەرمەن کو ل قەزا زاخۆ هەنە وەک نەتەوێن دی، ل مافێ ڤێ نوێنەرایەتیێ بێ بەش نەبن" .

ژیدەرێن ئاگەهدار یێن ئەرمەنی،وەسا ددنە زانین کو پتر ژ 4500،ئەرمەنی ل هەرێما کوردستانێ دژین و،پرانیا وان پشتی سالا 1915 قەستا هەرێما کوردستانێ کرینە، واتە پشتی کۆمکوژیا ئۆسمانیان دژی وان کو پتر ژ یەک ملیون وپێنج سەد هزار ئەرمەنی هاتنە کوشتین. ب هزاران ژی هاتنە دەربەدەرکرن .

پرانیا وان ئەرمەنێن قەستا هەرێما کوردستانێ کرین ل دەڤەرا زاخۆ ئاکنجی بوون، تا نهاژی هەر زاخۆ مەلبەندێ وانە .

ئەرمەن ل ڤێ دەڤەرێ وەک جڤاکەک خودان پیشە هاتنە ناسکرن، ژبەر شارەزاییا وان دکارێن رستن وچنینا جلوبەرگێن کوردی (شال و شەپک)، کارێن مکانیکی، دارتاشی، ئاسنگەری، وزێرنگەری وبازرگانی دا .

ئارتون خەلاتیان، کو ئێکە ل کەسایەتیێن ئاینیێن ئەرمەنی ل زاخۆ، بۆ (رووداو) د دەت زانین کو هەمی ئەرمەنیێن ل هەرێما کوردستانێ دژین سەر ب مەزهەبێ ئەرتودۆکسن و، نها سێ کلیسەیێن ئەرمەنان ل پارێزگەها دهۆک هەنە، کو تێدا رێو رەسمێن ئۆلی دگێڕن.

ئەرمەنێن ڤێ دەڤەرێ هەردەم هەولددەن پەیوەندیێن خوە دگەل ئەرمینیا ب هێز بکەن. ڤازگێن هایریک، گەنجەکێ ئەرمەنییە ل زاخو دژیت، گۆتە (رووداو) " ئەز ببەردەوامی پەیوەندیێ ب وڵاتێ خوە ئەرمەنستانێ گرێددەم، بەری سالەکێ من هەڤژینا خوە ژ ئەرمینا ئینایە" .


رێورەسمەکێ ئاینیێ ئەرمەنیان ل زاخۆ (فۆتۆ:رووداو)

# 50 هەزار دۆلار دەدرێتە هەر جووتیارێک

**رووداو-هەولێر**

بانکی کشتوکاڵی بۆ ئەمساڵ بڕی 100 ملیۆن دۆلاری دابینکردووە بۆ هاوکاریکردنی جوتیاران و هەر جوتیارێکیش بەپێی ئەو زەوییە کشتوکاڵییەی کە هەیەتی بڕێک پارەی بۆ تەرخاندەکرێت کە لە 50 هەزار دۆلار زیاتر نییە .

وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان لەسەر داوای وەزارەتی کشتوکاڵ، بڕی 100 ملیۆن دۆلاری لەبودجەی کوردستان بۆ بانکی کشتوکاڵی تەرخانکردووە .

عەلی ئەحمەد خالند، بەڕێوەبەری گشتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو رێنماییانەی بە (رووداو) راگەیاند کە تایبەتن بە بانکی کشتوکاڵی. ناوبراو گوتی "پێشینەی بانکی کشتوکاڵ چەندین لایەن دەگرێتەوە، ئەوەی کە بەرهەمی دانەوێڵە یان گەنمەشامی، پاقلەی سۆیا و گوڵەبەڕۆژەی هەیە نابێ رووبەری زەوییەکەی لە 10 دۆنم کەمتربێ، بۆ خانووی پلاستیکیش دەبێ لە 2 هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێ، باخداری 10 دۆنم و نەمامگە 3دۆنم، لێدانی بیری ئیرتیوازی 30 دۆنم، تراکتۆر 30 دۆنم، دەراسە 50 دۆنم، هەنگەوان لە 25 سندوق مێش هەنگوین کەمتری نەبێ و ئەوەی ماسیش بەخێو دەکات نابێ رووبەری حەوزەکەی لە 5 دۆنم کەمتر بێ" .

عەلی ئەحمەد، بڕی ئەو پارەیەی بۆ (رووداو) ئاشکراکرد کە لە پێشینەکەدا دەدرێت" بەرزترین بڕە پارە کە دەدرێتە سوودمەندان 50 هەزار دۆلارە، هەروەها بەپێی جۆری تێچووی پرۆژەکە کە 60%و لیژنەی پسپۆر دەست نیشانی دەکات" .

لەبارەی کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەشەوە، عەلی ئەحمەد، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئێستا رێنماییەکانی پرۆژەکە لەوەزارەتی داراییبن، گوتیشی "بەپێی ئەو رێنماییانە جوتیار بەچەند قیستێک پارەکە دەداتەوە حکومەت و هیچ زیادەیەکی ناچێتە سەر" .

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو پرۆژەیە لە چوارچێوەی بودجەی ئەمساڵدا جێبەجێدەکرێت "چاوەڕێی پەسەندکردنی بودجەی کوردستان دەکەین، جوتیاران دڵنیا دەکەمەوە بەرنامەی پێویستمان بۆ داناوە" .

بەڕێوەبەری گشتی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان، ئاماژەی بەوەدا کە دانانی بەرنامەی تۆکمە و رێکوپێک بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد دەکات. ئەو نمونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە بەهۆی زیادکردنی باجی گومرگ لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییە هاوردەکان و ئەو بەرهەمانەی کە لەوڵاتانی دەوروبەرەوە هێنراونەتە بازاڕەکانی کوردستان، هەروەها هاوکاریکردنی جوتیاران لەخەرجی گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان "بەرهەمی کشتوکاڵی لە کوردستان لەساڵی 2008 بە رێژەی 35% بەرزبووەوە، دڵنیام بەجێبەجێکردنی پرۆژەی بانکی کشتوکاڵی بەرهەمی ناوخۆیی زیاتر بەرز دەبێتەوە" .



## ڕاپۆرت

**داوای 500 ملیۆن دۆلار بۆ مادەی 140 دەکرێت**



**ڕووداو-بەغدا**

**◆ ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لە پرۆژەی یاسای بودجەی 2009دا 200 ملیار دینار بۆ مادەی 140 تەرخانکراوە، بەڵام لیژنەی مادەی 140 داوا دەکات 500 ملیۆن دۆلاریان بۆ دابنرێت". گوتیشی پێشنیازمان کردووە 200 ملیۆن دۆلاری دیکە بخرێتە سەر بودجەکەیان " ئەگەر دەنگی لەسەر بدرێت، جگە لە 200 ملیار دینارەکە 200 ملیۆن دۆلاری دیکەشیان بۆ زیاد دەبێت". لە کاتێکدا هەندێ لە پەرلەمانتارانی عێراق دەڵێن مادەکە مردووە و نابێ هیچ پارەی بۆ دابنرێ.**



## عیماد ئەحمەد، جێگری تازەی سەرۆکی حکومەت:

# هەر کەسێک لەشوێنێک دانرا نابێ ببێتە قایدی ئەوحەد

**لەچوارچێوەی گۆڕانکارییەکانیدا لە پشکەکەیدا لە حکومەت، یەکێتی عیماد ئەحمەدی لەجێگەی عومەر فەتاح دانا. ئەو جێگرە تازەیەی سەرۆکی حکومەت لەیەکەمین هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەڤانیدا، دوای دەستنیشانکرانی بۆ ئەو پۆستە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بە شەفافی کار دەکات و زانیاری دەداتە ڕۆژنامەنووسان.**

**هەڤپەیڤین: بیلال سەعید**

**ڕووداو: بەرنامەی تۆ چییە و چی دەگۆڕی؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەرنامەی من جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیە کە کاک نێچیرڤان لە پەرلەمان خوێندیەوە، لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە کە هەندێکی جێبەجێکراوە هەندێکی ماوە. ئیش کردن بە شەفافیەت و دادپەروەری، شۆڕکردنەوەی یەکگرتنەوەلە سەرەوە بۆ خوارەوە لە زاخۆ تا خانەقین، نەهێشتنی گەندەڵی، زیادکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵانی خەڵک، بەتایبەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کەمئەندام و زیندانییە سیاسییەکان و پێشمەرگە دێرینەکان. ئیشکردن بە بەرنامە و ڕاوەرگرتنی خەڵک، بە تایبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بڕیاردەرکردن. گوێ لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دەگرم و زانیاریان پێدەدەم.

**ڕووداو: ئایا گۆڕانی پشکی یەکێتی لە حکومەت بە دانانی ئێوە لە شوێنی عومەر فەتاح کۆتایی دێت یان وەزیرەکانیش دەگۆڕێن؟**

**عیماد ئەحمەد:** هەندێک وەزیر دەگۆڕێن وەهەندێکیش دەمێننەوە.

**ڕووداو: دیاری کراوە ئەو وەزیرانە کێن کە دەگۆڕدرێن؟**

**عیماد ئەحمەد:** نەخێر، شوێنەکەی خۆم (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە) دەبێت کەسێکی بۆ دابنێن، کاک تەحسین قادری وەزیری سەرچاوەکانی ئاویش ئیستیقالەی کردووە، دەبێت وەزیرێکی لەشوێن دابنێین، وەزارەتی پێشمەرگە کەوتووەتە لای ئێمە، دەبێت وەزیری بۆ دابنێین کە کاک شیخ جەعفەرە.

**ڕووداو: عوسمانی حاجی مەحمود دەستی لە وەزیرایەتیش کێشاوەتەوە، یاخود تەنیا لە مەکتەبی سیاسی؟**

**عیماد ئەحمەد:** لەهەردوو ئیشەکە.

**ڕووداو: بەپێی ئەو پاکێتە گۆڕانکارییە کە تۆ کرایە جێگری سەرۆکی حکومەت، عوسمانی حاجی مەحمود کرایە وەزیری ئاوەدانکردنەوە، بەڵام ئەو دەستی لەکارکێشایەوە، ئەو بۆشاییە کە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو ناوخۆ دروستدەبێ کەی پڕ دەکرێتەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** لەمەکتەبی سیاسی خەریکین خەڵک بۆ ئەو پۆستە دابنێین.

**ڕووداو: خەڵک دەڵێ بۆچی بۆ سێ مانگ ئەو گۆڕانکارییە کرا، یان ئەوەتا لە 2009/5/19 هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناکرێ؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاری لەسەر دەدات، ئێمە پێمان باشە هەڵبژاردن لەکاتی خۆی بکرێت. پەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش ڕایگەیاندووە. ئەوە دەمێنێتەوە سەر خۆئامادەکردنەکانی کۆمسیۆنی باڵاو ئەوان بەرپرسن لە هەڵبژاردنەکە.

**ڕووداو: ئایا ڕاستە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش وەک ڕۆژنامەی چاودێر بڵاویکردەوە لەبەر مەسەلەی فڕکەوانەکە لادرا؟**

**عیماد ئەحمەد:** نە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، گۆڕانکاری سەرتاسەری کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوبەرایەتی ئاسایش دەگوێزینەوە بۆ دەرەوەی شار، لەشوێنەکەی خۆی نایهێڵین.

**ڕووداو: جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی کۆسرەت ڕەسول ڕایگەیاند کە لەگەڵ تۆ بڕیاریانداوە لە مەودوا پرۆژە و مقاوەلەتەکان بە ئاشکرا ڕادەگەیێندرێن و دەدرێنە کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی ئیمتیازەکە بۆ کۆمپانیاکانی نزیک حیزب نەبێ، بۆچی کۆمپانیا حیزبییەکان لەوبوارەدا گەندەڵی زۆریان هەیە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ناتوانم فیشەک بەتاریکییەوە بنێم، لە مەودوا تەندەر بەشێوەیەک ئەنجام دەدەین کە دەسکاری شت نەکرێت، بەشداریی پێکردنەکان بەشێوەیەکی ئوسولی دەبێ.

**ڕووداو: پێویست نەبوو ئەو بڕیارە لەسەرۆکایەتی حکومەتەوە بدرێ؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوە تەکلیف بووە لە حکومەت بەو شێوەیە کاربکرێت.

**ڕووداو: لەو ڕاگەیاندنەدا هاتبوو هەر سەرپێچیەک بکرێ لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەت و مەکتەبی سیاسییەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ، ئەوە دەستێوەردانی حیزب نییە لەکاری حکومەت؟**

**عیماد ئەحمەد:** پەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لێپێچینەوەی لێ دەکەن، خۆ ناکرێت خەڵک کە لە شوێنێک دادەنرێت کە هەڵەی کرد لێی نەپێچییەوەو ببێتە قایدی ئەوحەد. لای ئێمەش دەبێ لێپرسینەوە هەبێت و ئیشوکارەکان هەم سزایان هەبێت هەم پاداشت.

**ڕووداو: د.بەرهەم گوتی زۆر کەس و ناوەند بەو گۆڕانکاریانە دڵتەنگ دەبن، کێ بەو گۆڕانکاریانەی تا ئێستا کراون دڵتەنگە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەو پرسیارە لەخۆی بکە.

**ڕووداو: لە دەست لەکارکێشانەوەکەی عومەر فەتاح جۆرێک لە ناڕەزایی تێدابوو، کە دەڵێی زۆر کار مابوو بیکەین و لەبەر پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی یەکێتی دەست لەکار دەکێشمەوە، ڕای تۆ چییە؟**

**عیماد ئەحمەد:** دەست لەکارکیشانەوەکەی بڵاوکردەوە، دەتوانن پرسیار لە خۆی بکەن.

**ڕووداو: ئەو چوار ئەندامەی مەکتەبی سیاسی، بە تەواوی ڕۆیشتن یان دەگەڕێنەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** لە خۆیان بپرسن.

## بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لەسەر فڕۆکەوانەکە لانەدرا

# کێشەکانی یەکێتی سلێمانییان ماندوو کردووە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

دانیشتوانی سلێمانی سکاڵا لە ململانێ و کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی دەردەبڕن و دەڵێن یەکێتی بەو ناکۆکییە نێوخۆییانەی ماندووی کردووین، خاڵێکیش کە هەموویان کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە پێیانوایە ململانێکان لەسەر دەسەڵات و پارەیە. د.بەرهەم لەیەکەمین، هەڤپەیڤینی تەلەڤزیۆنیدا دوای تەنگژەی نێوخۆیی ئەو دواییەی یەکێتی، گوتی جەماوەری یەکێتی لەو ململانێیە ماندوو بووە.

بەڕای ئیحسان ئیدریس، 38 ساڵ، بەرگدروو لەشەقامی سابونکەران، لەوەتەی مام جەلال چووەتە بەغدا و ماڵەکەی خۆی جێهێشتووە، یەکێتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ حاڵی خراپتر دەبێت. ئیحسان دەڵێ "مام جەلال بەغدای پێ ڕێکدەخرێتەوە، بەڵام ماڵەکەی خۆی بۆ ڕێکناخرێتەوە". ئەو بەرگدرووە وای وانابینێ کە سەرەنجامی کێشەکانی یەکێتی بگاتە تەقینەوەو بەیەکدا هەڵپژان، هاوکات دڵنیایە لەوەش کە "نەوشیروان مستەفا وەستای دروستکردنەوەی یەکێتییە، یەکێتی بەبێ کاک نەوشیروان جەڵتە لێیداوە".

بەڵام شەوی 2009/2/24، لەدوای ڕاگەیاندنی چەند گۆڕانکارییەک لە پۆستەکانی پشکی یەکێتی لە حکومەتدا، بەرپرسانی یەکێتی، لەچەند ڕاگەیاندنێکی جیاجیادا سوپاسی ئەندامانی یەکێتیان کرد، کە ئارامگرتوو بوونە لەسەر کێشەکانی یەکێتی.

جەواد قادر، کە کەمئەندامێکی سەنگەرە، ڕای وایە یەکێتی گەورەو بچووکی سلێمانی بە کێشە نێوخۆییەکانیەوە ماندوو کردووەو چیتر ناتوانێ چاوەڕوانی ئەو گەمەیە بکات. جەواد گوتی "ئەو بێزاربوونە دەریدەخات کە سلێمانی نایەوێ یەکێتی لەناو بچێت".

ئەگەرچی هەموو بەرپرسانی نێو یەکێتی ڕایدەگەیێنن کە کێشەو ناکۆکییەکانی نێو یەکێتی مێژوویەکی دووریان هەیەو یەکێتی دەتوانێ کێشەکانی چارەسەر بکات. هەندێ لە هاووڵاتیان ئەم کێشەیە بە شەڕی دەسەڵات و پارە پێناسە دەکەن، پێشیانوایە کە سلێمانی زیانێکی زۆری لەو کێشەیە بینیوە لە ڕووی ئاواکاری و خزمەتگوزارییەوە.

جەلال ئەحمەد، 46 ساڵ دەڵێ، ئەگەر ئەم بەرپرسانە ئاوا هەڵسوکەوت بکەن، ئەوەی بەدەستیش هاتووە لە دەست دەچێ "قەت باوەڕناکەم یەکێتی کێشەکانی خۆی پێ چارەسەر بکرێت، چونکە خۆیان نایانەوێ چارەسەری بکەن". ئەو زیاتر گوتی "ئەمە تەنیا شەڕی دەسەڵات و پارەیە". ئیحسان ئیدریسیش دەڵێ "یەکێتی ئەوەی خراپە کە بەردەوام بەسەرکێشەکانی ناوخۆیدا بازدەدات و جێیان دەهێڵێ".

بە دەست کێشانەوەی نەوشیروان مستەفا و چوونەدەوەی لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی، دیارترین نیشانەی ململانێ نێوخۆییەکان کەوتە بەرچاوان و، بەشێک لە بەرپرسانی نێو یەکێتی لەو باوەڕەدان کە بەهێزکردنەوەی یەکێتی بەبێ ئەو کاراکتەرە سیاسییە مەحاڵە. بەڵام شەوکەت ئەمینی 25 ساڵ پێیوایە "یەکێتی بەبێ کاک نەوشیروان دەتوانێ کێشەکانی چارەسەر بکات، چونکە بەرژەوەندی تاکەکەسی نێو بەرپرسەکانی یەکێتی خودی یەکێتی تووشی کێشە کردووە".

لەو کاتەی 4 ئەندامەکەی باڵی ڕیفرۆم بڕیاریان دا دەست لەکاربکێشنەوە، یەکێتی بووەتە مانشێتی هەرە زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و میدیاکان. کەمال ئەحمەد کە ڕۆژنامەفرۆشێکی سەرشۆستەیە لەسلێمانی ئاماژە بەدیاردەی دووبارە چاپکردنەوەی هەندێک لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەکات و ڕۆژنامەی (ڕووداو)یش کە مانشێتەکانی تایبەت بوون بە یەکێتی هەرسێ ژمارەی (43 و44و45)ی بۆ جاری دووەم چاپکرانەوەو هەر لەیەکەم ڕۆژی دەرچوونیاندا لەبازاڕدا نەمان.

کەمال ئەحمەد دەڵێ ئەوەی لە هەموو ژیانیدا ڕۆژنامەی نەکڕیبێت ئێستا دێتە لام بۆ کڕینی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان "نازانم خەڵک ئەو بارودۆخەی پێخۆشە یان نا، بەڵام هەر کە لاپەڕەی یەکەمی بینی و زانی هەواڵی کێشەکانی یەکێتی تێدایە، بێ سێ و دوو دەیکڕێت، بە تایبەتی ڕۆژنامەی ڕووداو و ئاوێنە چاپکردنەوەیان زۆربووەو خوێنەرێکی زۆر باشیان هەیە، چونکە زانیاری زۆر لەبارەی ئەو کێشانەو گۆڕانکارییەکانیان دەدەنە خوێنەر".

بەشێک لە هاووڵاتیان زۆر دڵخۆش دەبوون ئەگەر ئەو ململانێیەی یەکێتی لەسەر باشترکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک بووایە نەک ململانێی شەخسی. ئاسۆ کە گەنجێکی بێکارە لەو ململانێیەی یەکێتی تووڕەیە و دەڵێت "ئەگەر ڕاست دەکەن باململانێ لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ئەو شارەبکەن، هەزاران گەنجی وەک من لەبێکاریدا تا سەر ئێسقان تووڕەن، خەڵک قبوڵی نییە ململانێی نێوخۆیان ناو بنێن ململانێ لەسەر چاکسازی، لە ڕاستیدا بۆ دەسەڵاتی خۆیانە".

بەڕای تەوار ئەحمەد، 23ساڵ، کە خوێندکاری قۆناخی دووەمی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی، ئەو سەرکردانەی یەکێتی کە ئێستا دەرگای کێشەکانیان خستووەتە سەرپشت، هەستیان بەگەندەڵی کردووەو هاوکات لەپەنای ئەمەوە کار بۆ بەرژەوەندی خۆشیان دەکەن. ناوبراو پێیوایە "ئەم تەنگژەیە زیانێکی زۆر لەیەکێتی دەدات، چونکە ناسەقامگیرییەکی زۆری لەناو ئەو حیزبەدا دروستکردووە".

شاتوی تەمەن 22 ساڵیش کە خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسییە، گوتی "چەندە یەکێتی ماندووە بەدەست ئەو کێشانەوە خەڵکیش زیاتر". شاتوو لەو باوەڕەدایە کێشەکانی ناو یەکێتی بەدروستبوونی حیزبێکی تازە کۆتاییان دێ.




دیواربەندێکی شاری سلێمانی

# " لەبنکەکانی پۆلیس ئەشکەنجەدان ماوە"

**ڕووداو-هەولێر**

وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند چەندین بەڵگەیان لەلایە کە خەڵک لەگرتووخانەکانی کوردستاندا ئەشکەنجەدراون و ناوی ئەشکەنجەدەرانیشیان بۆ هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ناردوەو، ئەوانیش سزایان داون.

لە دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئاماژە بەبوونی ئەشکەنجەدان کراوە لە هەندێک بنکەی پۆلیس و ئاسایشدا "زۆرجار ئەشکەنجەدانەکە بەویستی کەسێکی ئەو بنکەیە بووە جا ئەگەر لێپرسراوی بنکەکە یا پۆلیسێک یا کارمەندێکیش بوو بێت کە دوور لەچاودێری و سەروەری یاسا ئەنجامدراوە تا کار گەیشتووەتە ئەوەی بە بەڵگەوە سزای ئەشکەنجەدانەکە لەسەر چەند کارمەندێکی ئەو شوێنانە ساخ بووەتەوە"، بەڵام گوتیشی "ئەشکەنجەدانەکە ڕوو لە کەمبوونە".

د.شوان عەزیز، وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی کوردستان، بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێستاش ئەشکەنجەدان لەبنەکانی پۆلیس دا هەیە بە تایبەتی لەکاتی دەستگیرکردنی خەڵک".

وەزیری مافی مرۆڤ، ئەم ئەشکەنجەدانە، بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ناودەبات "یەکێک لە مافە موتڵەقەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە نابێت ئەشکەنجە بدرێ".

د.شوان عەزیز، پێداگیری لەسەر ئەوەدەکات کە "ئێستاش ئەشکەنجەدان هەیە، کە بەزۆری لەبنکەکانی پۆلیسەو، لە ناهۆشیاری خەڵکیشەوەیە نەک سیاسەتی حکومەت".

بەپێی گوتەی وەزیری مافی مرۆڤ، تاوەکو ئێستا چەندین کەس لەسەر ئەوەی کە لە گرتوخانەکاندا خەڵکیان ئەشکەنجەداوە، سزا دراون "پێش سێ مانگ، بەڵگەمان هەبوو لەهەولێر و سلێمانی کە هەندێک خەڵک هەیە لە گرتووخانەکان ئەشکەنجەدراون و ناوەکانمان هەمووی دیاریکردووە، کە کێ ئەشکەنجەی داون، نووسراوی فەرمیمان کرد، گوتمان دەبێت لێپێچینەوە بکەن و لیژنەیان پێکهێناو لێپێچینەوەیان کرد".

د.شوان، ڕەخنە لەو ئەفسەرانەی پۆلیس دەگرێت، کە وەک دادوەر مامەڵە لەگەڵ گیراوەکاندا دەکەن "ئەگەر دزیش بگرن بەپێی یاسا بۆیان نییە لێی بدەن و دادگایی بکەن، دادگاییکردن کاری دادوەرە، بەڵام گۆڕانکاریش کراوە،پێشووتر ئەشکەنجەدان لەئاسایشدا هەبووە ئێستا نەماوە، لەگرتووخانەکاندا هەبووە ئێستا کەمبووەتەوە".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، ڕەتیکردەوە لەبنکەکانی پۆلیسدا ئەشکەنجەدان هەبێت "وەزارەتی ناوخۆ ڕاشکاوانە دەڵێت هەرکەسێک سەرپێچی لەمافی مرۆڤ بکات لەناو بنکەی پۆلیس سزادەدرێت و چەندین کەسیشمان سزاداوە، ڕەنگە کەسێک کە تاوانبارە و خەڵکی کوشتووە لە بنکەیەکی پۆلیس پاڵی پێوەنرابێ، یان قسەی پێگوترابێ، بەڵام ئەشکەنجە نەدراوە".

# بودجەی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە

## مالیکی لەچەند دامەزراوەیەکی حکومییەوە پارە دەداتە ئەنجوومەنەکانی ئیسناد

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-بەغدا**

نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕێگەی چەند دامەزراوەیەکی حکومییەوە بودجەی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد دەدات و بودجەی پێشمەرگەش کە لەپرۆژە یاسای بودجەی عێراقدا، ناوی نەهاتووە دەگەڕێندرێتەوە.

هەرچەندە لەدەستووردا ناوی پێشمەرگە وەک "پاسەوانی هەرێم-پێشمەرگە" هاتووەو،دانی پێدانراوە و لە بودجەی بەرگریی ساڵی 2007 و2008دا بودجەی بۆ دیاریکرابوو،بەڵام پارەکە نەدرا. لە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵیشدا، هیچ بودجەیەکی بۆدانەنراوە.

سامی ئەتروشی ئەندامی لیژنەی دارایی، لە پەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو لابردنە لە نەزانینەوە بووە، وەزارەتی دارایی گوتوویەتی ئاگامان لێی نەبووە کە لامان بردووەو لە کەمتەرخەمییەوە بووە، پێشنیازی زیادکردنی ئەو برگەیەمان کردووەو پێموایە لەپەرلەمانیشدا دەنگی بۆ دەهێنین".

سامی ئەتروشی، ئاشکراشیکرد کە ئەنجوومەنەکانی ئیسناد و سەحوە، ئێستا لەبودجەدا ناویان نییە و هیچ پارەیەکیشیان بۆ تەرخان نەکراوە بەفەرمی، بابەتەکە ئەوەیە پارەکە بۆ شوێنی دیکە دانراوەو ڕوون نییە. ئەتروشی گوتیشی "سەرۆک وەزیران ڕاستەوخۆ لەبودجەدا هیچ پارەیەکی بۆ ئەنجوومەنی سەحوەو ئیسناد دیاری نەکردووە، بەڵام بودجەیەکی زۆری بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەمنی نەتەوەیی و، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و نووسینگەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان (مکتب القائد العام للقوات المسلحه) داناوە".

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا پرسیاری بودجەی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد و سەحوە لە وەزیری دارایی کردووە، ئەویش دەڵێت منیش نازانم "ئەوەش گرفتێکی گەورەیە لە بودجەدا".

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق،ساڵی ڕابردوو بڕیارێکی بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی نارد کە ئەنجوومەنەکانی ئیسناد یاسایی نین، بەڵام گوێی بەبڕیارەکە نەداو درێژەی بە دروستکردن و پارەدان بەو ئەنجوومەنانە دا، کە بەیەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی مالیکی دادەنرێ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا. هەروەها ئەمساڵیش لەپەرلەمان چەند ئەندام پەرلەمانێک داوایانکرد، چیتر پارە نەدرێتە ئەو ئەنجوومەنانە.

بەپێی گوتەی ئەو ئەندام پەرلەمانەی عێراق، 65 ملیۆن دۆلار لە بودجە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی تەرخانکراوە، ئێستا دیار نییە ئەو 65 ملیۆن دۆلارە بە چی دەدرێت، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو پارەی بۆ تەرخان نەکراوە. نووسینگەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، کە تەنیا 65 فەرمانبەری هەیە 35 ملیار دیناری بۆ مووچەو شتومەکی بەردەست بۆ تەرخانکراوە، بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە کە چەک لەخەڵک وەربگرنەوە لەبەسرە،شاری سەدر و ناوچەکانی دیکە. ساڵی ڕابردوو حەوت ملیار دینار بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تەرخان کرا، ئەمساڵ 152 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە.



## ڕیپۆرتاژ

53کەس لەسەر بریندارکردنی ئەفسەرێک دەستگیردەکرێن



ڕووداو- جەلەولا

◆ پۆلیسی فریاکەوتنی جەلەولا، بەتۆمەتی بریندارکردنی ئەفسەرێکی پۆلیس لەو ناحیەیە، 53 کەسی دەستگیرکرد کە زیاتر لە 10کەسیان کادیری یەکێتین و یەکێکیان کارگێڕی کۆمیتەیە. گیراوەکان بەتۆمەتی بریندارکردنی رائید( محەممەد تەی) بەرپرسی هەواڵگری فەوجی فریاکەوتن دەستگیرکراون کە لەناو بازاڕی جەلەولا تەقەی لێکراوە. حەسەن جیهاد بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ(ڕووداو) ڕەتیکردەوە ئەندام و کادیرانی ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بە بریندارکردنی ئەو ئەفسەرەوە هەبێت .

### گوێی چاکبووەوە و MGK ڕێی پێدا

# عەبدوڵڵا گیول سەردانی عێراق دەکات و چاوی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەکەوێ

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەکۆی دەنگ ڕازیبوو کە عەبدوڵڵا گیول سەرۆک کۆماری تورکیا لەم مانگەدا سەردانی عێراق بکات، نێوەندە ئاگادارەکانی تورکیا پێشبینی دەکەن گیول لەچوارچێوەی ئەو گەشتەدا، سەردانی هەولێریش بکات. پرۆفیسۆرێکی زانکۆی ئەنقەرەو ڕاوێژکارێکی پێشووی سەرۆک وەزیران، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە گیول لەو دیدارەدا، بەڵێنی پاراستنی کورد لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەدات .

ئەو گەشتەی سەرۆک کۆماری تورکیا، کە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو پاش زنجیرەیەک سەردانی بەرپرسانی باڵای عێراق بۆ ئەنقەرە بڕیاری لەسەردرا، بەهۆی ئازاری گوێچکەی عەبدوڵڵا گیولەوە دواخرا کە بڕیاربوو سەرەتای ئەمساڵ سەردانی عێراق بکات. ڕۆژنامەی RADIKALی تورکی بڵاویکردەوە، ڕۆژی 2009/2/26، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا MGK لەکۆبوونەوەی خۆیدا لەکۆشکی چانکایا، بابەتی ئەو سەردانەی سەرۆک کۆماری خستەبەرباس و بەکۆی دەنگی ئەندامانی کە جگە لەسەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران، هەریەک لە سەرۆکی ئەرکان، فەرماندەی هێزە زەمینییەکان، فەرماندەکانی هێزی ئاسمانی و دەریایی، هەردوو وەزیری ناوخۆو دەرەوەش لەخۆدەگرێ، پەسەند کرا.

لەو کۆبوونەوەیەی MGK دا جگە لەباسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، کە بڕیارە لە ڕێی تورکیاوە بکرێ، ئەردۆغان لەو کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەرکان، باسی لەو ڕێوشوێنە ئەمنییانەش کرد کە پێویستە لەکاتی جەژنی نەورۆز و ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا لە 29ی ئەم مانگە بگیرێنەبەر.

هەر بەپێی ئەو ڕۆژنامە تورکییە، لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا ڕەزامەندی لەسەر سەردانەکەی گیول درا و، بەشدارانی کۆبوونەوەکە ئەو سەردانەیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تورکیا لەگەڵ عێراق بەپێویست زانی، هەروەها جەختیش لەوە کرایەوە کە ئەو سەردانە بۆ پێکەوە بەرەنگاربوونەوەی PKK گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

محەممەد مەتینەر، ڕۆژنامەنووس و ڕاوێژکاری پێشووی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەردۆغان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوە کە سەرۆک کۆمار چاوەڕێی ڕەزامەندیی MGK بووبێت وگوتی "دواکەوتنی سەردانی سەرۆک کۆمار بەهۆی ئازاری گوێیەکانی بوو". سەردانەکە لەکاتێکدایە کە وادەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لەتورکیا نزیک بووەتەوە کە ڕۆژی 2009/3/29 یە و، چاوەڕوانیش دەکرێ لەشارەکانی باکووری کوردستاندا کێبڕکێیەکی توند لەنێوان AKPی دەسەڵاتدارو DTP بێتەئاراوە، لەم ڕوانگەیەوە هەندێ چاودێر پێیانوایە ئەنجامدانی گەشتەکەی گیول لەو کاتەدا وەکو هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کورد لێکدەدرێتەوە.

بەڵام د.دۆغو ئەرگول پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئەنقەرە، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند کە بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمار گەشتێکی فەرمی ئەنجامبدات، پێویستە هەلومەرجەکان لەباربن، گوتیشی "ئەگەر لەمەوبەر ئەمە نەکراوە، ئەوەش پەیوەست بوو بە پێنەگەیشتنی هەلومەرجەکان". هەروەها محەممەد مەتینەر، جەختی لەوە کردەوە کە ئەو سەردانەی سەرۆک کۆمار هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی ناوخۆی تورکیاوە نییەو تەنیا پەیوەندی بەکارو بەرنامەی سەرۆک کۆمارەوە هەیە.

سەردانەکەی سەرۆک کۆمار پاش ئەوە دێت کە باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان "پلانی کێشانەوە"ی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق ئاشکراکرد. کشانەوەی ئەو هێزانە، جگە لەمەترسی پەیداکردن لای کورد، سیاسەتمەدارانی تورکیاشی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە کە لەوانەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران بتوانێ ئەو بۆشاییە لەعێراقدا پڕبکاتەوە.

ئەو پرۆفیسۆرەی زانکۆی ئەنقەرە، لەوبارەوە گوتی "گیول هەوڵدەدات لەو سەردانەدا ئەوە بە عێراقییەکان بڵێت کە تورکیا ئەرکی دراوسێیەتی بەرامبەر عێراق لەئەستۆ دەگرێ و دەرفەت نادات عێراق ببێتە کارتێک بەدەست هیچ وڵاتێکەوە، چونکە تێکچوونی هاوسەنگییەکانی ناو عێراق کاریگەریی لەسەر هەموو ناوچەکە دەبێت".

ڕاوێژکاری پێشووی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ سەردانی هەولێر لەئەجێندای ئەو گەشتەی عەبدوڵڵا گیولدا هەیە یان نا، ڕایگەیاند کە هێشتا لەو ڕووەوە هیچ شتێک ڕانەگەیێنراوە، بەڵام گوتیشی "لەبەر گرنگیی پێگەی کورد بۆ تورکیا، پێویستە سەرۆک کۆمار سەردانی هەولێر بکات، پێمولیە سەرۆک کۆمار سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی کۆدەبێتەوە". سەبارەت بە تەوەرەکانی گفتوگۆیەکانیشی لە هەولێر، مەتینەر گوتی "پێموانییە لەهەولێر گفتوگۆ بکات، بەڵکو یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەسەر مەسەلەی کەرکووک و گەشەپێدانی پەیوەندی ئابووری واژۆ دەکات". گوتیشی "سەرۆک کۆمار بەڕێوەبەرایەتی کورد دڵنیا دەکاتەوە، کە پێویستە لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نیگەران نەبن، چونکە هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر کورد هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا".

لوبێد عەبباوی بریکاری وەزارەتی دەرەوەی عێراق لای خۆیەوە بۆ (ڕووداو) دووپاتیکردەوە کە عەبدوڵڵا گیول لەو سەردانەدا چاوی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەوێت " بەڵام هێشتا دیارنییە دیدارەکە لەهەولێر یان لەبەغدا ئەنجام دەدرێت".

پرۆفیسۆر ئەرگولیش، پێیوایە عەبدوڵڵا گیول زیاتر لەسەر دوو بابەت لەگەڵ کورد گفتوگۆ دەکات : مەسەلەی ئاسایش و مەسەلەی ئابووری، مەسەلەی ئاسایش پەیوەستە بە چەکدارانی PKKو، تەوەرەی دووەمیش پەیوەستە بەکورد. "سەرۆک کۆمار کورد دڵنیا دەکاتەوە، کە لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق و لەحاڵەتی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆدا، تورکیا کورد لەهەر دەستدرێژییەک دەپارێزێ". گوتیشی "ئەوە داواکاریی حکوومەتی ئەمریکاشە لە تورکیاو، ئەمریکا ئەو داوایەی لە تورکیا کردووە". هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە وەک ئەو گوتی "سەرۆک کۆمار هەوڵدەدات پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ هەولێر گەشەپێبدات، بەمەرجێک نەک هەر لایەنی بازرگانی، بەڵکو لایەنی پیشەسازی وەبەرهێنانی نەوتیش بگرێتەوە، هەوڵدەدات باکووری عێراق ببێتە دەروازەی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و عێراق".



### لە دوای کشانەوە هێزەکانیان

# ئەمەریکاییەکان پێشبینی شەڕی ناوخۆ دەکەن لە عێراق

**دەربارەی وتارەکەی باراک ئۆباما،سەرۆکی ئەمریکا کە ڕۆژی 2009/2/27 لە کامپێکی سەربازی دەربارەی عێراق پێشکێشی کردو تێیدا ڕایگەیاند تا ئابی ساڵی داهاتوو 90هەزار سەرباز دەکێشێتەوەو دووپاتیشی کردەوە کە هێزەکانی ئەمریکا تا کۆتایی 2011 بەتەواوی لە عێراق دەکشێنەوە، ڕۆژنامەی واشنتن پۆست پرسیاری لە چەند پسپۆڕێکی سیاسەتی دەرەوە کرد لەوانە ( ڕاندی شۆنیمان، زبیگنیو برزێزنکی، قوباد تاڵەبانی، ئەندرو باساڤیچ، داگلاس فێت، جێسیکا ماتیوس، دانێڵا پلیتکا).**

**ڕووداو- واشنتن**



زبیگنیو برزێزنکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سەرۆک جیمی کارتەر:

### لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا شەڕ ڕوودەدات

کەس بەتەواوی نازانێت لە دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق چی ڕوودەدات، چونکە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ڕێگربووە لە دروستبوونی هەر ئاڵۆزییەکی ناوخۆیی لەسەر کێشە هەڵپەسێراوەکان، بۆنموونە چارەنووسی شاری کەرکووک . ئەوە کارێکی چاوەڕوان کراوە کە شەڕ و توندوتیژی سیاسی ڕوودەدات لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەوکاتەی عێراقییەکان بەدوای چارەسەرە سیاسییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن.



قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن:

### کشانەوەی ئەمریکا پێش چارەسەرکردنی کێشەکان بارودۆخی عێراق ئاڵۆز دەکات

بێگومان باری ئاسایشی عێراق باشتر بووە، بەڵام لەڕووی چارەسەری سیاسییەوە ئەو وڵاتە نەیتوانیووە ئەوەندە پێشبکەوێت.

ئەو پرسیارانەی دەربارەی بنەما سیاسییەکان کە هەتا ئێستا ماون بریتین لە:

–تیگەیشتنی جیاواز دەربارەی دەستووری وڵاتەکە هەروەها دەربارەی ناسنامەکەی.

– ڕازیبوون بەو کاروبارەی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ ئەنجامدەدرێت.

– بڕیاری کۆتایی ئیدارەکە لەسەر ناسنامەی هەندێ لە شارەکان وەکو کەرکووک، بەوپێیەی لە دەستووردا هاتووە.

– ڕێککەوتن لەسەر یاسای نەوت و دابەشکردنی داهاتەکەی، ئەمەش بۆ ئەوەی هەموو کەمینەکانی عێراق بەشێوەیەکی یەکسان داهاتی سامانە سروشتیەکانیان بەر بکەوێت.

ئەمریکا ناتوانێت عێراقێکی سەقامگیر و ئارام لەدوای خۆی بەجێبێڵێت ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، چارەسەریش پێویستی بە گفتوگۆی زیاتری ئەمریکا هەیە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کەمینەکانی دیکەی عێراق.

عێراق زۆر گرنگە بۆ ناوچەکە و جیهانیش. چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانە لەکاتێکدا ئەمریکا لە ئامادەباشیدایە بۆ کشانەوە، هەنگاوێکە بۆ دواوە و لەدەستدانی ئەو سەقامگیرییەیە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بەدەست هاتووە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە دەستووری عێراق و بەدوای چارەسەرێکی سیاسیدا دەگەڕێین بۆ ئەو کێشانە.



ئەندرو جەی بیساڤیچ پرۆفیسۆر لەبواری پێوەندی نێودەوڵەتی و مێژوو لە زانکۆی بۆستن لە ئەمەریکا:

### ئۆباما شانۆی کەنداوی فارس دەکاتە شانۆگەری دووەم

بەڵێنی کۆتایی هێنان بە شەڕی عێراق بەردی بناخەی گەیشتنی باراک ئۆباما بوو بۆ کۆشکی سپی، کەچی ڕاگەیاندنی "پلانی کشانەوە" کۆتایی بەهیچ شتێک ناهێنێت و تەنیا بەردەوامی بە ئۆپەراسیۆنەکانی پنتاگۆن دەدات، لە هەمانکاتیشدا "شەڕە درێژخایەنەکە" کە بەهۆی 11ی سێپتێمبەری 2001 دەستی پێکرد، ئێستا پێی ناوەتە ساڵی هەشتەمەوە و کۆتاییەکەشی دیار نییە و هەر بەردەوامە.

بۆ سەرۆک بوش، عێراق ئامانجی سەرەکی بوو، ئەو چاوەڕێی سەرکەوتنی دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ستراتیژیەتێکی دەوڵەمەند، بەڵام ئەو نە سەرکەوتنی بەدەست هێنا و نە هیچی دیکەی دەستکەوت، لەهەمانکاتدا ئەفغانستان و پاکستان و بەرەکانی دیکەی ئەم شەڕە درێژخایەنە، پشتگوێ خران. پلانەکەی ئۆباما بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازەکانی ئەمەریکا لە 50 هەزارەوە بۆ 35 هەزار، شانۆی کەنداوی فارس دەکاتە شانۆگەری دووەم، بەمەش سەرۆک ئۆباما سەرنجی پنتاگۆن بەرەو نێوەڕاستی کیشوەری ئاسیا ڕادەکێشێتەوە ئەو بەرەیەی کە لەساڵی 2001 شەڕەکەی تێدا دروستبوو، بەڵام لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەمەریکا دووچاری جموجۆڵێکی سەربازی بێ سنوور دەکات.

لەگەڵ جموجۆڵە سەربازییەکان، بیرۆکەی ڕاستەقینەی ئەو گۆڕانکارییانە لەنێویدا ون بووە. تەنیا لە عێراق، ئەمریکا زیاتر لە ترلیۆنێک دۆلاری خەرج کردووە. لەگەڵ سەرکەوتنی ستراتیژیەتی "زیادکردنی ژمارەی سەربازەکان"، ئێمە هیچی دیکەمان بەدەست نەهێناوە، ئەگەر بشڵێیت کە لە ئەفغانستان و پاکستان دەرئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست دێنین، ئەوە بە بێ گومان قسەیەکی خەیاڵییە.

بوش هیوادار بوو کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگۆڕێت، بەڵام ئامانجەکانی ئۆباما ئاماژە بە هیوایەکی جیاواز دەکات، بۆ پارێزگاریکردن لەشێوەی ژیانی ئەمریکایی، وا پێدەچێت کە ئەو دەیەوێت بیگۆڕێت، کە ئەو پرۆژەیەکە کە دەرئەنجامێکی فراوانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری لێدەکەوێتەوە.

شەڕی درێژخایەن پێچەوانەی ئەم پرۆژەیەیە، درێژە بە شەڕ بدە، یاخود ریفۆرمکردنی وڵاتەکە، ئێمە ڕەنگە بتوانین یەک لەو کارانە ئەنجام بدەین، بەڵام ناتوانین لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو بین. لەبەرئەوەی پێویستە ئۆباما هەڵبژێرێت، ئەگەریش نەیویست هەڵبژاردن لەنێو ئەو دوو ڕێگەیەدا بکات و هەوڵیدا و شەڕە درێژخایەنەکە نەرمونیان بکات و گرانایی سوپای ئەمریکا لە عێراقەوە بۆ ئەفغانستان بگوازێتەوە، ئەوە تەنیا خۆ گیڵ کردنە بۆ ئەوەی ماوەیەک بەدەست بێنیت و خۆی لە دەست بڕیاردان قوتار بکات و، ڕەنگە ریفۆرمەکەی هەر لەسەرەتاوە بمرێت.



دۆگلاس جەی فەیت لە پەیمانگای هادسن، جێگری وەزیری بەرگری لە ساڵانی 2001–2005:

### کارێکی چاوەڕواننەکراونابێت ئەگەر ئۆباما نەخشەی کشانەوەکەی بگۆڕێت

پلانەکەی ئۆباما بۆ کشانەوە بەوشێوەیە نەخشەکێشراوە کە پارێزگاری لەو دەستکەوتانە بکات لە عێراق وەدەستهاتوون، بەشێوەیەکی زیرەکانەش، ئۆباما دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە سەرکەوتن بۆ ئەمریکا بەدەست بێنێت نەک کۆتایی هێنان بە دۆڕاندنی ئەمریکا.

لێدوانەکەی ئەمجارەی جیاواز بوو، لەبەرئەوەی ئەمجارە هیچ لێدوانێکی دژی شەڕی عێراق نەبوو، کە لەچەند ساڵەی ڕابردوودا پێی ناسرابوو، هیچ باسی شەڕی عێراقی وەکو کارەسات یا ساختەکاری و هەڵە نەکرد، بەڵام هێشتا، ئەو پێیوایە نەدەبوایە شەڕ بکرایە، بەڵام ئۆباما ئاماژەی بەو خاڵە نەکرد، لەجیاتی ئەوە باسی لەشتە پۆزەتیڤەکان کرد.

ئۆباما لەگەڵ ئاشکراکردنی نەخشەی کشانەوەو پلانی 16 مانگی داهاتووی، ئەوەی سەلماند کە سیاسەتمەداران لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەڵێنی زۆر دەدەن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئەوان پێویستیان بە خۆ گونجاندن هەیە و کارێکی چاوەڕواننەکراویش نابێت ئەگەر نەخشەی کشانەوەکەی لە 18 مانگە درێژکردەوە. هەروەها لە یەکەم قۆناخی پلانەکەشیدا، بەنیازە ژمارەی سەربازەکان لە 35 هەزارەوە بکاتە 50 هەزار لە دوای ساڵی 2010، دووەم قوناخیش بریتی دەبێت لەوەی کە سوپای ئەمەریکا لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەکەشیان، بەردەوام بێ لە چالاکییەکانی دژی تیرۆر.

ئەم لێدوانەی لەمەڕ عێراق، بە ئاگایانە بوو، ئەو لێدوانە نە ئاماژەی بە سەرکەوتن لە عێراق کرد و نە بەڵێنی بۆ عێراق پێ بوو، بەڵام وەڵامی ئەو ڕەخنەگرانەی دایەوە کە پێیانوایە شەڕی عێراق بەتەواوی کارێکی سەرنەکەوتوو بووە.



جێزیکا ماتیوس، بەرپرسی سەنتەری کارنیگی ئیندۆمێنت بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی:

### تاقیکردنەوەکەی بەردەم ئۆباما ئەو کاتەیە کە لەدوای کشانەوەی لەعێراق شەڕی ناوخۆ ڕووبدات

ئامادەیی باراک ئۆباما بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە سیاسیەکان، بووەتە پیشەیەکی ڕۆژانەی، کۆتایی هێنان بە شەڕ، کە بەشێوەیەکی گشتی کارێکی ڕاستە، نموونەیەکی دیکەیە. دوای شەش ساڵ شەڕ هیچ جیاوازییەکی نابێت ئەگەر سوپای ئەمریکا لە 16 مانگی دیکە بکشێنەوە یاخود 18 مانگی دیکە، تاقیکردنەوەکەی بەردەم ئۆباما و وڵاتەکەی ئەو کاتە دێت کە ئایا چی دەکەن ئەگەر لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق شەڕی ناوخۆ دروست بێت.

بوونی ئەمریکا، ڕێگەی نەدا ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی ڕووبدات کە هەمیشە لەدوای ڕووخانی هەموو حکوومەتێک دێت . ئەمریکا عێراقییەکانی ناچار کرد ڕووبکەنە شێوەکانی دیکەی بێ شەڕ، بەڵام ئەو ناکۆکییانە هێشتا کۆتایی نەهاتوون، پێدەچێت هەندێ لە گرووپە تووڕەکان چاوەڕێی کشانەوەی ئەمریکا بکەن، پاشان دەست بە کارەکانیان بکەن.

ڕێککەوتنی سەقامگیری کاتێک دێتە ئاراوە کە هەموو پارتەکان خاڵی بەهێز و لاوازی یەکتریان تاقیکردووەتەوە و حەزی شەڕیان تێدا نەماوە، مێژووش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت ئەمەش چەندین ساڵی پێدەچێت، بەتایبەتی لەو کاتەی کە هەموو لایەنەکان چەکدارن.

لەبەرئەوە ڕەنگە ئەمریکا لەساڵی 2011دا لەگەڵ کشانەوەی دووچاری ناسەقامگیری ببێت. سەرۆک ئۆباما دەزانێت کە ڕەنگە ئەو ناسەقامگیرییە ڕووبدات ئەگەر سەربازەکانمان بۆ ماوەی 5 ساڵی دیکەش لەوێ بمێننەوە. هیچ شتێکیش جێگەی ئەوە ناگرێتەوە عێراقییەکان بۆ خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

## سوریا 22 کورد دەسگیر دەکات




ڕووداو - دیمەشق

◆ دوای ئەوەی کوردانی سوریا لەسەر داوای 8 پارتی کوردی، بۆ ماوەی 5 خولەک لە دیمەشق و شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان مانیان گرت، حکومەتی سوریا 22 کەسی لێ دەسگیرکردن. ئەو 8 پارتە لە بەیاننامەیەکدا داوایان لە هاووڵاتیانی کورد کردبوو کە لە بەرامبەر مەرسومی یاسای 49، ڕۆژی 2008/2/28 مان بگرن. مەرسوومی 49 کە لە 2008/10/9 دەرچووە، ڕێگە لە کڕین و فرۆشتن و تاپۆکردنی زەوی و خانوو لەسەر هاووڵاتیانی کورد دەگرێت. ئەبو سابیر، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی یەکێتی کورد بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند " 22 هاووڵاتی لەسەر ئەو مانگرتە دەستگیرکران، بەڵام دوای ڕۆژێک ئازاد کران".

# ئەحمەد تورک بۆ (ڕووداو): پێویستە تەحەمولی ئەو شتانەش بکەین

**ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTP، دەیەوێ تابوو و قەدەخەکان بشکێنێ، ئەوەش ئەو هەفتەیە لە قسەکردنی بەکوردی لە نێو پەرلەمانی تورکیادا ئاشکراتربوو. بەڵام بۆچی؟ تورک لە وەڵامدا دەڵێ" پێویستە کەس توڕە نەبێت، کێشەکان گەورەن و مێشکی ئەوانیش تەسکە، ئێمە لەبەرامبەر ئەوەدا تێدەکۆشین".**

**سیدار بەنگین ئەپۆزدەمیر**
**تایبەت بە ڕووداو**



ئەو هەڤپەیڤینە لەگەڵ ئەحمەد تورک دا، پێش ئەو ڕۆژە ئەنجامدراوە کە بە لای زۆر کوردەوە ئیدی بووە "ڕۆژێکی مێژوویی". لەو ڕۆژە مێژووییەدا، واتە لە 2009/2/24 ئەحمەد تورک دەستپێشخەری گرتە دەست و وەکو سەرۆکی گەورەترین پارتی کوردی DTP لە پەرلەمان، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی زکماکی، کە لەساڵی 1999وە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە ڕاگەیێندراوە، بە کوردی لە پەرلەمانی تورکیادا ئاخڤی . ئەحمەد تورک لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لەپەرلەمانی تورکیا بە کوردی بەرگری لەو هەڵوێستەی کرد و گوتی" بۆچی سەرۆک وەزیر بۆی هەیە وەکو سەرۆک وەزیر چەند قسەیەک بە کوردی بکا، بەڵام من نەتوانم بە کوردی بانگهێشتی میوانەکانم بکەم".

تابوو شکاندن، بۆ ئەحمەد تورک و هاوڕێیەکانی لەنێو DTP کارێکی خراپ نییە. مانگی ڕابردوو کاتێک لە کۆبوونەوەی فراوانی DTP ناوی کاندیدەکانی پارتەکەی بۆ هەڵبژاردنە هەرێمیەکان ڕاگەیاند، ئەو بۆ یەکەمجار وەک سەرۆکی پارتێکی سیاسی بەشدار لە پەرلەمانی تورکیا، دەستەواژەی " کوردستان"ی بەکارهێنا کە تا ئێستا قەدەخکراو و تابوویەکی گەورەیە لە تورکیا. ئەحمەد تورک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئێمە بەردەوام دەڵێین کوردستان، ناوی هەرێمی کوردستان دەهێنین، ئەوە کارێکی ئاساییە"، ئینجا هەر خۆی پرسیار دەکات :" بۆچی لەیەکەمین خولی پەرلەمانی تورکیادا لە ساڵی 1920 پەرلەمانتاران بۆیان هەبوو بڵێن" ئێمە خەڵکی کوردستانین" و ئێستا بۆچی قەدەخەیەو بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە (جوداخوازییە)؟".

میدیای تورکیا هەمیشە وەک ئاگر و بزۆتی لێدێت بەرامبەر کردەوەی بەوشێوەیە، بەڵام لەوانەیە ئەو ڕۆژەی ئەحمەد تورک دەستەواژەی ( کوردستان)ی بەکارهێنا،ڕووداوی گرنگتر لە ڕۆژەڤدا بووبن، لەبەر ئەوە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنی تورک باسی نەکرد، بەڵام بەکوردی ئاخافتنی لە پەرلەمانی تورکیا، ڕووبەڕووی هێرشی توند بووەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەحمەد تورک گەشبینە." هەندێک شت هەن ئیدی دەبێ گفتوگۆیان لەسەر بکرێ. بۆ نموونە کوردستان هەرێمێکە، جوگرافیایەکە، خەفەکردن و شاردنەوەی ئەو ناوە کێشەکە چارەسەر ناکات. سەبارەت بەناهەڤییەکانی دیکەش دەڵێین ئەوە دەرەنجامی هەبوونی مێشکێکی تەسکە، کە لە نکۆڵیکردنەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێمە لەبەرامبەر ئەمەدا تێدەکۆشین".

ئەحمەد تورک چارەسەرکردنی کێشەی کورد و زۆر کێشەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هێنانەکایەی " برایەتی گەلان" دەبەستێتەوە، هەروەکو پارتەکەیشی ئەوە دێنێتە زمان " ئێمە ناخوازین تەنیا هەندێک گەل خاوەن ژیانێکی بە شەرەف بن، بەڵکو دەمانەوێ هەموو گەل بەو شێوەیە بژین. بۆیەش دەمانەوێ ئەو کێشەیە بەبرایەتی کورد و تورک کۆتایی پێ بێنین". بەڵام ئایا برایەتی چ واتایەکی هەیە ئەگەر 47%ی "برایانی تورک" لەهەڵبژاردنی ڕابردوودا دەنگیان دابێتە پارتێک کە بەگوێرەی تێڕوانینی DTPبرایەتی خوازنییە و لەوەش زیاتر" دەسەڵاتداری شەڕە"؟ تورک لە وەڵامدا دەڵێ" خۆی کێشەکە دەوڵەتە. پێویستە بیرکردنەوەی دەوڵەت بگۆڕی بۆ ئەوەی بتوانی کار لە کۆمەڵگە بکەی. ئەمڕۆ دەوڵەت خاوەن بۆچوونێکی شوڤێنی و نەژادپەرستانەیە، کۆمەڵگەش لەژێر کاریگەری ئەودایە، زۆر جار دەبینی گەل لە دەوڵەت نەتەوەپەرستترە".ئەحمەد تورک بە خەفەت و دڵماینەوە ئەو قسانە دەکات.

ئەحمەد تورک دەڵێ " بێگومان ئێمەش دەزانین دەوڵەتی تورکیا چەند زوڵمی لە گەلی کورد کردووە، ئەگەر ئێمە بتوانین تێڕوانینی دەوڵەت بگۆڕین لەو باوەڕەدام کە گەلانیش بۆ یەکتر داوای ماف و ئازادییەکان دەکەن". سەرەڕای ئەوەی دیاردەی شوڤێنیزم، جوداخوازی، نەژادپەرستی و بەگشتی نارەوایی لە تورکیا زۆر بەرچاویشن، بەڵام ئەو لەگەڵ پارتەکەی واز لەو تێڕوانینە ناهێنێ. تورک درێژە بەقسەکانی دەداو داوا دەکات کە گەلی کورد بەتەواوی پارتەکانی هەرچوار پارچەی کوردستانەوە، لەیەکتر کۆببنەوەو گفتوگۆ لەسەر بیروبۆچوونەکانیان بکەن" بۆ هێنانەکایەی ئاشتی زۆر گرنگە ئێمە خاوەن هەڵوێستێکی هاوبەش بین".

دەربارەی کۆنفرانسی پارتە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان، کە ماوەیەکە لە ڕاگەیاندن دا باسیدەکرێ، ئەحمەد تورک دەڵێ ئەگەر کورد یەکگرتووبن و بەهێزبن، پێشکەوتنی خێرا بەدی دێن و زۆر گۆڕانکاری دێنە ئاراوە" ئەوکات دەوڵەتەکان ناچار دەبن هەندێکهەنگاوبنێن،ئەگەرئێمە توانیمانبێینە لای یەکتر وبەیەکەوە بگەینە چەند ئەنجامێک لەسەر دروستکردنی هەڵوێستی هاوبەش، ئەوکات دەتوانین باشتر بۆ کێشەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان تێبکۆشین". ئەو دەڵێ باشووری کوردستانیش زۆر گرفتی هەن و، کورد بەگشتی لایەنگری ئاشتین . ڕەنگە ئەو کۆنفرانسەی پارتەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە هەولێر سازبکرێت،دەگوترێ مەسعود بارزانی،سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی کۆمسیۆنی ئامادەکاری ئەو کۆنفرانسە دەکات و لەگەڵ ئەحمەد تورک بۆ سازکردنی ئەو کۆنفرانسە دەکەوێتە کار.

لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەدا،DTP هێشتا لەژێر مەترسی داخستن دایە لەلایەن دادگای باڵای دەستووری تورکیا. ئایا DTP ساڵی 2010 دەبینێ؟ سەرۆکی DTP دەڵێ، ئەو و هاوڕێکانی بەعینادییەوە درێژە بەکارەکانیان دەدەن" لەژێر چەتری ئەو پارتەشدا نەبێ، بەناوی پارتێکی دیکە. ئێمە ناتوانین دەست لە چارەسەرکردنی کێشەکەمان بەربدەین. گەلی ڕاناوەستێ، بەتایبەت لە سیاسەت دا".



### ئەحمەد تورک کێیە؟

**ئەحمەد تورک، تەمەن 67 ساڵ، سیاسەتڤان و پەرلەمانتارێکی کوردە لە ناوچەی دێرکی سەر بەشاری ماردین لەباکووری کوردستان لە دایکبووە. لەکاتی سەرژمێری و شۆرەتدانان لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە شۆرەتی بنەماڵەکەیان کراوەتە (تورک). سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP ە کە 21 ئەندامی لە پەرلەمانی تورکیا هەیە، هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو پارتەیە لە پەرلەمانی تورکیا. ژنی هێناوە و باوکی 8 منداڵە. حەزی لە سروشتی کوردستان، پەرتووک خوێندنەوە و شەترەنجە.**

# حکومەتی ئەمریکا لەسەر پێشێلکردنی مافی نووسەرانی کورد لەئێران دێتە دەنگ



ڕووداو-VOA

ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا، لە چوارچێوەی ئەو وتارانەیدا کە دەربڕی ڕای حکومەتی ئەمریکان، ڕۆژی 2009/2/26 وتارێکی لەژێر نێوی (هەڕاسانکردنی کەمایەتی کورد لە ئێران) بڵاوکردەوە .لەووتارەدا حکومەتی ئەمریکا ڕەخنە لە حکومەتی ئێران دەگرێ بەهۆی چەوساندنەوەی کورد و پێشێلکردنی مافی نووسەرانی کورد لە ئێران.

حکومەتی ئەمریکا دەڵێ "چاودێرانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێن دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوامن لە گرتن و هەراسانکردنی پیاوان و ژنانی کورد لە ئێران".باسی نامەیەک دەکات کە 100 نووسەری کوردی کرماشان و ئیلام تێیدا داوای ئازادکردنی مەهدی حامدی و عەباس جەلیلیان کردووە لە حکومەتی ئێران. لەو وتارەی حکومەتی ئەمریکادا هاتووە "مەهدی حامیدی ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی ئێرانییە و هەروەها خەباتکارێکی مافە فەرهەنگییەکانی کوردە، چەند هەفتەیەکە بەبێ گوناهبارکردن لە لایەن دەزگا ئاسایشییەکانی ئێرانەوە گیراوە. داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ دەڵێن عەباس جەلیلیان کە نووسەر و پسپۆڕێکی زمانەوانی ناسراوە، لە گرتووخانە لەلایەن دەسەڵاتدارنی ئێرانییەوە هێڵراوەتەوە، نە کەس دەتوانێت پەیوەندی پێوە بکات و نە دەشتوانێت پەیوەندی بە کەسەوە بکات".

ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەر ناشناڵ، لە راپۆرتی ئەم دواییەیدا لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە ئێران نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەسەر چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ گیراوانی کورد وەک ڕووناک سەفەرزادە، کە بە ماوەیەکی کەم پاش دابەشکردنی بەیاننامەیەک و کۆکردنەوەی واژۆ بۆ هەڵمەتی یەکسانی دەستگیرکراوە. ڕووناک سەفەرزادە بۆ زیاتر لە 15 مانگە لە زیندانە.

هەروەها وتارەکە باسی فەرزاد کەمانگەر، دەکات کە مامۆستایەکی کورد و داکۆکیکارێکی مافەکانی مرۆڤە کە " سزای مردنی بەسەردا دراوە بە تۆمەتی ئەوەی بە تاوانەکانی " دژ بە ئاسایشی نیشتیمانی" ناودێر دەکرێت، ئەمەش ئەو تاوانەیە خەڵکی وەک بەڕێز کەمانگەری لەسەر زیندانی دەکرێت، واتە ئەوانەی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەتدەکەنەوە".

فەرهادی تەجەری، جیگری سەرۆکی لیژنەی مافی مروڤ لە پەرلەمانی ئێران،ڕەخنەی لەو هەڵوێستەی ئەمریکا گرت و لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "هەندێک لە وڵاتەکان کە دەبینن ئێران ناچیتە ژێر باریان دژی دەوەستنەوە ڕاپورتی ناراست دژ بە ئێران دەنووسن، چونکە ئێران هەمیشە لەگەشەدایە لە بواری ئابوری وسیاسی و سەربازی، لە کاتێکدا لە ئێران ئازادییەکی زۆر هەیە کە لە زۆر لە وڵاتانی دیکە باشترە تەنانەت لە وڵاتێکی وەک ئەمریکاش دەکەین ".

لە مانگی یەکی ساڵی 2009 دا ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند خەڵاتی هێڵمەن/هامێنت گرانت کە تایبەتە بۆ ئەو نووسەرانەی سەرکوتدەکرێن، دەدرێتە خەباتکاری مافەکانی مرۆڤ سادق کەبودوەند کە کوردێکی ئێرانە "بەڕێز کەبودوەند حوکمی 10 ساڵ زیندانیکرانی دراوە بەسەردا بەهۆی نووسینەکانییەوە".

وتارەکەی حکومەتی ئەمریکا دەڵێ " ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوا لە حکومەتی ئێران دەکات پێبەندی مافە بنچینەییەکانی هەموو گەلی ئێران بێت".



HUMAN RIGHTS WATCH



## هیومان ڕایتس ووچ

# داوای هەڵوەشاندنەوەی دادگایەکی سوری دەکات

**ڕووداو- قامشلۆ**

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (هیومان ڕایتس ووچ)، هەفتەی ڕابردوو دادگای ئاسایشی دەوڵەتی لە سوریا بە "ئامرازی سەرەکیی سەرکوتکردن" داناو داوای لە حکومەتی سوریا کرد ئەو دادگایە هەڵبوەشێنێتەوە.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە هەفتەی ڕابردوو دووەمین دانیشتنی دادگاییکردنی مشعەل تەممۆ، گوتەبێژی ڕەوتی ئایندەی کورد لەسوریا ئەنجامدراو تێیدا داواکاری گشتی داوای لەسێدارەدانی کرد.

هیومان ڕایتس ووچ، لە ڕاپۆرتێکدا کە لە 73 لاپەڕە پێکهاتووە، داوا لەهەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دادگایە گوشار بخەنە سەر ڕژێمی دەسەڵاتداری سوریا. ڕاپۆرتەکە داوا دەکات هەر پێشڤەچوونێکی پەیوەندییەکان لەگەڵ سوریا، بەتایبەتیش ڕێککەوتننامەی شەراکەتی نێوان سوریاو یەکێتی ئەورووپا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو دادگایەو باشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤەوە لەو وڵاتە ببەستنەوە.

سارا ویتسن بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقیای ڕێکخراوی نێوبراو، لەوبارەوە گوتی "دادگای ئاسایشی دەوڵەت (محکمە امن الدولە) ئامرازی سەرەکیی سەکوتکارییە لەسوریا، دادگایەکی تایبەتە بۆ دادگاییکردن و چەوساندنەوەی چالاکڤانان و بگرە هاووڵاتیانی ئاساییش". گوتیشی "پێدەچێت لەسوریا، هاووڵاتیانی ئاسایی و ئەوانەی هیچ چالاکییەکیش نانوێنن، مافی ئەوەیان نەبێت لە ماڵی خۆیان یان لەچێشتخانەیەکدا ڕەخنەیەک لەحکومەتەکەیان بگرن".



یەکێک لە زیندانەکانی سوریا

سارا ویتسن هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا گوتی "حکومەت لەجیاتی بەرەنگاربوونەوەی کێشەی هەژاری و گەندەڵی و ئەو ژینگە سیاسییە داخراوەی دروستیکردووە، سامانی نیشتمانیی وڵاتی تەرخانکردووە بۆ سیخوڕیکردن بەسەر هاووڵاتیانییەوە".

بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، لەساڵی ڕابردووەوە تائێستا 153 کەس بەگوێرەی تۆمەتی بێ بنەما براونەتە بەردەم ئەو دادگایەو بەشێوەیەکی ڕواڵەتی دادگاییکراون کە هەندێکیان کورد بوون و 8 کەسیش لەوانە تۆمەتباربوون بەوەی گوایە لە وتووێژی تایبەتی نێوانیاندا قسەی سووکیان بەسەرۆکی وڵات گوتووە.

ڕاپۆرتەکە، محەممەد حوسێنی تەمەن 67 ساڵ بەنموونە دێنێتەوە کە دادگا لەساڵی 2007دا بە 3 ساڵ زیندانیکردن سزای داوە چونکە گوایە سیخوڕەکانی ئاسایش گوێیان لێبووە لە چایخانەیەکدا سووکایەتی بەسەرۆکی وڵات کردووەو ڕەخنەی لەگەندەڵی گرتووە. هەروەها لەدۆسیەیەکی دیکەدا هاووڵاتییەک لەسەر ئەوە دادگایی کراوە گوایە شەوێک لەماڵی خاڵی ئەوکاتەی بەدیار تەلەڤزیۆنەوە دانیشتووە جنێوی بە بەشار ئەسەد داوە. بەپێی هەمان ڕاپۆرت، ئەوانەی لەلایەن ئەو دادگایەوە سزادەدرێن مافی پارێزەر گرتن و بەرگری لەخۆکردنیان نییە، تەنانەت بۆیان نییە تانەش لەو حوکمە بدەن کە لەدژیان دەردەچێت.

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، دادگای یەکەمی تاوانەکان لەشاری دیمەشق دووەمین دانیشتنی دادگایی مشعەل تەممۆ گوتەبێژی ڕەوتی ئایندەی بەڕێوەبرد کە لەنێوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی ڕابردووەوە دەستگیرکراوە.

**پێدەچێت لەسوریا، هاووڵاتیانی ئاساییش، مافی ئەوەیان نەبێت لە ماڵی خۆیان یان لەچێشتخانەیەکدا ڕەخنەیەک لەحکومەتەکەیان بگرن**

**سارا ویتسن، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەHRW**

دادگای تاوانەکان دوو تۆمەتی بەرەوڕووی تەممۆ کردووەتەوە: بەرپاکردنی ئاژاوە لەپێناو هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ کە ماددەی 298ی یاسای سزاکان سزاکەی دیاری کردووە. شکاندنی شکۆی دەوڵەت و لاوازکردنی گیانی نیشتمانپەروەری کە لەماددەی 285ی هەمان یاسادا هاتووە. ئەگەر ئەم تاوانانەشی لەسەر ساخ بکرێتەوە ئەوا ڕەنگە بە سێدارەدان یاخود بەزیندانی هەتاهەتایی و کاری قورس سزا بدرێ.

مشعەل تەممۆ لە 2008/8/15 لەکاتێکدا بەرەو شاری حەلەب دەڕۆیشت، لەلایەن دەزگای ئەمنی سوریاوە ڕفێندراو، سەرەتاش دەزگا ئەمنییەکان نکوڵییان لەوەدەکرد کە ناوبراو لای ئەوان زیندانی بێت، بەڵام دواتر بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سیاسی لە 2008/8/26 دۆسیەکەی ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری کردو لەمانگی ئەیلولیشدا درایە دادگای تاوانەکان.

ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لەسوریا لەبەیاننامەیەکدا داوای لەدەسەڵاتدارانی سوریا کرد کە مشعەل تەممۆ و سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڕاگەیێندراوی دیمەشق (اعلان دمشق) و گیراوە سیاسییەکانی دیکە ئازاد بکات و کۆتایی بەسیاسەتی زیندانیکردنی نەیارانی سیاسی لەو وڵاتە بێنێ.



**ئەیاد عەللاوی:**
**ئەنجوومەنەکانی ئیسناد عێراق دەگێڕنەوە سەردەمی سەدام**

ڕووداو-ڕادیو سەوا
◆ ڕۆژنامەی ئەمریکی USA Today لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێ دروستکردنی هێزێکی چەکدار بەنێوی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد لەلایەن مالیکییەوە کە سەر بە هیچ کام لە وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ نەبێت " زۆر نیگەرانیی دروستکردووەو ڕەنگە مالیکی بە نیاز بێت ڕژێمێکی دیکتاتۆریی هاوچەشنی ڕژێمی سەدام دروست بکات". د.ئەیاد عەللاوی، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق لەو بارەوە دەڵێ " ئەوە بەسە بۆ گێڕانەوەی عێراق بۆ سەردەمی تاریکی دەسەڵاتی سەدام حوسێن".

## جێگری سکرتێری نێونەتەوەیی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێد :

# دەبێ ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستان زیاتر بکرێت



**لە دوای ساڵانی 1960 وە، ژمارەیەک نووسەر، ڕووناکبیر و کەسایەتی کولتووری سوێدی کەم تا زۆر خۆیان بۆ کێشەی کورد تەرخانکردووە، کلایس نوردمارک یەکێکە لەوانە. ئەو بە بینینی زۆرداری پۆلیسی تورکیا لە کورد بووەتە دۆستی کورد، دەیەوێت ئەو بەهارە بێتە باشووری کوردستان .**

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو-سوێد**

**ڕووداو: چـۆن بڕیاری پشـتیوانیکردنی خەباتی کوردت دا؟**

**نوردمارک:** پشـتیوانی من لـە خەباتی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی 2004، ئەوکات سەرۆکی کۆمەڵەی سیاسی دەرەکی بووم لە زانستگەی ئۆپسالا. لەسەر پێشنیازێکی من بڕیارماندا سـەفەرێکی زانستی بۆ دیاربەکر و ئیسـتەنبوڵ بکەین. ڕاسـتییەکەی، ئەو حەفتەیەی کە لە دیاربەکر بووین، بووە هۆی چاوکرانەوەم لەسـەر کێشەی کورد. کاتێک ئێمە لەگەڵ خوێندکارە کوردەکان یەکترمان دەبینی و بەیەکەوە دەژیاین، بە چاوی خۆمان بینیمان و هەسـتمانکرد کـە کوردبوون چ مانایەکی هەیە لە تورکیا. بۆ هەر شـوێنێک دەچووین پۆلیسی سیڤیلی تورک بە دوامانەوە بـوون، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دەچووینە دەرەوەی دیاربەکریش. ئێمە بەشداریمان لە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەی خوێندکارە کورد و تورکەکاندا کرد لە زانسـتگەی دیاربەکر.

## هیوادارم تورکیا دەست لە چەوساندنەوەی کورد هەڵبگرێ و PKKیش واز لە خەباتی چەکداری بێنێت

ئەوەبوو من لەگەڵ سەرۆکی پۆلیسدا کەوتمە مشتومڕێکەوە، زۆر پێداگری کرد کە دەبێت لەگەڵیان بچین بۆ پۆلیسخانە و چایەکی لەگەڵ بخۆینەوە، بەڵام من لە کۆتاییدا بێزاربووم و پێم وت کـە ئارەزوویەکی وامان نییە. دوای ئەوەی کە دیاربەکرمان بەجێهێشت، چوار لەو خوێندکارانەی کە خانەخوێیەتی ئێمەیان کرد لەلایەن پۆلیسەوە گیران و ماوەی 24 کاژێر، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرابوو، دەیانویسـت بزانن ئێمە کێین و بۆچی سەردانی ئەوانمان کـردووە. دوای ئـەوەی گەڕامەوە سـوێد، وتارێکم دەربارەی سـەفەرەکەمان نووسی و تێیدا تێبینییەکانی خۆمم دەربارەی ڕەوشی کوردستان و تورکیا خستە بەرچاو. ئەو وتارە لە ڕۆژنامەی ئافتونبلادتدا کە یەک لاپەڕەی تـەواوی ڕۆژنامەکـەی بـۆ تەرخانکرابوو، بڵاوکرایەوە، هەمان ئەو ڕۆژە لە ئیستەنبوڵ فینالی پێشـبڕکێی گۆرانی ئەورووپا دەکرا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە باڵیۆزی تورکیا لە سـتۆکهۆڵم خـۆی لە من تـوڕە بکات، ئەوەش بەڵگەیەک بوو کە ڕاستی قسەکانی منی دەسـەلماند. ئیتر لەو کاتەوە من دژی چەوسـاندنەوەی کورد تێدەکۆشم، هەڵبەت تەنهـا لـە تورکیا نا، بەڵکـو لەهەموو ئەو هەرێمەی کوردی تێدا دەژی.

**ڕووداو: پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێد، تۆڕێکی تایبەت بـە کوردی هەیە، ئایا ئێوە چیتان کردووە تا کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێت، هیچ هاوکارییەکتان هەیە لەگـەڵ تۆڕی لەو جۆرەی ئێوە لە نێو سۆسیالئینتەرناسیۆنالدا؟**

**نوردمـارک:** ئێمە زیاتـر خەریکی هێنانە بەرباسی کێشەی کوردین لەنێوخۆ و دەرەوەی پارتەکەمان، ئەوەش پێویسـتییەکی گرنگە بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە و هێنانەدی ئاشتییەکی درێژخایەن لە دوارۆژدا بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێمە پێوەندی باشمان لەگەڵ نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان هەیـە، هـەم لە نێـو سـوێد و هەمیش لە کوردستان. هەروەها ئێمە پشتیوانی لە پارتە کوردییە دەستەخوشکەکانی خۆمان دەکەین لە کارەکانیاندا. بۆ نموونە لە بەرنامەماندایە ئێوارە کۆڕێک ڕێکبخەین لە مانگی مارسدا لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی شارەدارییەکان لە تورکیا. بەداخـەوە من ئاگام لـەوە نییە ئاخۆ تۆڕی کوردیی لـەو جۆرەی کە ئێمە هەمانە لە نێو ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستیدا، هەیە یان نا.

**ڕووداو: سۆسیالدیموکرات، هەڵوێستی چییە لە بارەی بوونە ئەندامـی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا؟**

**نوردمـارک:** تورکیـاش وەک هەموو ئەو وڵاتانەی داوای ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپایان کـردووە دەبێ پێـش ئەوەی ببێتـە ئەندام مەرجەکانـی یەکێتی ئەورووپا جێبەجێ بکات . دەبێت دەسـتبەجێ تورکیا دەستبەرداری سیاسـەتی نکۆڵی لێکردنی مافە سیاسـی و مرۆڤایەتییەکانـی کورد بێـت. بەداخەوە، زیندانیکردنەوەی لەیلا زانا، نیشـانەیەکە بۆ ئەوەی تورکیـا زۆری ماوە تا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا.

## دەبێ باج لە کوردستان زیاد بکرێت

**ڕووداو: لە سـاڵی 1984وە، شەڕی نێوان تورکیا وPKK بەردەوامە، سـەرەڕای ئەوەی کـە PKK چەند جارێک یـەک لایەنە تەقەی وەستاندووە، بەڵام تورکیا ئامادەنییە کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەر بکات و بەردەوامە لەسەر شـەڕکردن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەورووپا گوشـار بخاتە سـەر تورکیا تا کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، ئایا ناکرێت دانیشتن لەگەڵ پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP کە وەک باڵی سیاسی PKK دەناسرێت، بکرێت، وەکو ئەوەی لە باکووری ئیرلەندا کرا؟**

**نوردمـارک:** من پێموایـە DTP پارتێکی ژیـر و کارامەیە و پێشـموایە کارێکی چاک دەکەن کە داوای هاوکاری لە سوێد و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا دەکەن. DTP نیشانیداوە کە بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت دەکات و دەیەوێت وەکو پارتێکی سۆسیالدیموکرات گەشە بکات. کاتێک لە سـاڵی 2007 دا سەردانی DTP م کرد لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا لە تورکیا، وێنەیەکی زۆر پۆزەتیڤانـەم لەو پارتە بینی و هیوادارم کـە گۆڕانکارییـەکان بە هەمان ئاراستەدا بڕۆن. هیوادارم سوپای تورکیا دەست لە چەوساندنەوە و پرۆڤەکاسیۆن هەڵبگرێ و PKKیش واز لە خەباتـی چەکداری بێنێت. کەس قازانـج لە ناکۆکی سـەربازی ناکات، ئەوەی پێویسـتە، دیموکراتی و مافی مرۆڤە، دەوڵەتی تورکیا بەرپرسیارێتییەکی گەورەی کەوتووەتە سەر شان، دەبێت دوای ئەو هەموو ساڵە لە چەوسـاندنەوەی کورد، کێشەکە بە ڕێگایەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات.

**ڕووداو: بڕیارتانـداوە بچـن چاودێـری هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و باکووری کوردستان بکەن لە 29ی ئاداردا؟**

**نوردمارک:** چەند ئەندام پەرلەمانێکی ئێمە و نوێنەری دیکەی ئێمە دەچن بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنـەکان. هیوادارم من خۆیشـم بچم، چونکە من لە ساڵی 2007 لە پارێزگای شرناخ بووم.

**ڕووداو: بەشـێکی زۆر لە کورد مەترسـی ئەوەیـان هەیە کە ئەمریـکا و وڵاتانی دیکە هێزەکانیـان لە عێراق بکێشـنەوە، ئەوەیش ڕەنگە ببێتە هۆی تێکدانی هاوسـەنگی هێز کە بە نۆبەی خۆی کاریگەری دەبێت لەسـەر پێوەندی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتداریتی بەغدا، تۆ چۆن لەو کێشەیە دەڕوانی؟**

**نوردمـارک:** مـن پێموایـە کشـانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە، بە باشی بەڕێـوە دەچێـت. لەو ماوەیـەی دواییدا، توندوتیژییەکان کەمبوونەتەوەو پێشموایە کە دانیشتوانی ئەو وڵاتە ماندوو بوون لەوەی کە لە ترس و دڵـە ڕاوکێدا بژین. جێگەی داخە کە بە هۆی کشـانەوەی ئەو هێزانەوە پەیوەنـدی نێـوان حکوومەتـی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا بەرەو خراپی بچێت، هیوادارم کە نەگاتە ئەو ڕۆژە.

**ڕووداو: لە مانگی مای 2008 دا، سەردانی باشووری کوردستانتان کرد، چۆن گۆڕانکارییە ئابووری و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ لە باشووری کوردستان هەڵدەسەنگێنی؟**

## بڕیاری زیندانیکردنەوەی لەیلا زانا، نیشانەیەکە بۆ ئەوەی تورکیا هێشتا زۆری ماوە ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا

**نوردمارک:** من پێموایە کە گۆڕانکارییەکان زۆر پۆزەتیڤن. شـارەکان گـەورە بوون و خەڵکەکەش هەتادێت بەرەو باشتر دەچێت. لایەنـی ئابووری پێشـکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، بـەڵام پێموایە کە دەبێت باج زیاد بکرێـت تا پـارە زۆرتر بێـت و بتوانرێت ژیانێکی باش و خۆشگوزەران دابین بکرێت . دیموکراتیـش لەوێ بەشـێوەیەکی باش گەشە دەکات، بەڵام باشـتر دەبوو ئەگەر ئـازادی ڕادەربڕین زیاتـر بکرێت. هەروەها مافی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەستەبەر بکرێت، گرنگە کە ڕەوشی ژنان و مافەکانی زۆر باشتر بکرێت.

**ڕووداو: دەوڵەتـی ئێـران حوکمـی لە سێدارەدانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە چالاکڤانی کـورددا، جا لە مامۆسـتاوە بگـرە هەتا ڕۆژنامەنـووس، نووسـەر و زۆری دیکـە، کەچی دنیا بە گشتی و ئەورووپا بە تایبەتی خۆیان لـێ بێدەنگ کـردووە، ئێوە وەکو سۆسیالدیموکرات چیتان کردووە بۆ ڕاگرتنی ئەوە؟**

**نوردمارک:** ڕژێمی ئێـران ژمارەیەکی زۆر تاوانی دەرهەق بە گەلی کورد کردووە، ئێمە وەکو سۆسـیالدیموکرات ئەو تاوانانە وەکو کردەوەیەکی وەحشـیانە تەماشـا دەکەین. ئێمـە زۆر بە جیدی لە ڕێگـەی پێوەندییە ڕاسـتەوخۆکانمان لەگەڵ ئێران و لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاوە، گوشـار دەخەینە سەر ئێران تا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ. هەروەها من زۆر توڕەم لەو پروپاگەندانەی کە دەوڵەتی ئێران دژی کورد دەیکات تا شەرعییەت بداتە تاوانەکانی خۆی دژی گەلی کـورد. بەداخەوە دەبێت ئەوەش بڵێم کە چاوەڕوانـی گۆڕانکارییەکی بەرچاو ناکـەم هەتا ئەحمەدی نەژاد لەسـەر حوکم بێت.

**ڕووداو: لـە کۆتاییدا دەتەوێت شـتێکی تایبەتی بە خوێنەرانی (ڕووداو) بڵێی؟**

**نوردمارک:** من خۆم لە باکووری سوێد لە نۆربۆتن لە دایکبووم و گەورە بووم. کاتێک سەفەر بۆ کوردستان دەکەم، بۆ من وەکو ئەوە وایە کە بچمەوە بۆ ماڵەوە لە نۆربۆتن، سروشتی کوردستان هەتا بڵێی جوانـە و مرۆڤەکانیش هەتا حەزکەیت ڕووخۆشن. لە مانگی مارسدا بۆ ماوەی یەک هەفتە سەردانی باشووری کوردستان دەکەم، بە خۆشـحاڵییەوە دەمەوێت لەوێ پێشوازی لە بەهار بکەم. پێشتر هەر کاتێک سەردانی کوردستانم کردبێ هاوین بووە، ئەم جارەیان بە تەمام جووتێک پێڵاوی فوتباڵیش لەگەڵ خۆم بەرم و زۆر تامەزرۆی ئەوەم کە لە سەر خاکی کورد، دووگۆڵی بکەم.



**کلایس نوردمارک**

–تەمەنی 31 ساڵە.
–جێگری سکرتێری نێونەتەوەیی پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێدە.
–سـەرۆکی کۆمەڵـەی سۆسیالدیموکراتەکانەلەسوندبیبێری و ئەندامی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتی سۆسـیالدیموکراتەکانە لە شـاری سوندبیبێری.
–بەرپرسـی تۆڕی کوردە لە نێو سۆسیالدیموکراتەکان.
– سـکرتێری کۆمیتەی پشتیوانی مافی مرۆڤە لە تورکیا.
– لە گەورەترین ڕۆژنامەی هەرێمی نوردلاندا دەنووسێت.
–ئـارەزووی بـۆ سیاسـەتی نێونەتەوەیی، تەندروسـتی خەڵک و کێشـەکانی ژینگە هەیە و ئاشقی فوتبۆڵە.

# دەستووری کوردستان حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دادەخات



**عەلی حەمەساڵح**
ali@rudaw.net

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێـی پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردسـتان نابێت هیچ حیزبێکی سیاسـی ئایین یـان دەقی پیرۆز بۆ کاری سیاسـی بەکاربێنێت و لە ئەگەری بەکارهێنانیدا دادگای دەستووری بڕیار لەچارەنووسی ئەو حیزبانە دەدات و یەکگرتووی ئیسـلامی و کۆمەڵیش سوورن لەسەر ئەوەی کە ئایین لەسیاسەتدا بەکاربێت.

دوو سـاڵە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردسـتان کە لە 120 مـاددە پێکهاتووە لەپەرلەمانی کوردستانەو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، پاش کۆتایی هاتنی گفتوگۆکانیش لیژنـەی پێداچوونەوەی دەسـتوور کۆتایی بەکارەکانی هێناوەو پرۆژەکەی ئاراسـتەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، جگـە لـەوەی ئایین بـۆ کاری سیاسـی بەکاردەهێنن، وشـەی ئیسلامی لەنێو ناوی حیزبەکانیاندا هەیە، بەپێی پرۆژە دەستووری ئامادەکراوی کوردستان ڕێگە بەو دوو حیزبە نادرێت بەهەمان ڕەوتی پێشوویان کاربکەن، ئەگەر لەسـەر ئـەو ڕێبـازەش بەردەوامبن دادگای دەسـتووری لەکوردستاندا دەتوانێ بڕیاری داخستنیان بدات.

هەرچەندە دوو ئەندامی پەرلەمان لەسـەر لیسـتی حیزبە ئیسـلامییەکانی کوردستان ئەندامی لیژنـەی پێداچوونـەوەی پرۆژەی دەسـتووری کوردستان بوون، بەڵام چەندین خاڵـی تێدایە کە ئیسـلامییەکان پێیانوایە بۆ دژایەتـی و لەمپەردانان لەبەردەم ئەواندا دانراون .

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسـەرچاوەیەکی ئاگادار لەیەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامییەوە دەسـت (ڕووداو)کەوتوون، حیزبـە ئیسـلامییەکانی کوردستان ترسـیان لەوە هەیە کەچیتر نەتوانن بەناوی ئاینەوە هێزی جەماوەری خۆیان زیاد بکەن، بۆیە سـوورن لەسـەر ئەوەی کە دەستبەرداری ئایین نەبن و لەسـەر ناوی حیزبەکانیان لاینەدەن . زانا ڕووسـتایی، دەڵێت"چۆن دەبێت دەستوور دەقێکی تێدابێت حیزبێک هەست بکات دژی ئەو بەکاردەهێندرێت".

سەلاحەدینمحەممەدبەهائەدین،ئەمینداری یەکگرتووی ئیسـلامی لە یادی 15 ساڵەی دامەزراندنی یەکگرتوودا، لە کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەڤانیدا لەگـەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکەیدا، گوتی ئەو پرۆژەیەی دەستووریان پێگەیشتووە، بەڵام ئەوان هەستدەکەن هەندێ بڕگە لەبارەی حیزبەکانەوە دژی ئەوانن بۆیە ئامادەنین پەسەندی بکەن " چۆن بەخۆمان ڕێ بە داخستنی حیزبەکانمان دەدەین".

مادەی شەشی دەستوور، باس لە پێگەی ئیسلام دەکات لەکایەی یاسا داناندا لەهەرێمی کوردستان و باسی ئەوەی نەکردووە کە ئاینی ئیسـلام دەبێت سـەرچاوەی سەرەکی بێت لە دارشـتنەوەی یاساکاندا، بەڵکو نووسراوە پێویستە ڕێزی لێبگیرێت.

لەمادەی 19ی پرۆژە دەستووردا، کە برگەی 9 تایبەتـە بەئازادی حیزبە سیاسـییەکان، شەش بەند دانراوە بۆ ڕێکخستنی کاری حیزبە سیاسییەکان لەکوردستاندا . بەندی چوارەم، دەڵێـت "نابێت حیزب ئاین یان دەقی پیرۆز بەکاربێنێت بۆ مەرامی خۆی". زانا ڕووستایی، ئەندامی لیژنـەی پێداچوونـەوەی پرۆژەی دەسـتوور و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم بڕگەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزبە ئیسلامییەکانە".

حیزبە ئیسـلامییەکان، ڕازین بەوەی کە کاری حیزبەکان بەپێی یاسـا ڕێکبخرێت و کـۆت و بەندیش دابنرێت بۆیان، بەمەرجێک لەچوار چێوەی دەستووردا نەبێت و بە یاسا بێت. شارەزایەکی یاساییش، هۆکاری ئەمەی بـۆ ئەوە گەڕاندەوە" ئەگەر کۆت و بەندەکان بەپێی دەستووربێت حیزبێک پێچەوانەی ئەوە کاربکات، دادگای دەسـتووری کوردسـتان بڕیـاری داخسـتنی دەدات، بـەڵام ئەگەر پێچەوانەی یاسـا بێت ناتوانرێت دابخرێت". زانا ڕووسـتاییش دەڵێت "لەگەڵ ڕێکخستنی کاروباری حیزبەکاندایین، بەڵام لەناو دەستووردا نا بەڵکو لەناو یاسای حیزبە سیاسییەکاندا".

خاڵی شەشـەم، لەمادەی 19 ی پرۆژەی دەسـتوور، دەڵێت: هەر حیزبێکی سیاسی لەهەرێمی کوردستان پێچەوانەی سیستەمی سیاسـی دیموکراتی بجوڵێتەوە وادادەنرێت کەپێچەوانەی دەستوورەو دادگای دەستووری بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو حیزبە دەدات.

هەرچەندە چاودێـران پێیانوایە لەماوەی ڕابـردوودا زۆربـەی هەنگاوەکانـی حیزبە ئیسلامییەکان پێچەوانەی سیستەمی سیاسی کوردسـتان بووە، بەڵام ڕووستایی، ئاماژەی بەوەدا کە باری سیاسـی کوردستان تاوەکو ئێستا نەگەیشـتووەتە قۆناخی سەقامگیری "کۆمەڵێـک ڕەخنە ڕووبەڕووی سیسـتەمی سیاسـی بوونەتەوە، کەی ئەو سیسـتەمە شێوازێکی گونجاو و سەقامگیری وەرگرت و هەموو لایەکمان لەسەری کۆک بووین ئەوکات بـۆت هەیە بەحیزبێک بڵێت پێچەوانەی ئەم سیستەمەی".

هەرچەنـدە ئەو خاڵە هیـچ ئاماژەیەکی تێدانییـە بۆ ڕێگری کردن لە دروسـتبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە، بەڵام بەرپرسەکەی کۆمەڵی ئیسـلامی، دەڵێت" ئەم دەقە ڕێگە لەدروستبوونی ئۆپۆزسیۆن دەگرێت بەتۆمەتی ئەوەی کە دژی سیستەمی سیاسییە لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە تاوەکو ئێستا پێناسەی سیسـتەمی سیاسـی هەرێمی کوردستان نەکراوە، کە عەلمانییە یان ئیسلامییە".

بەپێی ڕاپرسـییەک کە ساڵی ڕابردوو لە وڵاتە ئیسـلامییەکان ئەنجامدراو لە گۆڤاری (المجله)ی سـعودی دا بڵاوکراوەتەوە کە لە لەندەن دەردەچێ، زۆرینەی خەڵکی ئێران لە گەڵ ئەوەدانین ئایینی ئیسـلام سەرچاوەی سـەرەکی یاسـادانان بێت، بەڵام لە میسر ڕێژەی ئەوانەی پشتیوانی لەوەدەکەن ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت 63%یە.

بەپێی گوتەی ئەو بەرپرسـەی کۆمەڵی ئیسـلامی ئەگەر دەسـتوور بەو شـێوەی ئێسـتا پەسەندبکرێت، ئیسلامی توندڕەو لەکوردستاندا بەهێز دەبێتەوە "بەمن دەڵێت نابێـت ئایـن بەکاربێنیت، ئەگـەر ڕێگری لەحیزبێکی ئیسلامی بکەیت کە بەشێوەیەکی مەدەنیانـە خەبـات بکات، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ هاندانـی توندڕەکان و ئەو لایەنانەیە کەدژی پرۆسـەی سیاسین، بۆیە هەرجۆرە ئاستەنگ دروستکردنێک لەبەردەم ئـەو ئیسلامیانەی کەدەیانەوێت کاری سیاسـی ئەنجامبدەن بە بەرژەوەندی لایەنە توندڕەوەکان تەواو دەبێت".


د.نـووری تاڵەبانی، ئەندامـی پەرلەمانی کوردسـتان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردسـتان، لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بەبێ گفتوگۆکردن لەسـەر ماددەکانـی و تەنها بەدەنگدان لەسـەری دەبێتە یاساو یەکلایی دەکرێتەوە".

لەبەرئـەوەی یەکێتی و پارتـی زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەستە، ئەگەری ئەوە هەیە پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە لە پەرلەمان پەسەند بکرێـت. کوێسـتان محەممەد، سـەرۆکی فراکسیۆنی سـەوز لەپەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ (ڕووداو) خسـتەڕوو کە یەکێتی و پارتی هەموو هەوڵێک دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی شکسـت بەو هەوڵەی حیزبە ئیسلامییەکان بێنین، کەدەستوور ئیسلامی بێت.


سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز، دەڵێت"یەکێتی و پارتی سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان، هەوڵدەدەیـن دەسـتوورێک بێـت ڕەنگ و ڕوویەکی عەلمانـی پێوەبێت و هیچ ئاینێک بەکارنەهێنرێت بۆ کاروباری سیاسـی، وەک ئەوەی لە ڕابردوودا لەکوردسـتان بینیمان، وەک یەکێتـی و پارتـی چۆنمـان بوێـت دەستوورەکە بەوشێوە تێدەپەڕێنین چونکە زۆرینەین".




عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



**ئەگەر دەستوور بەو شێوەیەی ئێستا پەسەند بکرێت، ئیسلامی توندڕەو لەکوردستان سەر هەڵدەداتەوە**
زانا ڕووستایی



**پارتی و یەکێتی لەپەرلەمان زۆرینەین، چۆنمان بوویت دەستوور وا لەپەرلەمان تێدەپەڕێنین**
کوێستان محەممەد– سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز



**پرۆژەی دەستووری کوردستان لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر ناکرێ و تەنیا دەنگی لەسەر دەدرێ**
د.نووری تاڵەبانی

## د.بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی:

# گۆمەکە شڵەقاوە و ڕێچکەی بڕیارنەدان کۆتایی هات

**رووداو-سلێمانی**

د.بەرهەم ساڵح جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی ڕایگەیاند، کە ئەوگۆڕانکاریانەی ئێستا بڕیاریان لێدراوە لە بەرژەوەندی هەندێ کەس دەدات، بەڵام یەکریزی یەکێتی و بەرژەوەندی خەڵک ئەوە دەهێنێ کە هەندێک کەس لە بەرژەوەندییان بدرێ و گوتیشی پێویستە ئەو گۆڕانکاریانە دوانەخرێن.

د.بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) باس لە هۆیەکانی تەنگژەی یەکێتی و ئەو دوو ڕێیانەی لەبەردەم یەکێتی دایە دەکات و دەڵێ "یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئێستا لە دوو ڕێیانێکدایە و تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە، یان جێبەجێکردنی کردەییانەی بەرنامەی چاکسازی و نوێکردنەوەو پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دامەزراوەیی لە بەڕێوەبردنی کاروباری حیزب، یاخود درێژەدان بە ململانێی گەیشتنە دەسەڵات و دەستکەوت و، پێک هەڵداشاخانی نێوان قوتبەکان لەپێناو داهاتی گرێبەستەکانی نەوت و کۆمپانیا ئەمنییەکان و پرۆژەکانی مقاوەلات، بۆیەش پێویستە ڕێگەی ڕاست هەڵبژێرین، کە بریتییە لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاکسازی و گۆڕانکاری و نوێبوونەوە بە ڕێبەرایەتی مام جەلال کە هەموو گرانایی خۆی خستووەتە بەردەست بۆ یارمەتیدانی دوو جێگرەکەی و مەکتەبی سیاسی، کە بە جێبەجێکردنی چاکسازی لە پشکی یەکێتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووەو هەموو بوارەکانی دیکە دەگرێتەوە".

د.بەرهەم ساڵح لەبەرنامەی گەرماو گەرمی سەتەلایتی گەلی کوردستانیش دا گوتی کێشەکانی نێوخۆی یەکێتی خەڵکی یەکێتی بەتەواوی هیلاک کردووەو گوتی "بنکەی یەکێتی دەروونی ماندووە لەو کێشەو بێنەو بەردانەی نێو یەکێتی، غەدرێکی زۆر لەو قاعیدەی خۆمان کراوە، خەڵکێکی زۆرمان بەهۆی ئەو گیروگرفتانە لە دڵەڕاوکێدا هێشتووەتەوە، خەڵک خزمەتگوزاری دەوێ، قبوڵ ناکات لەسەر کێشەی ئەم و ئەو لە خزمەتگوزاری بێبەش بێت، منیش ئەوە قبوڵناکەم". د.بەرهەم ساڵح گوتیشی ئەو لەگەڵ چەند بازرگانێکی سلێمانی کۆبووەتەوە

### مام جەلال بە تەلەفۆن بەردەوام لەگەڵماندایە

گلەییان لە بارودۆخی شارەکەیان هەبووە بەهۆی ململانێی نێوخۆی حیزبەکەیانەوە.

د.بەرهەم پێیوایە ئەو ململانێیەی یەکێتی تەنیا ڕەنگدانەوەی بۆ نێوخۆی یەکێتی نابێ، بەڵکو لەسەر تەواوی خەڵکی کوردستانی دەبێ "ڕەنگدانەوەی ئەو کێشانە بەس بۆ خودی یەکێتی نییە، بەڵکو بۆ سەرتاسەری کوردستانە، بۆیە ناکرێ خزمەتگوزاری و نان و قوتی خەڵک بکەینە قوربانی بێنەو بەردەی ئەم و ئەو".

د.بەرهەم ساڵح جەختیشی لەسەر ئەوە کردووە، ئەوەی بەسەر یەکێتی هاتووە هەموو کەس لەسەرکردایەتییەکەی ئۆباڵەکەی دەکەوێتە مل، نەک یەکێک بڵێ خەتای منی تێدا نەبووە و گوتی "ئەو کێشەیەی ناو یەکێتی پێشینەی خۆی هەیە، هەموومان بەرپرسیارین لەو کێشانە، ئەوەی بڵێ خەتای منی تێدا نییە، پێموانییە ڕاست بکات".

دوای ئەوەی مام جەلال، سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەسەڵاتی گۆڕانکاری و چاکسازی ناو حیزبەکەی دایە هەردوو جێگرەکەی کۆسرەت ڕەسول و د.بەرهەم، لە یەکەم هەنگاویاندا دەستیان کرد بە گۆڕانکاری لە چەند پۆستێکی حکومی لەوانەش گۆڕینی جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش و بریکاری وەزیری ناوخۆ. بەڵام ئەو گۆڕانکارییانە نەبوونە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی چوار ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکەی یەکێتی، چونکە ئەوان دەیانویست کارەکە لە ئاشتبوونەوەی نێوخۆی یەکێتی و بەتایبەتیش لە هێنانەوەی نەوشیروان مستەفاوە دەست پێ بکات.

د.بەرهەم ئاماژەی بەوەدا ئەو چەند گۆڕانکارییەی کردوویانە سەرەتای گۆڕانکارییەکانە و هەروەها پێیوابوو دەبوایە زووتر ئەو گۆڕانکارییانە بکرێن "خۆزگە دوو ساڵ زووتر هەندێک گۆڕانکاریمان بکردایە، هەندێک گۆڕانکاری گەورە کراوە، بەڵام لەئاستی پێویست نەبوو، ئێمە گوتوومانە کێشەمان هەیە، بەڵام سوورین لەسەر چاککردن".

هەروەها گوتیشی دەبێ گۆڕانکارییەکان گۆڕانکاری ڕیشەیی بن، چونکە ئەوان ئەزموونی گەورەی مێژووییان لە بەردەمدایە، لەوانەش هەر یەک لە بزوتنەوەی فەتحی فەلەستینی و بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیری بەنموونە هێنایەوە، کە دوو حیزبی شۆڕشگێر بوون، بەڵام بەرەو لاوازی چوون.

د.بەرهەم ئەو کێشانەی نێو یەکێتی بە نیشانەی زیندوویی حیزبەکەی وەسفکرد و گوتی "گۆمەکە شلەقاوە، ڕێچکەی بڕیار نەدان کۆتایی هات، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانە کارێکی سەختە، چونکە لەبەرژەوەندی هەندێک لایەن دەدرێ، بەڵام دەبێ بیکەین" گوتیشی "یەکێتی دەتوانێ لەو ئەزمەیە ڕزگاری ببێ، چونکە لە ڕابردوو تووشی ئەزمەی زۆر لەوەی ئێستا گەورەتر بووە".

لە گەرمەی کێشەکانی یەکێتی، سەردانی مام جەلال بۆ کۆریای باشوور و ئێران، لەلایەن هەندێ کەس جێی ڕەخنە بوو کە لەو تەنگژەیەی نێوخۆی حیزبەکەیدا سەفەر دەکات، بەڵام د.بەرهەم ساڵح دەڵێ ئەو سەردانانە پێشتر بڕیاریان لێدرابوو"نەدەکرا دوای بخات، چونکە ئەو سەرۆک کۆماری عێراقە"،بەڵام" مام جەلال لەناوماندا تەواجودی ڕووحی هەیە، بە تەلەفۆن بەردەوام لەگەڵمان دایە".


د.بەرهەم زۆربەگرنگییەوە باسی لە ڕۆڵی مام جەلال کرد لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو یەکێتی بەتایبەتی بەخشینی دەسەڵات بە هەردوو جێگرەکەی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان "من و کاک کۆسرەت چووینە لای، نەرمییەکی زۆری پێوە دیار بوو، پێیگوتین لە کوێ گیروگرفتەکە گیری خوارد، پێویستان بە من بێ، من لەگەڵتام". گوتیشی "مام جەلال مامی گەورەمانە، بە ڕێبەرایەتی ئەو دەتوانین یەکێتی بکەینە حیزبی ئایندە". گوتیشی "، دەتوانم بڵێم مام جەلال هەموو لایەکی بیانوو بڕ کردووە".



### دەبێ واز لە ململانێکردن لەپێناو داهاتی گرێبەستە نەوتی و کۆمپانیا ئەمنی و مقاوەلاتەکان بێنین

## فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# یەکێتی یان دەبێ چاکسازی تێدا بکرێ یان لەناوبچێ



**فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، کە یەکێکە لە کادیر و پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی، لەو تەنگژە نێوخۆییەی یەکێتی دا زۆرترین ڕوونکردنەوەی داوەتە میدیای نێوخۆیی، بەڵام لەو هەڤپەیڤینەدا بەڕاشکاوی باس لە ڕیشاڵەکانی تەنگژەکە و دۆزینەوەی ڕێی چارەسەری دەکات.**

### باڵی کاک کۆسرەت لە هەموو باڵەکانی دیکە پراگماتیترە

**رووداو: بەڕای تۆ سەرەتای ئەم ململانێ و کێشەیەی ئێستا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەی، 1978 یان 1992، یان شتێکی نوێیەو دەگەڕێتەوە بۆ 2006؟**

**ئەسەسەرد:** ئەم کێشەیە زیاتر پەیوەندی بەپێکهاتەی یەکێتییەوە هەیە، یەکێتی هەر لەسەرەتاوە وەکو حیزب دانەمەزراوە بەڵکو وەک ڕێکخراوێکی نیمچەبەرەیی دامەزراوە، لەڕێکخراوی نیمچەبەرەییشدا یەکریزی و یەک ئایدیۆلۆژیایی نییە، یەکێتی بەمشێوەیە هات، تاوەکو لەساڵی 1992 بڕیاردرا ئەو نیمچەبەرەییە نەمێنێ و یەکێتی ببێ بەحیزب بەوشێوەیە هەرسێ باڵەکە بوون بەیەک، بەڵام ئەم سێ باڵە کێشە ناوخۆییەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردە ناو یەکێتی، ئەم کێشانە درێژەیان کێشا تا ئەمڕۆ، هۆی درێژەکێشانی ئەو گرفتانەش زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نەتوانرا ئەو سێ باڵە وەکو پێویست لەنێو یەکێتیدا بتوێنرێنەوەو کێشەو گرفتەکانی ساڵانی حەفتاو هەشتا بەیەکجاری چارەسەر بکرێن، ئینجا کێشەی نەوەدەکانیشی هاتەسەر، بەمشێوەیە ئێستا دەبێ کێشەکانی سەدەی ڕابردوو هەروەها کێشەکانی ئەم دەیەیەی سەدەی نوێش چارەسەر بکەین.

**رووداو: کەواتە بنچینەی ئەم کێشانە پەیوەندی بە جیاوازیی فکر و تێڕوانینەوە هەیە وەک ئەوەی باڵی ڕیفۆرمیش هەوڵدەدات بنچینەیەکی فکری بداتە ئەو کێشەیە، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن لەسەر دەسەڵات و پارەیە؟**

**ئەسەسەرد:** پێموایە ناکرێ فکر لەمەسەلەکە ببرێتە دەرەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مەسەلەکە تێکەڵەیەکە لەنێوان دوو شت، ململانێ لەسەر دەسەڵات و مەسەلەی تێڕوانین و بیروڕای جیاواز. بیروڕای جیاواز، واتە دیدی جیاواز بۆ شێوەی چارەسەرکردنی مەسەلەکان و چۆنێتی پێشخستنی یەکێتی. بەبۆچوونی من ئەم یەکێتییەی ئێستا هەیە یەکێتی سەردەمانی پێشووەو هی ئەم ڕۆژگارە نییە، بۆیە یان دەبێ چاکسازیی تێدابکرێ یان لەناوبچێ. تاڕادەیەک هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە سوورن کە نابێ یەکێتی لەناوبچێ. کەواتە هەر ئەو ڕێگایەمان لەبەردەمە کە چاکسازیی تێدابکەین و بەرگێکی نوێی بکەینە بەر، ئەمە ئەگەر زەحمەتیش بێت مەحاڵ نییەو دەبێ کاری بۆ بکرێ، بەڵام شێوەی ئەنجامدانی گۆڕانەکە مەسەلەیەکی ئاڵۆزەو هەندێکی پەیوەندی بەرێسایەکی گشتییەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە حیزبە کوردییەکان ئەزموونی خۆنوێکردنەوەیان نییە، مەسەلەی نوێبوونەوەو چاکسازی تەنیا لەناو یەکێتی باسدەکرێ و هیچ حیزبێکی کوردی پێشتر ئەم مەسەلەیەی نە وروژاندووە، لەنێو خودی یەکێتیشدا ئێمە هیچ ئەزموونێکمان نییە بۆیە تووشی جۆرێک لەسەرلێشێوان هاتووین. لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم کێشەیەمان نەبووە چونکە ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر ڕوون بەرچاوی ڕۆشن کردبووینەوە، ئێمە ئەوکات نەک هەر ڕابردوومان بەپێی ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەڵدەسەنگاند، بەڵکو لێیەوە تەماشای ئایندەشمان دەکرد، ئێستا کە ئەو ئایدیۆلۆژیایە نەماوە دەبێ پشت بەخۆمان ببەستین. پێدەچێت خۆمان لەم ڕووەوە کلۆڵ بین و توانای پشت بەخۆبەستنمان نەبێ، بۆیە تووشی ئەم گێژاوەی ئێستا بووین.

**رووداو: نەوشیروان مستەفاو فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێن هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە هەڵەبوو، کەواتە بۆچی هەڵیانوەشاندەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەو بڕیارە پەیوەندی بەدوو شتەوە هەبوو، شتێکی گشتی و شتێکی تایبەتی، گشتییەکە پەیوەندی بەو گۆڕانەوە هەبوو کە ئەوکات لەسەر ئاستی جیهان هاتەئاراوە، بۆچوونێک زاڵ بوو کە ئیدی ئەزموونی سۆشیالزم شکستی هێناو چیدی پێویست بەمانەوەی کۆمەڵە ناکات. هۆیە تایبەتییەکەش بریتی بوو لەڕۆڵی نەوشیروان مستەفا خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە. نەوشیروان لەنێوەڕاستی هەشتاکانەوە ئیدی باوەڕی بەمارکسیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕ نەمابوو بۆیە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی بەلاوە ئاسایی بوو، بەڵام ڕەنگە بیری لەدەرئەنجامەکانی ئەو بڕیارە نەکردبێتەوە، بیری لەوە نەکردبووەوە کە سەرچاوەی هێزی ئەو لەناو یەکێتیدا کۆمەڵەیە، کە کۆمەڵە لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە سەرچاوەی هێزی بەدەستەوە نامێنێ، ئێستا پاش 17 ساڵ لەهەڵوەشانەوەی کۆمەڵە دەڵێت بڕیارێکی هەڵەبوو. منیش پێموایە هەڵەیەکی گەورەو مێژوویی کرد، چونکە خۆی لەسەرچاوەی هێزی خۆی بێبەش کرد.

**رووداو: ئێستا دیسان قسە لەسەر فرەمینبەری لەنێو یەکێتی هاتووەتە ئارا، پێتوایە مام جەلال ڕێگە بە فرەمینبەری بدات؟**

**ئەسەسەرد:** لەپەیڕەوی ناوخۆی ساڵی 1992 کە یەکەمین پەیڕەوی ناوخۆیە پاش کۆنگرەی یەکەم، یەکێتی وەک ڕێکخراوێکی فرەمینبەر خۆی ناساند، بەڵام پاشان بۆمان دەرکەوت کە ئەوە کێشەیەکی زۆرمان بۆ دەنێتەوە، بۆیە لەساڵی 2001 وازمان لەو دەستەواژەیە هێنا، بۆیە ئەو پەیڕەوەی ئێستا لەسەری دەڕۆین دەستەواژەی فرەمینبەری تێدا نییەو پێموایە ئەستەمیشە بگەڕێینەوە بۆ فرەمینبەری، ئەگەر مینبەرەکانیش دروست بکەینەوە ناتوانین وەکو سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی دروستیان بکەینەوە کە هەریەکە سەرکردایەتی خۆی هەبێ و کۆنفرانسی خۆی بەجیاببەستێ و ئۆرگان و ڕێکخستنی تایبەت بەخۆی هەبێ، ئەمە شتێکە زەمەن تێیپەڕاندووەو ناتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ دواوە، بەڵام دەکرێ شێوەو ڕووخساری دیکەی بدرێتێ.

**رووداو: بەتێڕوانینی تۆ ئەو کێشەیەی ئێستا لەئارادایە چارەسەرەکەی چییە، ئەوەیە کە باڵی ڕیفۆرم وەک بزووتنەوەی سۆشیالست بچێتە دەرەوەی یەکێتی؟**

**ئەسەسەرد:** تۆ کە دەستەواژەی باڵ بەکاردەهێنی مانای وایە ئەم کێشەیە کێشەیەکی ناوخۆییە، هەروەختێک چوونە دەرەوە ئەوە خۆیان بڕیار لەچارەنووسی خۆیان دەدەن، بەڵام هەتا ئێمە بەباڵیان دابنێین مانای وایە ئومێد ماوە کێشەکە لەچوارچێوەی یەکێتی چارەسەر بکرێ. دیارە یەکێک لەکێشەکانیش ئەوەیە کە باڵی ڕیفۆرم بەرنامەیەکی زۆر ڕۆشنیان نییەو باڵەکەی دیکەش بەرچاوی ڕوون نییە سەبارەت بەشێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و ڕەفتار لەگەڵ داواکارییەکانی باڵی ڕیفۆرم، بۆنموونە ئێمە 17 ساڵە باسی بە دامەزراوەییکردنی یەکێتی دەکەین، بەڵام تائێستا یەک هەنگاومان بۆ ئەوە نەناوە. من یەکەم جار دەستەواژەی بەدامەزراوەییکردنم لەساڵی 1991 بیست لە قەلاچوالان، ئێستا ئێمە لە 2009ین و هەر باسی هەمان مەسەلە دەکەین. لەساڵی 2004ەوە باسی چاکسازی و ریفۆرم دەکەین، کەچی پێنج ساڵ تێپەڕیوەو هیچ هەنگاوێکمان بۆ چاکسازی نەناوە. کێشەی ئێمە ئەوەیە زۆر قسەدەکەین و کەم کاردەکەین. ئەگەر ئێمە هەنگاو بنێین دەکرێ هەندێ لەکێشەکان چارەسەر بکەین بۆ ئەوەی گوشاری سەر یەکێتی کەم بێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ هەنگاوێک نەنراوە کێشەکان هەموو لەسەریەک کەڵەکەبوون، کە بمانەوێ چارەسەری بکەین ناتوانین بەهەفتەیەک بیکەین وەک ئەوەی ئێستا دەکرێ.

**رووداو: کۆسرەت ڕەسوڵ دووجار لەگەڵ باڵی ڕیفۆرم هەڵوێستی وەرگرت، بەڵام دواتر هەڵوێستی لەوان جیاوازبووەوە، تۆ پێتوایە هەڵوێستی ئەو لەگەڵ کام لا نزیکترە؟**

**ئەسەسەرد:** کاک کۆسرەت لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کێشەکان لەچوارچێوەی یەکێتی، ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەی ئەو لەگەڵ کێشەکە وای لێکردووە کە دەرفەتی ئەوەی هەبێت مامەڵە لەگەڵ هەردوولایەن بکات، بۆیە دەبینی لەکاتی نووسینی یاداشتی هەشت کەسەکەدا ئەو یەکێکبوو لەوانەی ئیمزای کردو لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بوو، بەڵام دواتر هەڵوێستێکی دیکەی پێشاندا. لەنێو باڵەکاندا هیچیان هێندەی باڵی کاک کۆسرەت پراگماتی نین، بۆیە ئەو دەستی ئاوەڵاترە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنەکانی دیکە.

**رووداو: ئەوەی تائێستا کراوە تۆ دەتوانی ناوی بنێی چاکسازی، یان جێگۆڕکێیەکە بۆ خۆ ڕێکخستنەوەی باڵی دەسەڵاتداری ناو یەکێتی؟**

**ئەسەسەرد:** نەخێر ئەوەی تائێستا کراوە ناتوانین بڵێین چاکسازییە، ئەوە زیاتر پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی ناوماڵەوە هەیە، تا ناوماڵ ڕێکنەخرێ ناتوانین هەنگاو بۆ چاکسازی بنێین. بەڵام بێگومان هەندێ کێشە هەیە بەلابردنی کەسێک و دانانی کەسێکی دیکە چارەسەر نابێ، ئەگەر مەبەستیشمان ئەوەبێت پێگەی خۆمان بۆ هەڵبژاردن بەهێز بکەین پێموایە بەوە نابێتەدی عومەر فەتاح لابدەی و یەکێکی دیکە بخەیتە جێی، چونکە ئەوەی دەشچێتە جێی ئەو تەنیا سێ مانگی لەبەردەمدایە، بەو سێ مانگە چی پێدەکرێ بۆئەوەی هەلومەرجەکە باشتر بکات.

### ئەگەر باڵی ڕیفۆرم نەگەڕێتەوە بەرەو هەڵدێر دەچین

**رووداو: واتە کاک عیماد ئەحمەد تەنیا ئەم سێ مانگە جێگری سەرۆکی حکومەتە؟**

**ئەسەسەرد:** نازانم جارێ ئەوە دیار نییە، ئەوە پەیوەندی بە پەرەسەندنەکانەوە هەیە.

**رووداو: هەست دەکرێ ئەو جێگۆڕکێیە بێ بەرنامەییەکی پێوەدیارە؟**

**ئەسەسەرد:** بەڵێ، بەڵام دەبێ دانیش بەوە دابنێین کە لەنێو سەرکردایەتی یەکێتی گوشارێکی زۆر هەبوو بۆ لابردنی عومەر فەتاح.

**رووداو: بەرهەم ساڵح گوتی ڕاستە لەناو یەکێتی کێشە هەیە، بەڵام هەموومان وەک یەک لەو کێشانە بەرپرسیارین و کەس ناتوانێ بڵێ منی تێدا نەبووم، ئایا ئەوە پەیامێک بوو بۆ نەوشیروان کە ئەوانیش لەهەموو کەموکوڕتییەکان بەرپرسیارن؟**

**ئەسەسەرد:** بەڵێ ئەوە پەیامێکی ڕاستگۆیانەیەو دەردەکەی بەچاکی دەستنیشان کردووە، ئەو کێشەیەی ئێستا هەیە هەموو لایەنەکان بەشدارن تێیدا، ڕەنگە لایەن هەبێت ڕۆڵی زۆر خراپی هەبووبێ و لایەنێکی دیکە کەمتر، بەڵام لەململانێیدا هەموو لایەنەکان بەشداربوون، ئەو گرژییەی ئێستا لەئارادایە هەمووان دروستیان کردووە.

**رووداو: لەحاڵەتێکدا ئەگەر باڵی ڕیفۆرم نەگەڕانەوەو چوونە دەرەوەی یەکێتی، بارودۆخەکە چی لێدێت؟**

**ئەسەسەرد:** بەرەو هەڵدێر دەچین، ئەو قەیرانەی ئێستا یەکێتی تێیکەوتووە قەیرانێکە سنووری یەکێتی تێدەپەڕێنی و کاریگەری لەسەر باری گشتیی هەرێمی کوردستان دەبێ، کاریگەری خراپیشی دەبێت لەسەر ئایندە.

**رووداو: پێتواییە لاوازبوونی یەکێتی بەقازانجی پارتی بێت؟**

**ئەسەسەرد:** نەخێر لەقازانجی پارتی نییە، لانیکەم لەم قۆناخەدا لاوازبوونی یەکێتی بەمانای لاوازبوونی هاوپەیمانێکی پارتی دێت، بۆیە دەبینین پارتی بەو بارودۆخە نیگەرانە.

**رووداو: یەکێتی خۆی دان بەوەدا دەنێ کە بنکە جەماوەرییەکەی لەو ململانێیەی زۆر بێزارو ماندوو بووە، هیچ جوڵەیەک لەکادیرانی ناوەندی و ریزەکانی خوارەوە پێشبینی دەکەی؟**

**ئەسەسەرد:** ساردوسڕییەک دروست دەبێت، ڕەنگە لەکاتی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ڕوونتر هەست بەوە بکرێت، بەبۆچوونی من ئەگەر چارەسەر بۆ ئەو کێشانە نەدۆزرێتەوە بەشێکی زۆری ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی بەشداریی لەهەڵبژاردن ناکەن، یان دەنگ بەلایەنێکی دیکە دەدەن بۆیە ئەگەر بمانەوێ لەهەڵبژاردنی داهاتوو دەنگێکی باش بهێنین دەبێ لەئێستاوە ناوماڵ ڕێکبخەینەوە بۆئەوەی ئەندامانی خۆمان ڕازی بکەین و لەهەڵبژاردندا بەوشێوەیە دەنگ بدەن کە دەمانەوێ.

**رووداو: ئەو باڵەی لەسەر مام جەلال حسابە، ئەوەی تێبینی دەکرێ هێشتا بەردەوامن لەسەر هێرشکردنە سەر ئەندامانی باڵی ڕیفۆرم، تۆ ئەوە چۆن لێکدەدەیەوە؟**

**ئەسەسەرد:** پێموایە مام جەلال دەبێ ڕێگە بەوجۆرە شتانە نەدات، لەهەمان کاتیشدا ئەوە بەڵگەی پەرەسەندنی گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو باڵەیە. بەڕاستی شتێکی جوان نییە ئاستی ململانێیەکە هێندە دابەزێ کە بگاتە ڕادەی هەڵدانەوەی لاپەڕەی شتە شەخسییەکان. پێویستە هێندەی پێماندەکرێ سەرەڕای هەموو گرژی و ناکۆکییەکان ڕێز لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا بمێنێ، بەداخەوە ڕەنگە لایەن هەبێ زۆر پابەندی ئەم مەسەلەیە نەبووبێ.

**رووداو: پێتوانییە ئەوە هەوڵێکە بۆ پاڵنانی ئەو باڵە بۆ دەرەوەی یەکێتی؟**

**ئەسەسەرد:** بەڵێ، ڕەوتێک هەیە لەناو یەکێتی کار بۆ دەرپەڕاندنی هەندێ کەسی دیکە دەکات و پێیوایە بەو دەرپەڕاندنە کێشەکان چارەسەر دەکرێ. لەدڵسۆزییەوە پێیانوایە ئەوە ڕێگەچارەکەیەو دەڵێن ئەو کەسانە ئەگەر ناتوانن لەناو یەکێتی بگونجێن با بچنە دەرەوەی یەکێتی.



# ئابووری

## 90 %ی پیشەسازیی عێراق وەستاوە

ڕووداو- اصوات العراق

◆ هاشم ئەترەقچی، سەرۆکی یەکێتی پیشەسازیی عێراق ڕایگەیاند، کە90%ی پیشەسازی عێراق ماوەی بیست ساڵە وەستاوە. ئاشکراشی کرد کە "پێشتر عێراق 75% پشتی بەبەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆ دەبەست." ناوبراو سکاڵای ئەوەشیکرد"حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق خاوەن بەڵێن نەبوون لە پشتیوانیکردنی کەرتی پیشەسازی". ئەترەقچی ڕەخنەی لە وەزیری کارەباش گرت کە"بەڵێنی پێدابن بە وزەی کارەبا پشتیوانمان لێ بکات، بەڵام بەبیانووی ئەوەی پرۆژەکان لەشوێنی نیشتەجێبوونەوە نزیکن، بەڵێنەکەی نەبردە سەر".

| | دینار | | 1 تەن |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118300 |  | 500 $ |
| 100 € | 151500 |  | 140 $ |

### لویز جەی تاتیم، نوێنەری نووسینگەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان:

# کە حکومەت زانیاری نەبێت بە ناچاری قسەی خەڵک دەکەینە سەرچاوە

**ڕووداو-هەولێر**

ڕێکخراوێکی ئەمریکی نەبوونی زانیاری لەبارەی کەرتەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە کەموکورییەکانی پلانی ئاوەدانکردنەوە و ئابووری هەرێمی کوردستان دادەنێت، بە پێی ئەو ڕێکخراوە دانانی سیستەمێکی چاودێری بانکداری لایەنێکی گرینگی بووژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستانە.

ڕێکخراوی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمریکا USAID کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی لە بارەی پلانی ئابووری هەرێمی کوردستان پێشکێشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، ڕەخنەی لە زۆربەی کەرتە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان گرت، کە داوای وەبەرهێنانی بیانی دەکەن، بەڵام هەموو کەرتەکان بە دەست حکومەتەوەیە.

لویز جەی تاتیم نوێنەری USAID لە کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند

" USAID پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە بۆ مەشق و ڕاهێنان بە کارمەندانی کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان". وەک ئەو بەرپرسەی USAID ئاماژەی پێدا دانانی سیستەمێکی چاودێری کەرتی بانکی گرنگترین هەنگاوە. USAID بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی پرۆگرامێکی لەوبارەوە هەیە، چونکە کەرتی بانکی بە کلیلی پێشکەوتنی ئابووری دادەنێ و، خەڵک پێویستی بە سیستەمێکی ڕێکوپێکە بۆ مامەڵە لەگەڵ بانک.

ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمەریکی، لە ساڵی 1961 دامەزراوە و ئاژانسێکی سەر بەحکوومەتی ئەمەریکایە و یارمەتی مرۆیی و دارایی خەڵکی ئەمەریکا دەگەیێنێتە وڵاتانی جیهان.




لویز جەی تاتیم کە خەڵکی ویلایەتی مێریلاندی ئەمریکایە، 10ساڵە لەگەڵ ڕێکخراوی USAID کار دەکات و دووساڵە هاتووەتە عێراق، 7 مانگی لە کوردستان بەسەر بردووە، بە گوێرەی قسەی ئەو" هەرێمی کوردستان شوێنێکی گونجاوە بۆ کارکردن، لە ڕووی ئابوورییەوە ناوچەیەکی لەبارە و حکوومەتەکەی کراوە و بە پەرۆشە بۆ کارکردن لەگەڵ نووسینگەی USAID، کە ئەمەش لایەنێکی دڵخۆشکەرە".

مامەڵەی ڕێکخراوی USAID پتر لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانە، ئەو ڕاپۆرتەی کە ساڵی ڕابردوو ئامادەیان کرد، لە مانگی 12ی ساڵی ڕابردوو لە ڕێورەسمێکدا پێشکێشی وەزارەتی پلاندانانیان کرد. بۆچی ڕاپۆرتەکەیان پێشکێشی پەرلەمان یان سەرۆکایەتی حکومەت یان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەکرد؟ لە وەڵامدا لویز ڕوونیکردەوە کە " وەزارەتی پلاندانان کۆدی پەرەپێدانی هەموو حکومەتێکە، بەڵام پێشنیازی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە بوو، لەبەرئەوەی ڕاپۆرتەکەش پێوەندی بە پەرەپێدانی ئابوورییەوە بوو، وەزارەتی پلاندانان لایەنی سەرەکی بوو، کە ئێمە پێوەندیمان هەبوو لەگەڵیان".

بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی نێو ڕاپۆرتەکە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری USAID بەشی پەرەپێدانی ئابووری لە نێو وەزارەتەکەیان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ساڵانە ڕاپۆرت ئامادە بکەن و زانیارییەکان نوێ بکەنەوەو بزانن تا چ ئاستێک گۆڕانکاری و پێشەڤەچوون ئەنجامدراوە.

ڕاپۆرتەکە زانیارییەکی زۆری لە بارەی دۆخی بەرهەمهێنان وجوڵەی بازرگانی تێدایە، کە زۆربەیان زانیاری تازە و شاراوەبوون بۆ ڕاگەیاندنی کوردی، کەکاتی خۆی (ڕووداو) پوختەیەکی بڵاوکردەوە.

لەهەندێ شوێنی ڕاپۆرتەکەدا سوود لە لایەنی نافەرمی و بابەتی ناو ڕۆژنامەکان و قسەی خەڵک وەرگیراوە، بۆنموونە دەڵێ 95% هاناردەی کوردستان بۆ ئێران خواردنەوە کحولییەکانە. لویز ئەو هۆکارانە ڕووندەکاتەوە کە ناچاری کردوون بۆ ئەو لێکۆڵینەوە زانستییە پەنا ببەنە بەر قسەی نارەسمی " یەکێک لە کەموکورییەکانی هەرێمی کوردستان نەبوون و کۆنەکردنەوەی زانیارییە، بۆیە بەناچاری زانیاری و بۆچوونی خەڵک لەبارەی هەندێ شت دەخرێتە ڕوو، کاتێک لە شوێنێکی وەکو هەرێمی کوردستان کە ئامار و داتای کەمە، ئەوانەی دەیانەوێت لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو شوێنە بکەن، دەبێ چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک بکەن و ئەو چاوپێکەوتنانەش دەکەنە سەرچاوەی داتای خۆیان".

تاوەکو ئێستا حکوومەت هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو ڕاپۆرتە بڵاونەکردووەتەوە. نوێنەری USAID لە کوردستان، ئەوە بۆ (ڕووداو) ڕووندەکاتەوە و دەڵێ" هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پۆزەتیڤ بوو، بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانان، ئێستا لە پرۆسەی ئەوەداین کە باس لە هەنگاوەکانی داهاتوو بکەین، لە ڕاستیدا ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەن دەبێت، چونکە خاڵە پێشنیار کراوەکان زۆرن و یەکەم کاریش کە دەبێ ئەنجامبدرێت، ئەوەیە کە



وەزارەتی پلاندانان کۆدی پێشکەوتنی حکومەتە

پێویستە ئەو خاڵانە بەپێی گرنگی ڕیزبەند بکرێن و لە گرینگترینیانەوە دەست پێ بکەن".

لە لاپەڕە 167ی ڕاپۆرتی ئەو دامەزراوە فەرمییەی ئەمریکا، ڕەخنە لە هەرێمی کوردستان گیراوە کە چاو لە ئەزموونی دوبەی دەکات و پێشنیازی کردووە کە لە بواری کشتوکاڵ دا چاو لە ئەزموونی عومان و بەرازیل بکات و لەو بارەیەوە لویز دەڵێ" ئێمە ناڵێین کە مۆدێلی دوبەی هەڵەیە، بەڵام ئەو وڵاتانەی دیکە سیستەمێکی کشتوکاڵی شیاویان هەیە".

نوێنەری USAIDڕوونیکردەوە کە ریکخراوەکەیان ئامادەیە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ڕاکێشانی خەڵکانی پسپۆڕ بۆ پەرەپێدانی پلانی ئابووری هەرێمی کوردستان.

# کارگەکانی حکومەت لە دەست کەرتی تایبەت دا شکست دێنن

### پسپۆڕێکی ئابووری: دانی ئەو کارگانە بە کەسانی بەرپرس زیاتر لە شانۆگەری دەچێت



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

بەبێ بوونی یاسایەک بۆ دانی پرۆژەو کارگەکانی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت، لەدوای ساڵی 2002ەوە، 12 کارگەی حکومی دراونەتە کەرتی تایبەت و، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش پێیوایە باشتر بوو یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە دەربچێت ئینجا حکومەت کارگەکانی بدابوایە کەرتی تایبەت.

محەممەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند زۆربەی ئەو کارگە حکومیانەی لە هەرێمی کوردستان دراونەتە کەرتی تایبەت شکستیان هێناوەو حکومەت لێیان ناپرسێتەوە. هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی پیشەسازیش دەڵێ "وەزارەت لەبەرنامەیدا نییە کارگەی گەورە دابمەزرێنێت یان وەگەڕی بخات".

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە کارگەکانی زیندوو بکاتەوە، بەڵام ئێستا زۆربەی ئەو کارگە گەورانە بەرهەمێکی ئەوتۆیان نییە و وەزارەتی ژینگەش یەک لەو کارگانەی بەداخستندا، کە لەنێو شاری سلێمانیدا ژینگەی پیسدەکرد.

سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان پێیوایە شکستی کارگەکان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هێشتا کوردستان لە ڕووی یاساییەوە بۆ تایبەتکردنی پرۆژەکان پێنەگەیشتووەو شەفاف نییە " دەبوایە بەر لەوەی کارگەکان بۆ دەستی کەرتی تایبەت بگوێزرێنەوە یاسایەک هەبێت، چونکە بەبێ بوونی یاسا حکومەت ناتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ کۆمپانیاکان بکات". بەڵام محەممەد ڕەئوف، پسپۆڕی بواری ئابووری پێیوایە کێشەکە نەبوونی یاسا نییە "بەڵکو جێبەجێکردنی یاسایە، خۆ بۆ زۆر لایەنی دیکە یاسامان هەیەو کەسیش جێبەجێی ناکات". ئەگەرنا محەممەد ڕەئوفیش هەمان ڕای سەرۆکی مونتەدای ئابووری هەیە و دەڵێ " ئەگەر یاسا هەبێ حکومەت کارگەکان و پرۆژەکانی دەداتە ئەو کۆمپانیایانەی کە شارەزایی و ئەزموونی باشیان لەو کارەدا هەیە".

سەرجەم ئەو کارگە حکومییانەی دراونەتە کەرتی تایبەت بەپێی گرێبەستێک بووە بەپشت بەستن بە یاسای ژمارە 32ی ساڵی 1996. ئاراس ڕەئوف عارف، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە کە سەرجەم کارگەکانیان دابێتە ئەو کۆمپانیایەی لەحیزبەکانەوە نزیکن، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە کێشەیان لەگەڵ زۆربەی ئەو کۆمپانیایانە هەیە " لەدادگا سکاڵامان لەسەر کارگەی جگەرەی هەولێر تۆمارکردووەو کێشەمان لەگەڵ کارگەی مەرمەڕی هەولێر و جگەرەی سلێمانی هەیە، ئەوسێ کارگەیە کێشەیان لەدادگایە".

بەرزان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزەی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرای کرد کە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی داهاتوودا یاسایەکی تایبەت لەو بوارەدا دەردەکات " هەرچەندە دەبوو زووتر ئەو یاسایە دەربکرایە".

بەدەر لە کارگەکانی چیمەنتۆی تاسلوجە و ئاوی کانزایی بانی خێڵان، زۆربەی کارگەکانی دیکە حاڵیان باشتر نەبووە لەو کاتەی کە بەدەست حکومەتەوە بوون. سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان دەڵێ " زۆر لە کارگەو پرۆژەکان کە دراونەتە کۆمپانیاکان، کەوتنە دەست کۆمەڵێک خەڵکی گەندەڵەوە". گوتیشی"کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراوی سلێمانی و جگەرەی سلێمانی کە دراوەتە کۆمپانیای نۆکان، ڕەنگە تەنیا لەبەر شوێنەکەی وەریان گرتبێت، نەک پێشخستنی کارگەکە". هەرچی د.محەممەد ڕەئوفە دەڵێت "دانی ئەو کارگانە بە کەسانی بەرپرس زیاتر لەشانۆگەری دەچێت".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کارگانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "وەزارەتی پیشەسازی ئەو کارگانەی بەجارێک فەرامۆش کردووە". ئەو سەرچاوەیە هەروەها ئەوەشی گوت کە "ئەو کارگانەی دراونەتە کۆمپانیای خۆماڵی زۆر بەخراپی شکستیان هێناوەو ئەوانەش کە بیانی وەریگرتون، سەرکەوتوو بوونە". نمونەشی بە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە هێنایەوە کە دراوەتە کۆمپانیایەکی تورکی بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ناوخۆیی " هەر لە سەرەتاوە بایی 80 ملیۆن دۆلار کەلوپەلیان بۆ کڕی".

ئاراس ڕەئوف، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پیشەسازی، لەبارەی شکستی ئەو کارگانەوە دانی بە نەبوونی شارەزایی خۆیان دانا و گوتی"ئێمە لەسیستمێکی ئیشتراکیەوە بەرەو سیستمێکی سەرمایەداری هەنگاومان ناوە، بەهۆی نەشارەزایشمان لەو گۆڕانەوە هەڵەکان ڕوو دەدەن".

کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراوی سلێمانی و کارگەی جگەرەی سلێمانی، دوو لەو کارگانەن کە یەکەمیان لەڕووی بەرهەم و بازاڕەوە گرفتی هەیەو دووەمیش بەتەواوی وەستاوە. (ڕووداو) پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی هەردوو کارگەکەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون لێدوان بدەن. بەڵام سەرچاوەیەک لە کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراوی سلێمانی گوتی" کارگەکەمان کێشەی هەیەو بەشێک لەفەرمانبەرەکانی داوەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی و پێنج لەو فەرمانبەرانە کارگەی مافوور وەریگرتوون".

ئاراس ڕەئوف، پێیوایە یەکێک لەکێشەکانی ئەو کۆمپانیایانە زۆری فەرمانبەرانی ئەو کارگانەیە " کارگەیەکی چیمەنتۆ خۆی میلاکی 260 کەسە، کەچی 1050کەسی بۆ دامەزرێنراوە، لەبەر ئەوەش ئەو کارگانە کە بەدەست حکومەتەوە بوون زیانیان لە قازانج زۆرتر بووە".


بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پیشەسازی ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد ڕەنگە هەندێک کارگە دروست بکەن کە کەرتی تایبەت بیری لێ نەکردبێتەوە، بەڵام دوایی ئەوانیش هەر دەدەنەوە کەرتی تایبەت.

دوای ئەوەی کارگەکان درانە کەرتی تایبەت، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر بێکارمانەوە. سەرۆکی مونتەدای ئابووری دەڵێ " یەکێک لەسلبیاتەکانی تایبەتکردن ئەوەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لەو فەرمانبەرانە بێکار دەبن، کەحکومەت لەنێو کارگەکاندا وەک سۆشیال مووچەی بۆ بڕیونەتەوە".

ئاراس ڕەئوف لەبارەی چارەنووسی ئەو فەرمانبەرانە گوتی "ئەوان کار بکەن یان نا، مافیان پارێزراوەو حکومەت هەر پارەیان دەداتێ، گرێبەستەکانمان بەشێوەیەکە، ئەگەر کارگەیەک 100 فەرمانبەری هەبێت، دەبێت کۆمپانیاکە 75 فەرمانبەری کارپێ بکات و 25ی دەگەڕێنەوە وەزارەت".

ئەحمەد ئیسماعیل، دەرچووی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانییەو ماستەرەکەی لەسەر بەتایبەتکردنی پرۆژەکانی حکومەتە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کارگەکان نیوەیان شکستیان هێناوەو نیوەشیان بەرهەمیان زۆربووە. ئەحمەد دەڵێ، کەرتی تایبەت لەکارگەکانی جگەرەی سلێمانی و جلوبەرگی ئامادەکراو و جگەرەی هەولێر و خوێی یۆدی بازیان نەیتوانیوە وەک حکومەت سەرکەوتوو بێت و ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونی ئەو کۆمپانیایانەی وەریان گرتووە "بەڵام لە چیمەنتۆی تاسلوجەو ئاوی کانزایی بانی خێڵاندا زۆر سەرکەوتووبووە".

هەریەک لە کارگە گەورەکانی چیمەنتۆی سەرچنارو تاسلوجە، جگەرەی هەولێرو سلێمانی، بەردی مەرمەڕی هەولێر، ئاوی کانزایی بانی خێڵان، خوێی یۆدی بازیان، جلوبەرگی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کارگەی ڕۆنی عەربەت، شیرینەمەنی بانی خێڵان دراونەتە کەرتی تایبەت و تەنها چیمەنتۆی تاسلوجەو ئاوی کانزایی بانی خێڵان سەرکەوتنی زۆرباشیان بەدەستهێناوە.




**ئێمە لە سیستمێکی ئیشتراکیەوە بەرەو سیستمێکی سەرمایەداری هەنگاومان ناوە، بەهۆی نەشارەزایشمان لەو گۆڕانەوە هەڵە ڕوو دەدەن**

بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پیشەسازی

- لەکۆی 12 کارگەی حکومی کە دراونەتە کەرتی تایبەت تەنیا دوو کارگە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.
- حکومەت بەپێی گرێبەست، بەپشت بەستن بە یاسای ژمارە 32ی ساڵی 1986 دەداتە کەرتی تایبەت.
- ڕەخنەی ئەوە لە حکومەت دەگیرێ کە بەبێ بوونی یاسایەکی تایبەت ئەو کارگانەی داوەتە کەرتی تایبەت
- زۆر لە کارگەکان زۆر زیاتر لە ڕێژەی پێویست فەرمانبەریان لێ دامەزرێندراون.
- حکومەت لەسەر کەرتی تایبەتی دەسەپێنێ 100هەر کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت 75%ی فەرمانبەرانی ئەو کارگانە وەربگرێت.



**باوی حیزبی ستالینی نەماوە**



فەریدون عەبدولقادر، سەرکردەی دێرین و بەرچاوی یەکێتی، کە لە ساڵی 2005 دەستی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کێشایەوە. پێیوایە ئەو بێ منەتی نیشاندانەی یەکێتی لە دوورکەوتنەوەی سەرکردە ماندووەکانی، یەکێتی بەرەو کەرتبوونێکی راستەقینە دەبات. هەروەها خەمی خۆی بۆ شارەکەی (سلێمانی) دووپاتدەکاتەوە کە ئەو کێشانەی یەکێتی زۆر زیانی پێگەیاندووە و بە قوڵتربوونەوەی کێشەکان زیانی زیاتری پێدەگات:



**کاک نەوشیروان واتە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**

## فەرەیدون عەبدولقادر:

# بپرسن لە کوێ ئەو خەڵکانەی سلێمانی کە لە سەرکردایەتی بوون چەندیان ماون

**ڕووداو: ئەم دۆخەی ئێستای یەکێتی چۆن شیدەکەیەوە؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ئەو دیاردەیەی کە هەموو کەس دەیبینێ و کەسیش ناتوانێ بیشارێتەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە کێشە لەنێو یەکێتی دا هەیە. کێشەکان، لەسەر ئەوە نییە کە کێ لە کوێ وەزیرەو کێ جێگری سەرۆک وەزیرەو کێ پارێزگارە، کێشەکە لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی یەکێتییە. بەشبەحاڵی خۆم بە پەژارەو نیگەرانییەکی زۆرەوە سەیری ئەو دۆخەی یەکێتی دەکەم کە ئایا بەمشێوەیە بەرەو کوێ دەچێ؟ روون و ئاشکرایە بەرەو کوێ دەچێ، لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە سەرەتا پێنج هەڤاڵی مەکتەبی سیاسی بوون، تەنانەت د.بەرهەم من خۆم بینیم دەیگوت ئەگەر گۆڕانکاری نەکرێ منیش هەڵوێستم دەبێ. پیاوێکی وەک عوسمانی حاجی مەحموود کە دەست لە کاردەکێشێتەوە بە دوو ڕۆژ مەسەلەکە ببێتە ئەمری واقیع و بڵێن کەیفی خۆیەتی، ئەو پیاوە هەموو تەمەنی بۆ یەکێتی تەرخان کردووە، هیچی نەماوە نەیکردبێتە قوربانی یەکێتی، پێشمەرگەی هەرە ئازای یەکێتی بووەو لەهەموو تەنگانەیەک لەگەڵی بووە، بۆیە پێم زەحمەتە کە دەبیستم ئەم پیاوە یان مستەفای سەید قادر کە یەکێکە لەتێکۆشەرە هەرە ناسراوەکانی یەکێتی وازدێنن، من خۆم نوێنەری یەکێتی بووم بۆ مفاوەزات لە بەغدا کە چووم مستەفا سەید قادرم لە ژووری سێدارە هێنایە دەرەوە، لەسەرەتاوە لەگەڵ یەکێتی بووەو خوێنی بووە بەئاو بۆ یەکێتی، چۆن ئاوا بەئاسانی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکەن؟ جەلال جەوهەر لەکادیرییەوە دەستی پێکردووە، دەرچوویەکی گەنجی زانکۆ بووە هاتووەتە ناو پێشمەرگەو پلە بەپلە بە ڕەنج و ماندووبوون سەرکەوتووە، جگە لەوە ئەو هەڤاڵانە دووانیان خەڵکی کەرکووکن کە یەکێتی دەبێ گرنگی بە نوێنەرایەتی ئەوان بدات. تێکۆشەرێکی وەک عومەری سەیدعەلی چیتری ماوە بیداتە یەکێتی، با سەیرێکی گۆچانەکەی بکەن و بەبیریان بێتەوە، لەبناری کێوەڕەش شەونخوونیمان لەدیارکردووە وەختێ کە بریندار کرا، ڕۆژانی زیندان و ڕۆژانی پێش دامەزراندنی یەکێتی و کاتی دامەزراندنی و ڕۆژانی سەرەتاکان ئەو لەهەموو ئەوانە لەگەڵ بووە. ئەگەر ئاوا بێمنەتانە تەماشای ئەو شۆڕشگێڕە گەورانە بکرێ، بەڕاستی دەترسێم دۆخەکە بەرەو لەوە ڕەشتر بڕوا کە چاوەڕوان دەکرێ. هیچ عەیب نییە بابچن گوێیان لێبگرن بزانن داواکارییەکانیان چین، خۆ هیچی داواکاری شەخسی نییە، ئەوانە پیاوی قارەمانن. عوسمانی حاجی مەحموود لە کۆبوونەوەکە کردوویانە بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئینجاش ئیستیقالەی کردووە، هیچ یەک لەوانە بێکار نین و هەموو پۆستی گرنگیان هەیە، بەڵام خۆیان بەغەریب دەزانن لەناو یەکێتی، بەڕاستی ئەوە کارەساتێکی گەورەیە ئەم تێکۆشەرانە وایان لێبێت خۆیان لەناو یەکێتی بە غەریب بزانن. ئەو برادەرانە ئەوە دێنن کە گوێیان لێبگیرێ. ئەو پەلە پەلەیان لە چییە، هاتوون لە تەلەفزیۆنەوە بڕیار رادەگەیێنن و ئەم لادەبەن و ئەو دێنن؟ ئاڵوگۆڕ لە نێو یەکێتی بەو پەلە پەلەیە ناکرێ، من هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانە دانیشتم و قسەمان کرد، خۆ داواکاری ئەوان هەر ئەوە نەبووە کە ئێستا باس دەکرێ، داواکارییەکانیان 11 خاڵ بووە کە هەمووی پەیوەندی بە باشترکردنی بارودۆخی ناو یەکێتییەوە هەیە. کێشەی یەکێتی بریتی نییە لەوەی عومەر فەتاح لابدەن و عیماد ئەحمەد دابنێن. یەکێک لە کێشەکان ئەو بێمنەتییەیە کە کاتێک یەکێک لەو برادەرانە ڕایەکی هەیە، دەڵێن قەیدی چییە با بڕوا لەماڵەوە دانیشێ، ئایا یەکێتی وای لێهاتووە بڵێ نەفەرێک کەمتر باشترو پێویستی بە تێکۆشەرەکانی نەمابێ؟.

**ئێستا یەکێتی بووەتە ئەو ڕێکخراوەی کە سەرکردەکانی کەمتر یەکتریان خۆشدەوێ**

**ڕووداو: بەڵام ڕەخنەی ئەوەش لەو چوار ئەندامەی مەکتەبی سیاسی دەگیرێ کە هەر لەیەکەم کۆبوونەوەی پاش گەڕانەوەی کۆسرەت ڕەسول لە بەغدا دەستیان کێشایەوەو چاوەڕێی کۆبوونەوەکانی دیکەیان نەکرد؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ئەو بڕیارەی ئەوان لەدایکبووی ئەو ڕۆژە نییە کە دەست لەکارکێشانەوەیان پێشکێش کرد، ئەوە کەڵەکەبووی گلەیی و گازندەی چەند ساڵی رابردوو بوو، هەندێک لەو برادەرانە زۆر لەوە پێشتر بە منیان گوتبوو خۆمان بەغەریب دەزانین لەناو یەکێتی. حەیفە ئەم هەستە لای ئەوان دروست ببێ.

دەقی هەڤپەیڤینەکە لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

**ڕووداو: گوتت دیارە دۆخەکە بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا، دەکرێ ئەو ئاراستەیە زیاتر ڕوونبکەیتەوە؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ئەگەر ئەو کێشانە لە ڕیشەوە چارەسەر نەکرێن، حەتمەن بەئاراستەیەکی نەخوازراودا دەڕۆن. خەڵک کە هەستیکرد نادیدەی دەگرن و گوێی لێناگرن، لەوانەیە لە شتێکی دیکەدا خۆی ڕێکبخاتەوە، ئەوەش بەقازانجی یەکێتی نییەو کەرتبوونێکی یەکجارەکییە. من نازانم ئاخۆ ئیرادەیەک هەیە حەز بکات تێکۆشەرو سەرکردە سەرەکی و مێژووییەکانی یەکێتی ژمارەیان کەم ببێتەوە یان نەمێنن لەناو یەکێتی، بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانێ یەکێتی ئاراستە بکات.

**ڕووداو: گومانت هەیە شتێکی وا هەبێ؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** وردە وردە بەرەو ئەوە دەڕوا. ئێستا لە کوێ ئەو خەڵکانەی سلێمانی کە لەسەرکردایەتی بوون بپرسن بزانن چەند کەسی ماوە؟. ئەوە هی کەرکووکیش دوو کەسی دیکەیان ڕۆیشتن. من باسی سەرکردە مێژووییەکانی یەکێتی دەکەم، ئەوانەی بە پێشمەرگایەتی لەگەڵی هاتوون و لەگەڵی گەورەبوون و یەکێتییان لەگەڵ خۆیان گەورە کردووە. یەکێتی کە لەسەرەتاوە دروستکرا بەڕاستی ئێمە نەماندەویست وا دروست بێ، من خۆم نوێنەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم کە چوومە لای مام جەلال لە دەرەوەی وڵات، نامەم لەبرادەرانەوە بردو پاش کۆمەڵێک هەنگاوی ئەو برادەرانەی کۆمەڵە لەناوەوە بۆئەوەی دەست بەهەڵگیرسانەوەی شۆڕش بکەن، دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەناوەوە بڕیاردرا، لەناوەوە چەک و ئامرازی چاپەمەنی شاردرابوونەوە، کە منیان نارد بۆ ئەوێ یەکێک لەپێشنیازەکانمان ئەوەبوو کە کۆمەڵە پێویستی بە ڕێکخراوێکی نیشتمانیی فراوانتر هەیە، ئەمە پێشنیازی مام جەلال خۆیشی بوو، بۆ کۆکردنەوەی ئەوانەی نابنە ئەندامی کۆمەڵەش. بیرۆکەی دروستکردنی بەرگێکی نیشتمانیی فراوانتر بۆ ڕێکخراوەکە ئەوە نەبوو کە دواتر ڕوویدا، کۆمەڵە بەجیا دروست بکرێ و بزووتنەوە بەجیاو هێڵی گشتی بەجیا. هەر لەوێوە ئیدی بەرە بەرە بەهۆی ئەوەی سێ ڕێکخراو لەناو ئەو ڕێکخراوە نیمچە بەرەییەدا دروستبوون، هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەوەی کێ زۆرینەیەو کێ کەمینەیە قسە دەکرا، هەمووشیان وەک یەک نوێنەریان لەسەرکردایەتی هەبوو، کەچی کۆمەڵە بەپێی ئامارێک کە ئەوکات لەسەرتاسەری ڕێکخستنەکاندا کردمان 89%ی ڕێکخستنەکانی یەکێتی پێکدەهێنا. ئیتر ئەم گلەیی و هەستی مەغدووربوونە وردە وردە کەڵەکە دەبوو، ئەو ڕێکخراوانەش زۆر لەگەڵ یەکدی تەبا نەبوون، ئینجا لەناو کۆمەڵە خۆیشیدا هەندێ گیروگرفت ڕوویدا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ناکۆکییەکان بگوازرێنەوە ناو یەکێتیش، لەوەتای یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش هەیە خاڵی نەبووە لەناکۆکی و هەر بەمشێوەیە هاتووە تا ئەمڕۆ. واتە لەنێو یەکێتیدا هەمیشە ماک و هەوێنی ناکۆکی هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەم ناکۆکییە قاڵب و شێوەی ناخۆشی بەخۆوە گرتووە. بەداخەوە دەڵێم ئێستا یەکێتی بووە بەو ڕێکخراوەی کە هەڤاڵە سەرکردەو ئەساسییەکانی کەمتر یەکدییان خۆشدەوێ، واتە یەکێتی شوێنی خڕبوونەوەی تێکۆشەرەکان نەماوە لەکۆڕی خۆشەویستیدا کە ڕۆحیان بەسەر یەکدییەوە دەربچێ.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا ماوەیەک لەمەوبەر لە هەڤپەیڤینێکدا گوتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە هەڵەبوو، پێتوایە ئەم کێشەیەی ئێستا بەرهەمی ئەو هەڵەیە بێت؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** کاک نەوشیروان بەپلەی یەکەم و منیش بەپلەی دووەم بەرپرسین لەهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە، هەردووکمان هەڵەمان کرد. خۆی حاڵەتێک هەبوو لەنێو یەکێتی دەبووە هۆی ئەوەی جۆرێک لەلامەرکەزی هەبێت، بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە کۆمەڵە هەبوو، ڕاستە مام جەلال برا گەورەی هەموومان بووەو سەرکردەی جوڵانەوەکە بووەو کەسی یەکەمی نێو یەکێتی بووە، بەڵام کاک نەوشیروانیش کەسی یەکەمی دیکە بووە و کەسی دووەم نەبووە، بەو هۆیەوە هەمیشە جۆرێک لەلامەرکەزی لەنێو یەکێتی هەبووەو دەسەڵاتەکان هەمووی لەیەک شوێن کۆنەبوونەتەوە، پێموایە ئەگەر تائێستا بمایە ئەو لامەرکەزییەی زیاتر فراوان دەکرد. نە بۆ یەکێتی و نە بۆ حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش باوی ئەوە نەماوە حیزبی پۆڵاییینی مەرکەزیی سەردەمی ستالین بن، ئێستا سەردەمی دیموکراسی و بیروڕای ئازادە، دەبێ ڕێگەبدرێ و دۆخێک دروستبکرێ کە بیروڕای جیاواز بگەشێتەوە، سەردەمی لەقاڵبدانی خەڵک بەسەرچوو.

**ڕووداو: هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە بەگوشاری مام جەلال بوو یان پێداویستیی ئەو سەردەم بوو؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** پەیوەندی بەمام جەلالەوە نەبوو، خۆی یەکێک لەکێشەکانی ئێستا زۆربوونی مەرکەزەکانی بڕیارە، ئەوکاتیش ترسی ئەوەمان هەبوو مەرکەزەکانی بڕیار زیاتر بن، بەباشمانزانی یەک مەرکەزی بڕیار هەبێ.

**ڕووداو: پەیوەندی بەهەڵوەشاندنەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات نەبوو؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ڕەنگە ئەوەش جۆرێک لە نائومێدیی دروستکردبێ، بەڵام نەخێر ئەوەش نەبووایە هەر بەو ئاراستەیە دەڕۆیشتین.

**ڕووداو: بەڵام زۆر لە بنکەی جەماوەری کۆمەڵە دژی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە بوون؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** بەڵێ زۆر دەنگی ناڕازی هەبوون، بەڕاستی ئێمە هەوڵێکی زۆریشماندا بۆ ئەوەی برادەران بەو بڕیارە ڕازی بکەین، هەندێک بەئاسانی قەناعەتیان نەدەکرد.

**ڕووداو: گوتت هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە هەڵە بوو، ئەوە بەو مانایەیە کە دەبێت شتێکی لەو شێوەیە دروستبکرێتەوە لەچوارچێوەی یەکێتی؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** من مەبەستم ئەوە نییە، ئەوە تازە ڕۆیشت، بەڵام لەدۆخێکی ئیجابیی ئارام و هێمندا دەکرێ موناقەشەی ئەوەش بکرێ.

**ڕووداو: هەندێ کەس پێیوایە ئەوململانێیەی ئێستا جۆرێکە لە تۆڵەکردنەوە لەوانەی دژی جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش وەستانەوە؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ڕەنگە ئەوە لێکدانەوەیەکی زۆر ورد نەبێ، چونکە ئەوانەی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕشیان دروستکرد، ئێستا یەکێتی لەدەستی ئەواندا نییە، مام جەلال ناوەندی بڕیاری یەکێتییە بەپلەی یەکەم، لەمەکتەبی سیاسیش کەمیان هەیە لەوانە بەدەسەڵاتتر نەبن کە پێشتر ئاڵای شۆڕش بوون، ئینجا کاک سالار عەزیز کە یەکێکبووە لەوانە ئێستا لەگەڵ کاک نەوشیروانە کە ڕەنگە هەرگیز لەگەڵیشی کۆک نەبووبێ، هیچ شتێک نییە خاڵی بێت لەهەموو فاکتەرەکان، هەیە لەژێرەوەو لەناخی خۆیدا شتێکی لەدڵدا ماوە، بەڵام ئەوە هۆکاری سەرەکی نییە. بەبڕوای من هۆکاری بەرەوپێشچوونی هەر حیزب و ڕێکخراوێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاچەند سەرکردەکانی مورتاحن لەئیشکردن و چەند بە زەوق و کەیف و شەوقەوە ئیش دەکەن، چەند هەست دەکەن ڕێز لەبۆچوونیان دەگیرێ، ئەو کەشە کەشێکی دیموکراتییە، کەشی ئازادیی بیروڕا دەربڕینە، بەڵام ئەگەر کەشێک دروست بوو هەرچی تووڕەبوو ئیستیقالەی کرد لەسەر شتێک بڵێن بەجەهەننەم بابڕواتەوە ماڵەوە ئەونا یەکێکی دیکە. من گوێم لەئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە وتوویەتی ئیتر نازی کەسمان پێ هەڵناگیرێ. بەڵام خۆ بیروڕا دەربڕین نازکردن نییە، هەڵوێست وەرگرتن ناز نییە، ڕەنگە ئەو هەڵوێست و ڕایە زۆر ڕاست نەبێ، بەڵام خۆماناى ئەوە نییە پشتگوێی بخەی.

**ڕووداو: هەست بە غەریبی کردن لەناو یەکێتی، لەسەر تێڕوانین و بەرنامەی جیاوازە، یان هەستکردنە بەمەغدووری؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ئەوانەی دەستیان کێشاوەتەوە هەموو پۆست و پلەوپایەیان هەبووە بۆیە لەو ڕووەوە گلەییان نییە، بەڵام لەنێو هەموو حیزبێکدا مەسەلەیەک هەیە زۆر گرنگە، مەسەلەی دروستکردنی بڕیارو هەڵوەشاندنەوەی بڕیار، ئەگەر دروستبوونی بڕیار نەبوو بە ئیرادەو ئاوێتەبوونی بیروڕای هەموویان و نەبوو بە ئیرادەیەکی هاوبەش و لەجیاتی ئەوە بوو بەسەپاندن، ئەوە وردە وردە دۆخێک دروست دەکات کە خەڵکەکە هەست بکەن غەریبن لەناو ئەو ڕێکخراوە. بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاریش بەهەمان شێوە، ئەمە پێیدەگوترێ ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی ڕێکخراو. ئەمە ئەو مەسەلە بنچینەییەیە کە ئەو برادەرانەی نیگەران کردووە نەک شتی دیکە.

**ڕووداو: تۆ خۆت لەبەر هەمان ئەم هۆیانە کشایەوە؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** نامەوێ باسی خۆم بکەم، بەڵام هەموو شتێک ڕۆژی خۆی دێ، من کابرایەکم دانیشتووم و کاروکاسبی دەکەم، واتە حەقی گلەییم نییە چونکە خۆم ئەمەم هەڵبژاردووە.

**ڕووداو: بەڵام لەبەر هەمان ئەو هۆکارانە نەبوو کە پاش ئەو هەموو ساڵە لەناو یەکێتی ئەوەت هەڵبژارد؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** من ڕامەکێشنە ناو ئەو باسە، ئێستا لەسەر هیچ شتێکی خۆم قسەناکەم.

**ڕووداو: لەحاڵەتی نەگەڕانەوەی ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی و چوونیان بۆ پاڵ نەوشیروان مستەفا، پێتوایە ئەوە دەبێتە زەمینەسازی بۆ دروستبوونی حیزبێکی دیکە؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** پێموایە ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە، شتێکی گاڵتەنییە بیر لەشتی وا بکرێتەوە. کاک نەوشیروان خۆی دیاردەیەکی ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەو بەدەرنییە لێی.

**ڕووداو: بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کەوا لیستی خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکات؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** کاک نەوشیروان لەسەر هەر شتێک ڕۆیشتبێت ئەمڕۆ کە باسی کێشەکانی ناو یەکێتی دەکرێ، کاک نەوشیروان واتە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و دەبێ باسی ئەویش بکرێ. من نامەم بۆ جەنابی مام جەلالیش نارد گوتم دەبێ تۆ ئەو کێشەیە لەگەڵ کاک نەوشیروان چارەسەربکەی، خۆ ئەو کێشەی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئیدارەی مەکتەبی سیاسی نییە، کێشەی ئەو ئاشکرایە لەگەڵ کێیە.

**ڕووداو: هەندێ کەس دەڵێن مام جەلال بەدەم چارەسەرکردنی ئەو کێشانەوە نەهاتووە، جاری پێشوو نەهاتەوە سلێمانی، ئەمجارەش کە دیسان کێشەکە تەقییەوە چووە کۆریا؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** مام جەلال ئێستا سەرقاڵی کارێکی گەورەیە کە پێیدەڵێن سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ئەو پۆستە خۆی چەندە گرنگە، مام جەلال بەکەسایەتی خۆی هێندەی دیکە گەورەتری کردووە. مام جەلال کەسێک نییە بتوانن بیکەنە پیاوێکی تەشریفاتی، بۆیە ئیشەکانی ئەوەندە زۆرو بەرفراوان بوون کە بەڕای من پێویستی دەکرد مام جەلال شێوازێکی بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی بدۆزیایەوە. مەسەلەی نەهاتنەوەی یان چوونی بۆ کۆریا لەبەرئەوەیە کە سەرۆک کۆمارەو پێشتر هەموو ئەو وادانەی دیاریکردووەو دەبێ پێوەی پابەندبێ، من لەوە نیگەران نیم، چونکە تائێستا چارەسەری نەکردووە، خۆ هەفتەیەکی دیکەش دەتوانێ بێتەوەو چارەسەری بکات، گرنگ ئەوەیە کە هاتەوە بۆ چارەسەرکردن بێتەوە.

**ڕووداو: بەڕای تۆ مام جەلال دەبێ چی بکات، ئێستا ئەوانەی ناڕازین دەڵێن ئەو گۆڕانکاریانەی کراون شتی جەوهەری نین؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ئەو گۆڕانکاریانە پەلەپەلی زۆریان پێوە دیارە، شتێکی گرنگ نییەو بەهیچ شێوەیەک جەوهەری نین. ئایا ئەو جێگۆڕکێیە توانی کێشە لەگەڵ نەوشیروان چارەسەر بکات، یان بەر بەئیستیقالەی ئەو چوارکەسە بگرێ، دەتوانێ ڕێگە لەوە بگرێ کە ژمارەیەک سەرکردەو تێکۆشەری دیکە سبەی دەست لەکار نەکێشنەوە؟ گۆڕانکاری ئەوەیە کە واقیعێکی خراپ بەرەو باشی ببات، نەک ئەوەی ببینین ڕۆژانە دەستەیەک وازدەهێنن، تەمەننام دەکرد ئەو گۆڕانکارییە پێش ئەوەی باسی ئەوە بکات ئەحمەد بچێتە شوێنی مەحموود، بەئاشتبوونەوەیەکی گشتی لەناو یەکێتی دەستی پێبکردایە.

**ڕووداو: بەڵام مام جەلال بۆ ئەوە هەموو دەسەڵاتێکی دابووە کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ئایا ئاشتبوونەوەی گشتی بە کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم دەکرێ بەتەنیا؟

**ڕووداو: پێتوایە نەوشیروان مستەفا بەکۆمپانیای وشەو ئامادەکردنی لیست بۆ هەڵبژاردن بتوانێ چاکسازییەک لەو بارودۆخەی کوردستان بکات؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** بەپێچەوانەوە من ترسم هەیە. لەگەڵ کاک نەوشیروان و زۆر برادەری دیکەش ئەو قسەیەم کردووە. من ئێستا زۆر لەم شارە دەترسێم، بواری نادرێ ببووژێتەوەو کەمێک بەخۆیدا بێتەوەو بازاڕو باری ئابووری بەگەڕ بکەوێ. هەر کاتێک شتێک دروست دەبێ کاردەکاتە سەر بازاڕو بازرگانی و کەسابەتی خەڵکی ئەم شارە. زۆر دەترسێم ئەو لیست و لیستکارییە لەکوردستاندا کە تەقالیدی دیموکراسی و گوێگرتنی لە بەرامبەر کەمە، ببێتە هۆی ئەوەی گرژی دروست ببێ و بەو هۆیەوە دۆخێک بێتە ئاراوە کە خەڵکی نابەرپرس سوودی لێوەربگرن و هەندێ شەڕوپێکدادان بنێنەوە. من ناڵێم کەس نیازی شەڕی هەیە، بەڵام دۆخی گرژ هەمیشە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێ، ئێمە ئەزموونی شەڕ لەگەڵ یەکتریمان زۆرترە وەک لەپێکەوەژیان.

**ڕووداو: ئەگەر تۆ هێشتا لەناو مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوویتایە لەگەڵ کام لەو دوو لایە دەبووی؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** ئەگەر بەبیرتان بێتەوە من تائێستا سێ جار ئیستیقالەم کردووە، جارێک لە کۆتایی ساڵی 1991، جاری دووەم کە پارێزگاری سلێمانی بووم هەر بەهۆی ئەم شێوەی ئیشکردنەی ئێستا وازمهێناو جاری سێیەمیش کە وەزیری ناوخۆ بووم دەستم لەکارکێشایەوە.

**ڕووداو: نیمچە کۆدەنگییەک هەیە کە ئەو گۆڕانکاریانەی تائێستا ڕاگەیێنراون لەئاستی چاوەڕوانییدا نەبوون، جاری یەکەم کە کۆسرەت ڕەسوڵیش لەگەڵ ئەو چوار کەسە بوو، لەسەر ئەو بنەمایە پاشگەز بووەوە کە چاکسازی دەکرێ، ئەگەر گۆڕانکارییەکان هەروا جێی ناڕەزایی بن، پێتوایە کۆسرەت ڕەسوڵ هەڵوێستێکی وەک ئەوەی پێشوو وەربگرێتەوە؟**

**فەرەیدون عەبدولقادر:** خۆ ئەوە یەکەمجار نییە کاک کۆسرەت دەست لەکاربکێشێتەوە، هێندەی ئاگاداربم کاک کۆسرەت سێ جار دەستی لەکارکێشاوەتەوەو هەڵوێستی وەرگرتووە.



**کاک کۆسرەت تائێستا سێ جار دەستی لەکار کێشاوەتەوە**



**ئەو چوار سەرکردە تێکۆشەرە دێرینە هەستیان دەکرد لەنێو یەکێتی دا غەریبن**

**ئێستا یەکێتی بووەتە ئەو ڕێکخراوەی کە سەرکردەکانی کەمتر یەکتریان خۆشدەوێ**

**زۆر دەترسم لیست دروستکردنەکەی کاک نەوشیروان گرژی لە سلێمانی دروست بکات**

روودا

## تاراوگە

### سویسرا شەماڵ ئازاد دەکات



رووداو –سلێمانی

◆ شـەماڵ ئەحمەد، پەنابەرێکی باشـووری کوردستانەو لە کانتۆنی لوزێرن لە سویسرا ماوەی 8 ساڵە داوای مافی پەنابەرێتی دەکات. دوای ئەوەی بڕیاری ناردنەوەی بۆ دەرچوو لە2008/10/14 لەلایەن پۆلیسـی سویسـرا دەسـتگیرکراو، رۆژی 2009/2/26 لەژێر فشاری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی ئازاد کرا. ئەحمەد عەلی، بەرپرسی فیدراسیۆنەکە لە سویسرا بە(رووداو)ی راگەیاند "لەکاتی دەستگیرکردنی ئەو پەنابەرەوە فیدراسیۆن بەردەوام لە چالاکیدابوو، تاوەکو ئازادکرا".

# ئەڵمانیا دەیەوێت کورد بنێرێتەوە سووریا

**سیروان حاجی بەرکل**
**رووداو- بەرلین**

ئەوە هەشت ساڵە ئازاد رۆستەم لە ئەڵمانیا دەژی . لەبەر کێشـەی سیاسی، ئەو کوردە 40 ساڵییە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە رۆژئاوای کوردسـتان رایکردووە . بەڵام تائێسـتا ئەو خێزانە کوردە مافی پەنابەری وەرنەگرتووە . رێککەوتنێکی نوێ لەنێوان سووریا و ئەڵمانیا، ئازاد رۆستەم و خێزانەکەی خستووەتە نێو مەترسی دوورخستنەوە لە ئەڵمانیا . نزیکەی 7000 کـەس، کـە زۆربەیـان پەناخوازی کوردن، لەبەر مەترسـی بە زۆر ناردنەوەدان بۆ سوریا .

بۆ پڕۆتەستۆکردنی ئەو رێککەوتننامەیە، کـە لـە 2008/7/14 واژۆکـراوەو لەسەرەتای سـاڵی 2009 کەوتووەتە واری جێبەجێکردنەوە، رەڤەندی کورد لە ئەڵمانیا ژمارەیـەک چالاکی نارەزایی نیشـاندان لە ئەڵمانیا سازدەکات.

هەفتەیەکـە ئازاد رۆسـتەم و گرووپێک پەناخوازی دیکەی کورد دەستیان بە مانگرتن لەخواردن کـردووە . لەبەرەبەیانەوە تاوەکو رۆژئاوابوون ئەو پەنابەرە کوردانە لەبەردەم وەزارەتـی ناوخـۆی فیدراڵـی لەبەرلینی پایتەخت مان لەخواردن دەگرن . ئەوان لەژێر ئاسـمانی کراوەدا بەو بەتانیانەی لەخۆیان پێچاوە کەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ سەرمای بەرلیـن . ئەوە ماوەیەکە بەفـر لە بەرلین دەبارێت و ئەگەر مرۆڤ ناچار نەبێت، لەماڵی خۆی نایێتـە دەرەوە . بەڵام 11 پەناخوازی کورد، کە لەسەرانسەری ئەڵمانیاوە هاتوون، لە بـەردەم وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەتەوە و بەنیازن درێژە بە مانگرتنەکەیان بدەن. ئازاد رۆسـتەم دەڵێت، ئەوان بە چالاکی مانگرتن لەخـواردن دەیانەوێـت رێککەوتنی نێوان ئەڵمانیاو سووریا پرۆتەستۆ بکەن. هەرچەندە تا ئێسـتا وەزارەت گوێی لە داواکاریەکانی ئەوان نەگرتووە، بـەڵام پەناخوازانی کورد نایانەوێت زوو تەسلیم ببن، وەکو ئازاد دەڵێ" ئێمە دەمانەوێ لێرە ئەنجامێک بەدەستبێنین.

پێویستە حکوومەت گوێ بۆ داواکاریەکانمان شـل بکات و بڕیارەکەی بـۆ گەڕاندنەوەی پەناخوازان هەڵوەشێنێتەوە" .

بـەڵام حکومەتی ئەڵمانیـا بەنیاز نییە داوای پەناخوازانی کـورد جێبەجێ بکات. وەزارەتـی نێوخۆی ئەڵمانیـای فیدرال بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە ئاگاداری رەوشی سوریاین"، بەڵام پێداگیری لەسەر ئەوە کرد کە هیچ پەناخوازێک ناگەڕێننەوە وڵاتەکەیان، ئەگەر بزانن لە وڵاتەکانیان هەڕەشـە لەسەر ژیانیـان هەیـە . وەزارەتی ناوخـۆ دەڵێ کاتێک پەناخوازێـک داوای مافی پەنابەری دەکات،دەوڵەتی ئەڵمانیا هەموو دەرفەتێکی بۆ دەرەخسـێنێ کە بسەلمێنێ لەوڵاتەکەی هەڕەشە لەسەر ژیانی ئەو هەیە، کە نەیتوانی ئەوە بکات ئیدی ئەو پەناخوازە مافی ئەوەی نامێنـێ لە ئەڵمانیا بمێنتەوە و پێویسـتە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی.

بەر لە واژۆکردنی رێککەوتنی گەڕانەوەی پەناخوازان لەگەڵ ئەڵمانیا، سووریا ئامادە نەبوو پێشوازی لە پەناخوازانی گەڕێندراو لە ئەڵمانیا بکات. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی تا ئێسـتا مافی پەنابەریـان وەرنەگرتووە، هیچ بەڵگەیەکیان لەبارەی ناسنامەکەیانەوە نەداوەتـە دەزگاکانی ئەڵمانیاو، ئەڵمانیاش نەیدەتوانی بیانگەڕێنێتەوە سووریا . بەڵام ئەو رێککەوتنە نوێیە گەڕانەوەیان ئاسان دەکات . ئیتر دەوڵەتی سووریا ئامادەیە پێشوازییان بکات.

بەگوێرەی زانیاری رێکخراوەکانی پەنابەران تا ئێسـتا هیـچ پەناخوازێـک بەگوێرەی رێککەوتننامە تازەکە نەنێردراوەتەوە سووریا . بەڵام دەکرێ لە داهاتوو روویدات.

کورد رەخنە لە سیاسەتی نوێی حکوومەتی ئەڵمانیا دەگرن. ئەوان دەڵێن ئەڵمانیا چاوی خۆی بەرامبەر رەوشـی ناخۆشـی کورد لە سـووریا دەنوقێنێ. پارتـە کوردییەکانی سـووریا لەدژی گەڕاندنەوەی پەناخوازانن . ئەوان لە لێدوانەکانیاندا پێشـێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەسـووریا و بەتایبەتی رەوشی کورد لە رۆژئاوای کوردستان، کە لەو ساڵانەی دواییدا زۆر خراپتر بووە، دەخەنە بەرچاوی رای گشتی.

رێکخراوەکانـی مافـی پەنابـەران لـە ئەڵمانیـاش رەخنە لـە رێککەوتنی نێوان ئەڵمانیاو سـووریا دەگرن . رێکخراوی Pro Asyl ئـەو پەیمانە وەکـو " هاوکاریکردنی دەوڵەتی ئەشکەنجەدەر" ناودەنێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە سووریا دەستگیرکردن و ئەشـکەنجەدانی نەیارانی رژێم لە رۆژەڤ دایـە . وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیـا لـە



> **ئەوانەی ژیانیان بکەوێتە مەترسییەوە نانێردرێنەوە، بەڵام ئەوانەی ناتوانن بسەلمێنن هەڕەشەیان لەسەرە دەبێ بگەڕێنەوە**
> وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بۆ (رووداو)

راپۆرتی سـاڵی 2008 لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە سـووریا دەنووسـێ، لە سووریا هاووڵاتیان دەسـتگیردەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن" ئەگەر ئـەوان لە دەرەوە نێوبانگی سـوورییایان خراپ کردبێت" یـان" زانیاری ناڕاست و هەڵەیان بڵاوکردبێتەوە" . بەگوێرەی ئەو راپۆرتـەی وەزارەتی دەرەوەش، هەموو پەناخوازانی کورد، ئەگـەر بگەڕێندرێنەوە سوریا دەکەونە ژێر هەڕەشەی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان.

ئازاد رۆسـتەم و هاورێکانی بـەردەوام هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی سـەرنجی وەزارەتی ناوخـۆ بۆخۆیـان رابکێشـن . یەکێک لەو کەسـانەی بڕیاریداوە مانگرتنی بێ سنوور درێژە پێبدات، عەبدولحەمید عوسمانە . ئەو کە تەمەنی 53 سـاڵە و باوکی 10 منداڵە، نۆ ساڵە هاتووەتە ئەڵمانیا و دووجار داوای مافی پەنابەری کردووە، بەڵام سـەرکەوتوو نەبووە لـە بەدەسـتهێنانی داواکەی . ئەو ئێستا بۆ جاری سێیەم کەوتووەتە هەوڵدانی بەدەستهێنانی مافی پەنابەری .

عەبدولحەمید، کە ماندووبوون و وەرەسی بەدەموچاوییەوە دیاربـوو، بەدەنگێکی نزم دەڵێ مەبەستی ئەو لەو مانگرتنە ئەوە نییە مافی پەنابەری بەدەسـتبێنێ " من نامەوێ یەک کەس بنێردرێتەوە سوریا، ئەو کەسەی دڕندەیی و هۆڤێتی رژێمی سوریای نەدیتبێ، نازانێ چەند ناخۆشـە کە مرۆڤ بکەوێتە چنگی ئەو رژێمـە خوێنمژەوە" . دیار نییە عەبدولحەمید و هاورێکانـی دەتوانن چەند رۆژی دیکە بەرگەی برسیبوون و سەرمای لە

# 55پەناخوازی دیکە رەوانەی کوردستان کرانەوە

## پەناخوازێک لە فڕۆکەخانەی هەولێر هێنرایەوە لەندەن

رووداو–لەندەن

رۆژی دووشـەممەی رابردوو نزیکەی 55 پەناخوازی کورد لە بەریتانیاوە رەوانەی کوردستان کرانەوە . ئەوان بەرەبەیانی رۆژی سێشـەممە گەیشتنە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

رەوانەکردنەوەی ئەو 55 کەسـە، لەدوای ئەوە دێت کە سوێدیش لە رۆژی 2009/2/12 پەنجا پەناخوازی عێراقی کە زۆربەیان کوردبـوون بە زۆرەملێ رەوانەی فڕۆکەخانەی بەغدا کردنەوە .سەنگەر کۆیی کە یەکێکبوو لـەو 50 پەناخـوازە بـە (رووداو)ی راگەیاند " 150 کۆماندۆی سـوێدی ئێمەیان بە تۆبزی سواری فڕۆکە کرد" .

ماڵپـەڕی Csdiraq گوتـی پێدەچێـت، فڕۆکەکە تایبـەت بێت بە کۆمپانیایەکی چیکـی، لەبەر ئەوەی فڕۆکەکە لەدوای رۆیشتنی لە لەندەن، چووەتە چیک و لەوێ بەنزینی تێکردووە، هەروەها بەپێی قسەی چەند پەناخوازێکیش ئاگادارییەکانی نێو فڕۆکەکە بە زمانی چیکی بوون.

هەروەها ئەو پەناخوازانە، ئەوەشـیان راگەیاند کە لەسـەرەتادا بە چەند پاسـێک لە کەمپی پەنابەرانی (ئۆکینگتن، هاسـلەر و دۆڤەر)ەوە برانە فڕۆکەخانەی ستانستێد لە لەندەن.

مژدە، کـە یەکێکبوو لـەو پەناخوازانـەی رەوانە کراوەتەوە، بەسەرهاتی گەڕانەوەی خۆی بەم شێوەیە دەگێڕێتـەوە" نزیکەی 100 پاسـەوانمان لەگەڵ بوو، کاتێکیش گەیشـتینە هەولێر، رێگەیان نەدا پەردەی پەنجەرەکانیش لابەرین بۆ ئەوەی تەماشای دەرەوە بکەین، کاتێکیـش دابەزین، هەر کەسـە و بـڕی 100 دۆلاریان دایـێ، بەڵام ئەوە چییە؟ ئێمە لێرە ژیانمان لە مەترسـیدایە و خۆشەویستەکەشم کە بەنیاز بووم ئەمساڵ بیکەمە هاوسەری خۆم، ئێستا لە بەریتانیا بە تەنیا ماوەتەوە" .

لەدرێـژەی گێڕانـەوەی چیرۆکەکانیـان، چەنـد پەناخوازێک ئەوەشـیان درکاند کە سـێ پەناخواز، دوای ئـەوەی خرابوونە نێو فڕۆکەکـەوە، هاتوونەتە خوارەوە، ئەمەش بە هەوڵی پارێزەرەکانیان و هەروەها پەناخوازێکیش رەوانەی هەولێر کرابووەوە، بەڵام بەهۆی بڕیارێکی دادگا، راستەوخۆ هەر بەهەمان فڕۆکە رەوانەی لەندەن کرایەوە.

بەپێی قسـەی وتەبێژی نووسـینگەی پەنابەرانی بەریتانی، لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، نزیکەی3300 پەناخوازی عێراقی لەسـەر داوای خۆیان گەڕاونەتەوە عێراق. بەڵام لەراستیدا ئەوانەی گەڕاونەتەوە ناچارکراون بگەڕێنەوە.

پەناخوازانـی کورد لە بەریتانیا لە دۆخێکی زۆر پڕ مەترسیدا دەژین، زۆریان شەوان لە ترسی ناردنەوەی بە زۆر لە نێو ئۆتۆمبێلەکانیاندا دەخەون نەک لە ماڵەوە.

لـە بـارەی ناردنەوەی ئەو 55 کەسـە، دەشـتی جەمال، لە فیدراسۆنی پەنابەرانی عێراقی گوتی" ئەمە حەوتەمیـن جارە لە ماوەی حـەوت مانگی رابردوودا، پەناخوازانی کوردی عێراقی بە فڕۆکە رەوانەی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە، فڕۆکە چیکییەکان، کۆمپانیای پاسـەکان، کامپـەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتـی ناوخـۆی بەریتانیـا، هەموویان بەرپرسـن لەم کارە و رۆڵیـان هەبـووە و دەبێ کردەوەکانیان ئیدانە بکرێت، لەبەرئەوەی بەم شێوەیە یاری بە ژیانی ئەو کەسانە دەکرێت" .






ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەشاری هەولێر
خولی راهێنان بۆ کادیرانی ئەندازەیی دەکاتەوە

ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەشاری هەولێر دەستی بەکردنەوەی خولە زانستییەکانی کرد بۆ کادیرانی تەکنیکی و ئەندازیاری، وەکو سەرەتاش کارەکانی خۆی لەگەڵ ئەندازیارانی فەرمانگەو دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێکردو لەو چـوارچێوەیەدا سـێ خـولی بەئەنجامگەیاند بۆ ئەندازیارانی (پارێـزگای هـەولێر، وەزارەتی تـەندروسـتی و وەزارەتی پەروەردە )هەروەها بەڕێوەبەرانی فرۆشـتن و بریکارانی کۆمپانیـای (دار الريان) لەهەردوو ناوچەی باکوور و باشـوور، سەرباری ئەنـدازیارانی زانکۆکانی باشوور (کەربەلا، دیوانیە، بابل، نەجەف).

خولەکانی داهاتوومـان ئەندازیارانی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی و نووسینگەکانی ئەندازیاری لەهەموو عێراق نەك هەر تەنیا کوردسـتان، دەگرێتەوە. ئامـانجی ئەکادیمیا هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە فەراهەمـکردنی نوێترین زانیاری بووە لەبوارەکانی تەکنیکی هەواسازی و لەسەر هەموو ئاستەکان. هەر خولێکیـش پرۆگـرامی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ ئاسـتی زانیارییەکان کە دەخوێندرێن و پێشکەش دەکرێن، هەروەها لەئایندەدا خولی دیکە بۆ بەشەکانی فرۆشتن و ناردنەبازاڕ دەکرێتەوە کە ئامانجـەکەی پەرەپێدانی تواناکانـە هەریەکەو بەگوێرەی بواری پسپۆڕیی خۆی، هەمووشی بەشـێوازی زانستیانە دەبێت لەڕێـی کادیرانی ئەندازیاریی پسپۆڕو بەتوانای سەر بە ئەکادیمیا. کۆمپانـیای (دارالريان) کە تاکە بریـکاری ئامێرەکانی هەواسازی LGیە لەعێراق رۆڵێکی گەورەو دیـاری هەبووە لەدامـەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەم ئەکادیمیایە کە بەهەماهەنگی لەگەڵ کـۆمپانیای (ئێڵ جی ئەلیکـترۆنیکس)ی کـۆری کاری کردووە. ئەم ئەکادیمیایە یەکەمین ئەکـادیمیای لەوجۆرەیە لەعێـراق کە کارەکانی مایەی سەرسامیی بـەڕێزان بەرپرسـانی هەرێمی کوردستان بووە، بەتایبـەتی لەو رووەوە کە رۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە لەبەخشینی زانیاری نوێ و پێشکەوتوو بەکادیرانی ئەندازیاری و تەکنیکی و بەخشینی بڕوانامەی دەرچوون بەو کادیرانەی بەشدارییان لەخولەکانی کردووە.

LG
www.lg-iraq.com








# کاروباری ژنان

سوهام خۆ دسۆژێت



ڕووداو-ئامێدی

◆ ژنەک خۆ دسۆژیت، ڕێژا 40% لاشێ وێ دهێتە سۆتن. بەیار حسێن کەسکێ نێزیک ژ ڕوودانێ بۆ (ڕووداو) دا دیارکرن کو" ل دەمژمێر 2:30 پشتی نیڤرۆیا ڕۆژا 2009/2/19 ژنەکا تەمەن 26 سالی بناڤێ (سوهام ) ل کۆمەلگەها سیرێ سەر ب قەزا ئامێدیێ، د سەرشۆیا مال خۆڤە خۆسۆت".هەروەها دیارکر" ئاڤبری ماوێ سێ سالانە شوو کریە و کێشە دنێڤبەرا وێ و مێرێ وێدا هەبوون". ژێدەرەکێ ژ نەخۆشخانا ئامێدیێ بو (ڕووداو) دیارکر" پشتی پێرابوونێن دسپێکی، هاتە ڤەگوهاستن بو نەخۆشخانا سوتنێ ل دهۆکێ". هەروەسا گۆت "دەستێن زەلامێ وێ ب سڤکی هاتبوونە سۆتن، وەختێ چۆبوو بۆ ڤەمراندنا ئاگری ل لەشێ هەڤژینا خۆ".

# خاسیە لەسەر 10هەزار دینار خۆی سووتاند





سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

لەســەر ئەو 10هەزارەی لەلای خاسیــە بوو، مێردەکــەی لێیدەکەوێتە گومان و ئەو سەر ئەوســەری پێدەکات تا بزانێ ئەو 10 هەزار دینارەی لە کوێ هێناوە، دوای ئەوەی خاسیە مەسەلەکەیشــی پێدەڵێ، ئەو هەر باوەڕ ناکات، بۆیە خاسیە لە داخان ئاگر لە خۆی بەردەدات.

ئێوارەی 2009/2/21، لەگەڕەکی کورانی هەولێر ژنێک بە ناوی خاســیە عومەر، 42 ســاڵ، ئاگری لەخۆی بەرداو 21%ی لەشی ســووتا. خاســیە دەڵێت دڵم لە پیاوەکەم پڕ بوو بۆیە خۆم سووتاند. سەرچاوەیەکی پۆلیس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە خاســیە سکاڵای لە سەر مێردەکەی تۆمارنەکردووە، بەڵام ئێســتا مێردی خاســیە لە زیندانی چاکســازی گەورانــی هەولێرە. خاســیە، کارگوزاری قوتابخانەیە، 8 ســاڵە شــووی کردووە بە پیاوێک کە ژنێکی دیکەی هەبووە تەڵاقیداوەو ســێ منداڵی لێبووە. بەهۆی ئەوەی خاسیە منداڵی نابێ، پیاوەکەی سێ مانگە ژنێکی دیکەی هێناوە.

ملازم ژیان تەلعەت، جێگری بەڕێوەبەری بەدواداچوونــی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەهەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " خاسیە لە ئیفادەکەیدا گوتوویەتی لەسەرخەرجییەکانی ماڵ لەگەڵ مێردەکەی بووەتە کێشــەیان، بۆیــە نەوتی بــە خۆی داکــردووەو خۆی ســـوتاندووە". ئێستا مێردی خاسیە بەپێی مــادە 240 لە یاســای ســزادانی عێراقی دەستگیر کراوە.

هەرچەندە ڕێژەی سووتانی خاسیە کەمە، بەڵام لەبەر قوڵی برینەکەی کە پلە سێیە، زۆر بەئەستەم قســەی دەکرد. خاسیە بۆ (ڕووداو) باسی لەوە کرد کە خۆی ڕازیبووە ژنی بەســەر بێت، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە "لەخۆم بێزار بووم".

دوای ئەوەی خاسیە ژنی بەسەر دێت، داوا دەکات ماڵی بۆ جیابکرێتەوە، پیاوەکەیشی ژوورێکی بۆ بەکرێ دەگرێت، بەڵام ماڵێکی ئەوتــۆی بۆ دانانێت. خاســیە ماوەی دوو مانگــە لەگەڵ پورە فەخــری، کە خاوەنی خانووەکەیــە، لەناو خانوویەکی 100مەتری دەژیت، کە تەنیا دوو ژوورە.

پــورە فەخری نەخۆشــی دڵــی هەیە، چاویلکەیەکــی لەچــاو دایە، بە ئەســتەم گوێبیستی قسە دەبوو، ئەو کاتەی خاسیە ســووتا ئەو لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو، ئاگادار بــووە خاســیەو مێردەکەی دەنگە دەنگیان بــووە، بــەڵام نەیتوانیوە بچێتە دەرەوە، لەناکاو گوێی لە زریکەی خاســیە دەبێت کە خۆی دەسوتێنێت، پورە فەخری دەڵێت "نەمتوانی بیکوژێنمەوە".

خاســیە کە بە ئاســتەم دەنگی دەهات ڕووداوی ســووتانەکەی خۆی بــۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "10 هەزار دینارم پێبوو، کە هی مۆبایلەکەم بوو فرۆشتبووم، مێردەکەم ئەو ســەر ئەوســەری پێکردم، گوتی ئەو پارەیــەت لە کــوێ هێنــاوە، منیش گوتم دەســکی مۆبایلەکەم فرۆشــتووە". خاسیە تەواو لە مێردەکەی پەســت دەبێ و دڵی لێ پڕ دەبێت "پێمگوت، چیت لێم دەوێت، دڵم پڕبوو، بەرداخێک نەوتم بەخۆم داکردو ئاگرم لە خۆم بەردا".

بەپێی قسەی خاسیە، لەو کاتەی ئاگری لەخۆی بەرداوە کەس نەبووە بیکوژێنێتەوە، مێردەکــەی لە بری ئــەوەی بیکوژێنێتەوە بە زەوی داداوە هەر بۆیە ســەری شــکاوە "کەس نەبوو بمکوژێنێتەوە، خۆم فڕێدایە ناو بەرمیلێک ئاو".

هەرچەندە خاســیە بە 9 تەقەڵ ســەری دووراوەتــەوە، بەڵام ملازم ژیــان ئاماژەی بەوەدا کە خاسیە لەلای پۆلیس دەڵێت خۆم بەر بوومەوە "سکاڵام لەکەس نییە، مێردەکەم زۆر خۆشدەوێت، ئێستا زۆر پەشیمانم".

خاســیە لەنەخۆشــخانەی ئێمرجنسی کەوتــووەو کــەس نییە چاودێــری بکات، کارمەندێکی نەخۆشــخانەی ئێمرجسنی بۆ (ڕووداو) گوتی "کەس نییــە نانی بداتێ"، دراوسێیەکیشــیان ئاماژەی بەوەدا لە دووەم ڕۆژی ســوتانەکە، بــرای خاســیە لــەلای دراوســێکان خۆزگــەی مەرگی خاســیەی خواستووە "گوتی خۆزگە بمردایە".

پورە فەخری، زۆر ستایشــی ڕەوشــتی خاســیەو مێردەکەی دەکرد، بەڵام ئاگاداری تەواوی کێشــەکەیان نەبووە، پورە فەخری دەڵێت مێردەکەی دوو شــەو لەلای خاسیە دەبوو دوو شــەویش لــەلای ژنەکەی دیکە "مێردەکەی کرێکاربوو، دەســتکورت بوو، کرێی دوو خانــووی دەدا، تەنیا ئەوەندە دەزانم خاسیە ژنی بەسەر هاتووە کێشەیان ئەوەبوو، بەڵام خۆی لە دادگا واژۆی کردبوو کە ژنی بەسەر بێت".

# باوکێک کچەکەی خۆی دەخاتە زیندان

## "کچم کەسێک سێ ژەمە برنج بخوات بێزار دەبێ، قەیدی چییە با پیاوەکەت لەگەڵ ژنی دیکە ڕابوێرێت"





ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

شــەرمین چیتــر نەیتوانــی بەرگــەی خیانەتی هاوسەرەکەی بگرێ، بۆیە بڕیاری جیابوونــەوەی دا، کاتێکیش ویســتی جیا ببێتەوە باوکــی تۆمەتی خیانەتکردنی دایە پاڵ و خستییە بەندیخانەوە.

شەرمین، 21 ساڵ، ناوی خوزراوی یەکێک لە زیندانیانی بەشــی ژنانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانییە. ئەو کە تراکسودێکی نیلی لەبەردایە لەسووچێکی ژووری زیندانەکە هەڵکوڕماوەو وەک ئــەوەی بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە دەڵێت "7 مانگە لێرەم تا ئێستا دادگا کێشەکەی یەکلایی نەکردوومەتەوە".

شــەرمین، چیرۆکی گەیشتنی خۆی بەو ڕۆژگارە بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "چیتر نەمتوانی بەرگەی خیانەتی مێردەکەم بگرم، بەبەرچاوی منــەوە ژنی دیکەی دەهێنایەوە ماڵەوەو لەگەڵی ڕادەبواردن".

شــەرمین بەو ئومێدە کێشەکەی لەلای باوکــی باســدەکات کە چارەســەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، بــەڵام باوکی نەک نابێتە فریاد ڕەس، بەڵکو تۆمەتیشی دەخاتە پاڵ "باوکم گوتــی دیارە دڵت بە کەســێکی دیکەوەیە بۆیە لە هاوســەرەکەت جیا دەبیتەوە، بۆیە بەگرتنی دام".

هەرچەنــدە ئامارێکی ورد لــە دادگاکان لەبەردەست نییە لەسەر حاڵەتی جیابوونەوە بەهۆی خیانەتی هاوســەری، بەڵام بەپێی قســەی مســتەفا ئیمان، کە بەڕێوەبەری کارگێڕی دادگای باری کەســی سلێمانییە، ڕێژەی جیابوونەوە بەهۆی خیانەتی هاوسەری لە زیادبووندایە "ڕۆژانە حاڵەتی جیابوونەوە بەهۆی خیانەتی هاوسەرییەوە دێنە دادگا".

بە پێی وتەی زانایانی ئاینی سەلماندنی خیانەتی هاوســەرگیری لەئاینی ئیسلامدا قورسە، بۆ ســەلماندنی خیانەت پێویستە چوار کەس شایەتی لەسەر ئەو خیانەتە بدەن بەمەرجێک شایەتی هەر چواریان وەکو یەک بێت و نابێت لە یەک وشەشــدا قسەکانیان جیا بن و دەبێ کردارەکەیان بەچاوی خۆیان بینیبێ.

شــەرمین دەڵێ باوکی ئەو بەرپرسێکی دەوڵەمەندی ناوچــەی ڕانیەیە و لەوکاتەی تەمەنی پانزە ساڵان دەبێت باوکی بەزۆر لە پاســەوانێکی خۆی مارە دەکات "من بەهیچ شێوەیەک بەو هاوسەرییە ڕازی نەبووم، بەڵام باوکم ســوور بوو لەسەر ئەوەی مێردی پێ بکەم".

ئەو هەرچەندە مێردەکەی بە کەســێکی بــاش و دەوڵەمەنــد وەســفکرد، بــەڵام ئەوە نەبووەتە مایەی دڵخۆشــی شەرمین "پیاوەکەم لەگەڵمدا باش بوو، بەڵام ئازاری دەروونی دەدام، بە بەرچاوی من لەگەڵ ژنی دیکە ڕایدەبوارد، ژنی وای دەهێنایە ماڵەوە کچەکەی تەمەنی منی هەبوو".

لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا دیاردەی بە زۆر بەشودان ماوە، کچەکە بەبێ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە، مارە دەکرێت لەو کەسەی خێزانەکەی بۆی دیاریدەکەن لەدواییدا تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دەبێت.

شــەرمین یەکێکە لەو کچانــەی بووەتە قوربانــی بڕیاری دەســتی باوکــی لەوەی کە بــەزۆر بە شــووی دەدات بێ ئاگاداری خــۆی مــارەی دەکات لەو کــوڕەی بۆی دیاریکردبوو.

کاتێک شــەرمین باوکی لەخیانەتەکانی هاوســەرەکەی ئاگادار دەکاتــەوە، باوکی لێی تووڕە دەبێــت و پێی دەڵێت "کچم لە هیچت کەم نییە، بــۆ بەدیار مێردەکەتەوە دانانیشی، یان دڵت بە کەسێکی دیکەوەیە"، هەروەها پێیدەڵێت "هەر کەسێک سێ ژەمە برنج بخوات بێزار دەبێ، قەیدی چییە ئەگەر مێردەکەت لەگەڵ ژنی دیکە ڕابوێرێت".

شەرمین ژیانی منداڵیشی بەدەردەسەری بردووەتە سەر بەتایبەتی دوای ئەوەی دایکی دەمــرێ و باوکی ژنێکی دیکە دەهێنێتەوە، بــەڵام مامەڵــەی باوەژنەکــەی زۆر خراپ دەبــێ و ناچــاری دەکات واز لەخوێنــدن بێنێت. شــەرمین گوتی "هەموو ڕۆژێک کە لەقوتابخانە دەگەڕامــەوە، باوەژنەکەم تێر قسەی پێدەگوتم، دواتریش باوکمی هان دەدا لێمبدات، زۆرجار دەموچاوم شین دەبووەوە، لەلای هاوڕێکانم دەمگووت بەربوومەتەوە".

شەرمین، سەرەڕای ئەوەی حاشا دەکات کە خیانەتــی لەهاوســەرەکەی کردبێت، لەهەمانکاتیشــدا نیگەران بــوو لەو هەموو توندوتیژییەی بەرامبەر کچانی دەڤەری ڕانیە دەکــرێ، بەتایبەتی لە بەزۆر بەشــوودانی کچان.هەروەها گلەییشــی لەدادگا کرد کە 7 مانگە کێشــەکەی یەکلایی نەکردووەتەوە "دادگا چوار دانیشتنی کردووە بۆ کێشەکەم نەیتوانیوە یەکلایی بکاتەوە".

شــەرمین، خوازیاری ئەوە بوو دادگا زوو کێشەکەی یەکلایی بکاتەوە بۆ ئەوەی چیتر لەناو بەندیخانەدا نەمێنێت "زۆری وەک من بــە بێ تاوان لــەو بەندیخانەیەن، دادگاش دەزانێ کە بێ تاوانن".

# زڕدایکی ئەیوب داوای لێبووردن ناکات

ڕووداو-هەولێر

زینەب گاڵتەی بەو حوکمە دێت، کە بۆی دەرچــووە "کوا لە ســێدارە دان ماوە، زۆر زۆر زیندانی هەتــا هەتایی دەکرێم". ئەو تا ئێستاش نکۆڵی لەوە دەکات کە زڕ کوڕەکەی خۆی کوشــتبێت و هیــچ کاتێکیش ئامادە نییە داوای لێبووردن لەو کەســانە بکات کە بەبینینی جەستەی زامدار و ئەشکەنجەدراوی ئەیوبی پێنج ساڵان، گریاون.

زەینــەب مــوراد ڕەســوڵ، زڕ دایکی (ئەیــوب)ی تەمــەن 5 ســاڵان، کە ڕۆژی 2008/2/12 دوای ئازارو ئەشــکەنجەیەکی زۆر بەدەســت بــاوک و زڕ دایکەکەیــەوە، گیانی لەدەســتدا. ئێستا زڕ دایک و باوکی ئەیوب حوکمی لەســێدارەدانیان بەســەردا سەپێندراوە.

ئەیوب منداڵی بچووکی خێزانەکەی بوو، خوشــک و برایەکی هەبــوو، دوای ئەوەی باوکی ئەیوب دایکی تەلاقداوەو ژنی دووەمی هێناوە، ئەو 3منداڵە بە بەردەوامی دەکەونە ژێــر چەپۆکی بــاوک و باوەژنەکەیان، زۆر لەگەڵیان خراپ دەبن، تەنانەت یوسف چەند جارێــک ئەیوبی کــوڕە بچووکەکەی لەبەر ســەرما و باران بەشەو لەســەربان بەتەنیا جێهێشتووە.

10ڕۆژ پێش ڕووداوەکە، یوسف بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەبەر سەرماو باران لەسەربان جێگەی بۆ منداڵەکەی ڕاخستووەو نەیهێشتووە لەنێو خانوودا بخەوێت. یوسف بەر لەمەرگی ئەیوب بە دراوســێیەکانی گوتبوو "منداڵی خۆمە، دەزانم چۆن پەروەردەی دەکەم، 4ڕۆژ سزای دەدەم، 2ڕۆژی ماوە".

عەمید هێــرش ئەحمــەد محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیســی نەهێشــتنی تاوانی هەولێر، باســی ئیفادەکەی زەینەب دەکات و دەڵــێ " لەلێکۆڵینــەوەدا دایکەکە دانی بەوەدانا،کە باوکی، ئەیوبی ئەشکەنجە داوەو لەسەربان بەستوویەتیەوە، ئەویش دەستی لەسەر دەمی ئەیوب داناوە تا خنکاوە ".

زەینەب لەزیندانی چاکسازی کۆمەڵایەتی ئافرەتان لەهەولێر، منداڵێکی ســێ ساڵانی لە باوەش گرتبــوو، ڕەنگە ماوەیەکی دیکە ئەو سزایەی بۆی دانراوە لەو منداڵەی جیای بکاتەوە، بەڵام زەینەب بەجۆرێک قســەی دەکرد وەک ئەوەی هیچ ڕووینەدابێ.

ئەگەرچی‌زەیبەب‌لەقۆناخی‌تۆمەتبارییەوە چووەتە قۆناخی تاوانباری، بەڵام ئێستاش نکوڵی لە تاوانەکەی دەکات و دەڵێت "ئەوە چیرۆکێکی دروستکراوە، پۆلیس شتەکەیان گەورە کردووە".

هەرچەندە زەینەب و یوسف لە ئیفادەی پۆلیس دان بە تاوانەکانیــان دەنێن، بەڵام زەینەب دەڵێت لەژێر فشــار ئەو قسانەی کردووە "ناچار بووم وابڵێم، ڕاستیەکەی کە بینیم ئەیوب نەخۆشەو دەم و چاوی شێواوە، هەندێک دەســتکاری دەموچاویم کرد بزانم چییەتی".

شــوێنەواری داخکردن لەســەر هەموو لاشــەی ئەیوبی پێنج ســاڵان دیاربوو، کە لاشەی داخکرابوو، جگەرە بەپشتیەوە نرابوو، بــەڵام زەینەب پێیوایە ئەوە ســیناریۆیەک بووە پۆلیس کێشــاویەتی، چونکە "پۆلیس قســەی پێگوتم منیش جوێنم پێدان، بۆیە شــێوەی دەم وچاوی منداڵەکەیان گۆڕی، ســوێند دەخۆم کە وایان کــردووە، ئەگەر بمانزانیایە ڕۆژمان بە ئێستا دەگات هەرگیز نەمان دەبردە نەخۆشخانە، کەسێک کەسێک بکوژێت چۆن دەیباتە نەخۆشخانە".

ساڵێک بەســەر ڕووداوی مەرگی ئەیوبدا تێپــەڕی، دادگاش بەپێی مــادەی 406ی یاسای ســزادانی عێراقی بڕیاری مەرگی بۆ زەینەب و یوســف دەرکرد. زەینەب بڕیاری لەســێدارەدان بە زوڵم دادەنێــت و داوا لە خەڵک دەکات ئەو هەســتە نەکەن کە ئەو بکوژی منداڵەکە بێت "هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ســزای مەرگم بەســەردا بسەپێنن، چونکە خۆم چوومە بنکەی پۆلیس، ئەگەر پیاوەکەم بیویستایە بەشێوەیەکی دڕندانە بیکوژێــت، بۆچی منداڵەکــەی بردووەتە نەخۆشخانە، هەڵدەهات".

زەینەب لێدانی منداڵ بەشتێکی ئاسایی دەزانێت وتەنانەت حەزیدەکرد لەسەرلێدان حوکمدرا بووایــە "ئەو منداڵانە دەربەدەر بوون من وەرمگرتنەوە ئاســاییە ئەگەر زللەیەکیشم لێدابن". وەک لە قسەکانیدا دەردەکــەوێ زەینەب نــە تەنیا لەگەڵ زڕ منداڵەکانــی توندوتیژ بووە، بەڵکو لەگەڵ منداڵە تەمەن 3 ساڵییەکەشــی توندوتیــژە "ئەو منداڵەی باوشــم، کە منداڵی خۆمە تا ئێســتا 100جار فەرمانگە موحاسەبەی کردووم لێی نەدەم دەبینم ئیشێک دەکات زللەیەکی لێدەدەم".

کاتێک وێنەی ئەشــکەنجەدراوی ئەیوب لــە ڕێگەی میدیاکان بڵاوکرایەوە کەم کەس هەبوو بتوانێ، بەرگەی ئەو دیمەنە تراژیدیایە بگرێت و نەگری، کاتێک بیستیان زەینەبیش لەســەر ئەشــکەنجەدانی ئەیوب لەسێدارە دەدرێ، خۆشحاڵ بوون، زەینەب دەڵێ "زۆر زۆر هەڵەن بە مەرگی ئێمە خۆشــحاڵ بن، لەبەرئەوەی ڕاســتییەکەی نازانن، ئەو چیرۆکانە دروستکراون".

زەینــەب ئامادەنەبــوو داوای لێبووردن لــەو خەڵکانە بکات کە بەبینینی لاشــەی ئەشکەنجەدراوی ئەیوب گریاون باسی لەوە دەکرد ئەگەر لە سێدارە بدرێت، دواین قسەی ئەوە دەبێت "گوناهی من هەموو لە ئەستۆی ئەو خەڵکەیە، چونکە ڕووداوەکە هی ئەوە نەبوو پێی لە سێدارە بدرێم".



شوێنەواری ئەشکەنجەدان لەسەر لاشەی ئەیوب





زەینەب موراد

## کۆمەڵایەتی



### سەفین خۆی خنکاند

ڕووداو-خەبات

◆ ڕۆژی 2009/2/22، تەرمی سەفین محەممەد قادر، 23ساڵ لە ناو زێی کەڵەک دۆزرایەوە، سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خەبات بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سەفین دانیشتووی گەڕەکی تەیراوەی هەولێرە، سێ ڕۆژ بوو بزر ببوو پاشان لە ناو زێی کەڵەک دۆزرایەوە، سەفین جلەکانی لەبەر کردبووەو دیاربوو خۆی خنکاندووە. سەرچاوەکەی پۆلیس ئەوەشی گوت کە "تووشی نەخۆشی دەروونی هاتبوو، بردبوویانە لای دکتۆرو شێخ و مەلا، جاری تر هێنابویانە کەڵەک بۆیە گەڕابووەوە لێرە خۆی خنکاند".



وەلید خالید

### لە میوانداری پۆلیسی موسڵ دا کوژران

# کەناڵی (الرأي) ئاهەنگی کوژرانی 3 سەربازی ئەمریکی و وەرگێڕێکی کورد دەگێڕێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەو ڕۆژەی خالیدو خێزانەکەی لە بازاڕی قەیسەری هەولێر خەریکی کڕینی زێڕ بوون بۆ ڕۆژی ژن مارەکردنی وەلیدی کوڕیان، وەلید لەگەڵ 4 کەسی دیکە کە سیانیان ئەمریکی بوون بە فێڵێکی پۆلیسی موسڵ کوژران. کەناڵی ئاسمانی (الرای)یش خۆشی خۆی بۆ کوژرانیان نیشاندا.

نیوەڕۆی 2009/2/24، لە موسڵ، دوای ئەوەی دوو وەرگێڕی کورد و سێ ئەمریکی داوەتی بنکەیەکی پۆلیس دەبن لە موسڵ، لە ناو بنکەکە دەستڕێژی گوللەیان لێکراو لە ئەنجامدا وەلید و 3 ئەمریکی کوژران و، وەرگێڕەکەی دیکەش بریندار بوو.

وەلید خالید خۆشناو، 25ساڵ، کە خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبوو، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەزانی، ماوەی 4ساڵ بوو لەگەڵ کۆمپانیای GLSی ئەمریکی کاری دەکرد، 18مانگیش بوو کارەکەیان کەوتبووە موسڵ.

هیوا ئەحمەد، 26ساڵیش، کە ئەویش وەرگێڕ بوو، دەرچووی کۆلێژی یاسایە، زیاتر لە 5مانگە لەگەڵ ئەمریکییەکان کار دەکات، ئەو دەڵێ ئەوە پیلانی پۆلیس بوو، لەو پیلانەدا سێ گوللە بەر دەست و ران و سکی هیوا کەوتن و، ئێستا لەنەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێرە، بەڵام باری تەندروستی سەقامگیرە.

ئەو کۆمپانیایەی وەلیدو هیوا کاریان تێدا دەکرد، لە بواری ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاریدا کاری لە موسڵ دەکرد. وەک باوکی وەلید دەڵێت کوڕەکەی بەشداری شەڕی نەکردووە، بۆیە هیوای دەخواست تۆڵە لە بکوژانی بکرێتەوە" کۆمپانیاکە کۆمەکی بەسەر لێقەوماوان دابەشدەکرد، پردو بینایەی دروستدەکرد، ئەو ڕۆژەی وەلیدیان لەگەڵ نەبووایە نەیاندەتوانی نان بەسەر خەڵکدا دابەشبکەن".

خالید خۆشناوی باوکی وەلید، لە چوارەم ڕۆژی پرسەی کوڕەکەی لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لەو میوانانە دەکرد کە بۆ سەرەخۆشی دەهاتنە ماڵیان. خالید کە ئەفسەری هەواڵگرییە لە ئاسایش، خۆڕاگرییەکی زۆری پێوە دیاربوو بۆ مەرگی کوڕەکەی و وەک ئەو دەڵێت "خودا قەدەرێک بێنێت بە گریان ناگەڕێتەوە".

خالید پێی خۆش نەبووە کوڕەکەی لەگەڵ ئەمریکییەکان کار بکات، چونکە بە کارێکی مەترسیداری زانیوە، چەندین جار بۆمبی چێنراویان پێدا تەقیوەتەوە، بەڵام خالید دەڵێت کوڕەکەی بە نیازی چوونە ئەمریکا لەگەڵیان کاری دەکرد "وەلید دەیگوت ئەمریکییەکان بەڵێنی ئەمریکایان پێداوم".

خالید باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە وەلیدی تێدا تیرۆرکرا، خالید لەگەڵ خێزانەکەی دەچێتە بازاڕی قەیسەری هەولێر، بۆ کڕینی زێڕ کە بەنیاز بوون دوای هەفتەیەکی دیکە، وەلید ئامۆزایەکی مارە بکات، خالید نانی ئێوارەش هەر بەو خەیاڵەوە دەخوات، بەڵام بە تەلەفۆنێک هەرچی خەو و خەیاڵێکی دەبێت لەیاد دەباتەوە، کە خەبەری مەرگی کوڕەکەی بوو.

خالید ئاماژەی بەوەدا، لەو کاتەی کوڕەکەی لە موسڵ بووە لەلایەن موقەدەمێکی پۆلیسی موسڵەوە زیاترلە 10جارلەگەڵ ئەمریکییەکان داوەتکراوە بۆ نان خواردن، بۆیە بە تەواوی لێی دڵنیا دەبن، تەنانەت ئەمریکییەکان گوللەبەندەکانیشیان لەبەر دەکەنەوە.

وەلیدو هیواو ئەمریکییەکان لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی بنکەکە سەرقاڵی گفتوگۆو نان خواردنی نیوەڕۆ دەبن، لەوکاتەدا لە پەنجەرەوە دەستڕێژی گوللەیان دەکرێتە سەر، خالید دەڵێت لەلایەن دوو پۆلیسەوە بووەو لە دەرەوەش کەسێک چاوەڕوانی کردوون تا بە ئۆتۆمبێل بیانڕفێنێ.

ئومێد حوسێن، کوڕە خاڵی هیوا، لە نەخۆشخانە لەلای هیوا بوو چاودێری دەکرد، باسی لە ڕەوشی هیوا کرد کە دەتوانێت قسە بکات و، تا ئێستاش 2جار ئەمریکییەکان هاتوونەتە لای پێیانگوتووە چیت دەوێت بۆت دەکەین "ئەمریکییەکان دەیانگوت هەموو پۆلیسەکانی بنکەکەمان دەستگیرکردووە".

ئومێد ئاماژەی بە قسەکانی هیوا دەدا، لەو کاتەی لە ژوورەوە کۆبوونەوەیان کردووە، دەستڕێژیان کراوەتە سەر "هیوا تەنیا کەسێکی بینیوە کە تەقەی لێکردوون".

خالید گومانی لەوە هەیە ئەو ڕووداوە لەلایەن پۆلیسەوە بە تایبەتی بەڕێوەبەری بنکەکەوە پلانی بۆ داڕێژراوە، چونکە ئەوانیش لەگەڵیان بوونە کەچی هیچیان برینداریش نەبوونە "شتەکە دیارە، ئەگەرنا بۆچی پۆلیسێک نەکوژرا، ئاشکرا بووە کێیە و کێ کوشتوویەتی".

لەگەڵ ئەوەی وەلید خزمەتی ئەمریکییەکانی کردووە، بەڵام تا ئێستا دڵنەوایی خێزانەکەیان نەداوەتەوە، خالید دەڵێت "نازانین بۆ نەهاتن، خۆم دەچمە لای ئەمریکییەکان".

لەلایەک بنەماڵەی سێ ئەمریکییەکەو وەلید، خەمباری مەرگی کوڕەکانیانن و هیواش بەدەم برینەکانییەوە لە نەخۆشخانە دەناڵێنێت، لەلایەکی دیکەوە چەکدارەکان خۆشحاڵی خۆیان بەو کردەوەیە دەردەبڕن و، کەناڵەکەی مشعان جبوری (الرای) کە شوێنگرەوەی کەناڵی (الزورا)یە، چوار ڕۆژە ئەو کردەوەیە و ئەو پۆلیسانە وەک پاڵەوان پیشاندەدات.



وەلید خالید، تەمەن 25 ساڵ

### شیلانی حەوت ساڵان بووە مایەی خەڵات وەرگرتن

# کۆشکی سپی خەڵاتی باشترین وێنەگری ساڵ دەداتە ئەندریا

**ڕووداو- pdnonline**

ئەندریا بروس، وێنەگری ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمەریکی، خەڵاتی باشترین وێنەگری ئەمساڵی لەلایەن کۆمەڵەی وێنەگرانی کۆشکی سپییەوە پێ بەخشرا، بە وێنەی کچە کوردێک کە لە قەزای خورماتووی سەر بە پارێزگای تکریت، گرتوویەتی لەکاتی خەتەنەکردن دا.

هەروەها وێنەگری گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمەریکی، چارلس ئۆمانای نازناوی باشترین وێنەی سیاسی ساڵی پێدرا، ئەویش بە وێنەیەکی باراک ئۆباما کە لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی لەبەردەم کۆشکی سپی، گرتبووی.

ئەندریا لەو کاتەی ئاگادار کرابوویەوە کە خەڵاتی باشترین وێنەگری ساڵی وەرگرتووە، لە عێراق بووە و سەرقاڵی کار بووە.

لەو وێنەیەی ئەندریادا، کە (ڕووداو) وەک فۆتۆ نیوز لە لاپەڕە 1ی ژمارە 38دا بڵاویکردەوە، شیلان ئەنوەر عومەر، بەدەست ئازاری خەتەنەکردن هاوار دەکات، ئەوکاتەی لەلایەن مەحروب جەوادەوە خەتەنەدەکرێ.

ئەمە چوارەمین جارە کە ئەندریا بروس خەڵاتی باشترین وێنەگری ساڵی پێ دەبەخشرێ.



ئەو وێنەیەی خەتەنەکردنی شیلان ئەنوەر، کە ئەندریا بروس خەڵاتی کۆشکی سپی پێ وەرگرت

### کچە سەماکارێکی عێراقی:

# ئەو وڵاتە وڵاتی منە کە بە ئازادی تێیدا سەما دەکەم

**رزگار کۆچەر- دیمەشق**

بەسەرپۆشێکەوە هاتە ژوورەوەو هەرکە دانیشت سەرپۆشەکەی لەسەری کردەوەو بە پەنجەکانیشی قژە خاوەکەی هێنایە سەر ئەو ملوانکە زێڕینەی نەخشەی عێراقی لەسەر دروستکرابوو.

شەیما حاتەم عەزاوی، تەمەن 23 ساڵ، باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە بەغدای بەجێهێشت، وەک خۆی دەڵێت، ئەوتەمەنی 10 ساڵان بوو کاتێک لەگەڵ خانەوادەکەی بەمەبەستی کارکردن ڕوویان کردە بەغدا، هەموو ئەو شەوانەی لە خەیاڵە کاتێک ماڵەکەیان تا درەنگانی شەو وەک یانەیەکی شەوانەی لێدەهات، لەگەڵ گێڕانەوەی باسی ئەو ڕۆژانە جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و دەڵێت "ئەوکات باری بژێویمان زۆر باش بوو، زۆربەی پیاوە گەورەکانی حکومەت ڕوویان لە ماڵی ئێمە دەکرد، هەموویان دۆستی دایکم و پوورەکانم بوون". ئینجا بەپێکەنینەوە دەڵێت "هەمان ئەو کارەی ئێستا من دەیکەم جاران دایکم و پوورەکانم دەیانکرد، سەماکردن لە ڕەچەڵەکەوە بۆ ئێمە بەجێماوە، نانمان لەسەر سەماکردنەو تەنانەت خەرجیی ڕۆژانەی براکانیشم دابین دەکەین".

شەیما کە خۆی و خوشکەکانی لەسەر دەستی دایکیان فێری سەماکردن بوونە، بەسەرسامییەوە باسی دایکی دەکات و دەڵێ "لەسەماکردن ماندوو نەدەبوو، کە لە ئاهەنگەکان لەگەڵی دەردەچووین پارەیەکی زۆری لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە چونکە لە لەرزاندنی لەشی بەهرەیەکی سەیری هەبوو، ئەوکات ئێمە منداڵ بووین کە پیاوە حیزبییەکان پارەیان بەسەردا دەباراندو من وخوشکەکانم پارەکانمان لەژێرپێی کۆدەکردەوە، جاری وا هەبوو هەندێک پارەمان لێ لادەداو دەچووین بەدزییەوە شتمان پێدەکڕی".

لەسەردەمی ئەوەی پێیدەگوترا (حەملەی ئیمانی) کە هەڵمەتێکی ڕژێمی بەعس بوو بۆ چەواشەکردنی خەڵکی عێراق لەپاش جەنگی دووەمی کەنداو، هەموو یانەکانی شەوان داخران و فیداییەکانی سەددام لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتەدا ملی زۆر ئافرەتیان بەتۆمەتی لەشفرۆشی پەڕاند، لەناو ئەو ترس و تۆقینەدا هەموو ئەوانەی بژێویی ژیانیان لەسەر ئەوە بوو، بەزەحمەتییەکی زۆر خۆیان دەربازکرد، کەچی لەکۆشکەکانی عودەی و پیاوە دەسەڵاتدارەکانی بەعسدا هێشتا هەر هەمان بەزموڕەزمی شەوانە درێژەی هەبوو. شەیما دەڵێت "ناچار بووین بچینە ئەو ئاهەنگانەی ڕەفیق حیزبییەکان سازیان دەکرد، چەند جارێکیش لەسەر سەما کردن دەستگیرکراین، لە زیندانیش دەبوو تا درەنگانی شەو لەبەردەم ئەفسەرو پۆلیسەکانی ناو زیندان سەما بکەین".

پاش نەمانی ڕژێمی بەعس، بۆ ماوەیەکی کەم بازاڕی کاری شەیماو خوشکەکانی و ئەوانەی وەک ئەوان لەسەر سەماکردن دەژیان، تەواو بووژایەوە. شەیما دەڵێ "دەیانبردینە لای ئەمریکییەکان، ئەوان دۆلاریان بەسەردا دەباراندین کە لەبەردەمیان سەمامان دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد بارودۆخی ئەمنیی تێکچوو، چەند جارێک هەڕەشەنامەیان فڕێدایە ماڵمان و هەر لەو ماوەیەدا میلیشیا چەکدارەکان زۆر ئافرەتیان پارچە پارچە کرد، ئیدی ناچاربووین عێراق بەجێبهێڵین".



شەیماو خوشکەکەی یەکەمجار ڕوو دەکەنە ئوردن و ماوەیەک بەبێ کاری دەگوزەرێنن تا یەکێک لە هونەرمەندە ناسراوەکانی بەغدا کارێکیان لەیانەیەکی شەوانە بۆ دەدۆزێتەوە، دواتر لەڕێگەی بازرگانێکی گەورەوە دەچنە شام و نزیکەی دوو ساڵ دەبێت لەیانەیەکی شەوانە لەوشارە سەما دەکەن. شەیما دەڵێت "ئێستا شەوانە عێراقییەکان زۆر ڕوو لەو یانەیە دەکەن، زۆریان کوردن، ئێمەش تا بەرەبەیان سەمایان بۆ دەکەین، ئەوان زۆربەیان ئەو گەنجانەن کە بۆ گەشتوگوزار ڕوو لە شام دەکەن". هەروەها دەڵێت "کە دەڕۆنە دەرەوە گیرفانەکانیان بەتاڵ بووە، هەرچی پارەی کە پێیان بووە بەسەری ئێمەیاندا کردووە".

شەیما بەنیازنییە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە عێراق و دەڵێ "تازە عێراق بۆ ئێمە دۆزەخە، عێراق بۆ ئێمە بوو بەیادگارییەکی کۆن"، هەروەها قسەکانی بەوە کۆتایی پێدێنێ و دەڵێت "ئەو وڵاتە وڵاتی منە کە بە ئازادی تێیدا سەما دەکەم".

# خەتەنەکردنی کچان ڕووی لەکەمبوونە

**ڕووداو-هەولێر**

وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرقاڵی ئامادەکردنی ئامارێکە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو لەکوردستان، بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان، خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان ڕووی لەکەمبوونەو وەزیری مافی مرۆڤیش دەڵێت " هەرکەسێک کچان خەتەنە بکات سزا دەدرێت".

د.شوان عەزیز، وەزیری مافی مرۆڤ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تا ئێستا هیچ ئامارێکی فەرمی لەبەردەستدا نییە، لەسەرخەتەنەکردن، بۆیە سەرجەم نووسینگەکانی مافی مرۆڤیان ئاگادار کردووەتەوە،کە ئامارێکی فەرمی سەبارەت بە ڕێژەی خەتەنەکراوان لەسنووری نووسینگەکانیان ئامادە بکەن.

د.شوان عەزیز، ئاماژەی بەوەدا تا ئێستاش دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان لە هەندێک ناوچەی کوردستان هەر ماوە " لەناوچەی گەرمیان و پشدەر ئەم دیاردەیە هەیە، ڕێژەی ئافرەتی بەتەمەن زۆرە کە خەتەنە کرابێت، بەڵام لەنێو ژنە تەمەن کەمەکان و کچان ڕێژەکە لە دابەزیندایە".

زۆربەی ئەو کچانەی خەتەنە کراون، تا ئێستاش بەدەست ئازاری دەروونی خەتەنەکردنییانەوە دەناڵێنن. (ز.م) 21ساڵ، تەمەنی 4ساڵان بووە کە لەلایەن ژنێکی پیری دراوسێیانەوە خەتەنە کراوە "کە خەتەنەکرام ئازارێکی زۆرم هەبوو و پڕ بە دەمم هاوارم دەکرد و دەگریام"، بە وتەی (ز.م) بچووکی تەمەنی وایکرد کە لەنێو خوشکەکانیدا تەنیا ئەو خەتەنە بکرێ "خوشکەکانم لە من گەورەتربوون بۆیە ڕوویان نەهاتووە خەتەنەیان بکەن"، ئەو کچە دەڵێ ئەگەر لە ئایندەدا ببێتە دایکی کچێک هەرگیز ئامادەنییە کچەکەی خەتەنە بکات "نامەوێت ئەوەی بەسەر خۆم هات بەسەر منداڵەکەم بێت".

### هەر کەسێک کچان خەتەنە بکات سزا دەدرێت

وەزیری مافی مرۆڤ

وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوەدا، ئەوان بڕیاریانداوە هەر کەسێک کچان و ئافرەتان خەتەنە بکات، وەک سەرپێچیکارێکی یاسا کاری لەگەڵ بکرێ و سزا بدرێ "هەر کەسێک ئەو کارە بکات بەپێی یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێ".

بەپێی ڕەشنووسی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە، خەتەنەکردن دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی و سزاکەشی زیندانیکردنە، کە لە 3 ساڵ پتر نەبێ.

بەپێی توێژینەوەیەکی نووسینگەی مافی مرۆڤ لەچەمچەماڵ، کە تاکە توێژینەوەی فەرمییە لەبارەی خەتەنە، دەرکەوتووە خەتەنەکردنی ژنان ڕوو لە کەمبوونە. ئەو توێژینەوەیە کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، لەڕۆژانی 12-2009/1/13 لەسنووری قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی شۆڕشدا ئەنجامدراوە لەڕێگەی فۆرمێکەوە کە حەوت پرسیاری لەخۆگرتووەو بەسەر 513 قوتابی کچدا دابەشکراوە.

لەراپۆرتی توێژینەوەکەداهاتووە "45%ی ئەو کچانەی تەمەنیان لەنێوان 19- 23 ساڵیدایە خەتەنەکراون، بەڵام 23.2%ی ئەو کچانەی تەمەنیان لەنێوان 11-13 ساڵیدایە خەتەنە نەکراون". بەپێی ڕاپۆرتەکە خەتەنەکردنی کچان بە ڕێژەی 10% کەمبووەتەوە.

لەراپۆرتەکەدا هاتووە هەرچەندە ڕێکخراوەکانی سنووری چەمچەماڵ، هیچ ئامارێکی فەرمیان سەبارەت بەڕێژەی خەتەنەکردن لەبەردەستدا نییە، بەڵام پێیانوایە 90%ی ژنە بەتەمەنەکانی سنوورەکە خەتەنە کراون.

بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکە تایبەتە بە گوندنشینەکانی ناوچەکە، تێیدا هاتووە "ژمارەیەکی زۆری ئافرەتە بەتەمەنە گوندنشینەکان خەتەنەکراون، بەڵام بۆ کچان ڕووپێوییەک لەگوندی تیلەکۆی سەر بەناحیەی سەنگاو ئەنجامدراوە، لەنێو 46کچی گوندەکەدا کە تەمەنیان لەنێوان 2- 21 ساڵیدا بووە، تەنها 6 کچ خەتەنەکراون".

د.شوان عەزیز، ئاماژە بەئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەکات ودەڵێ " گۆڕانێکی بەرچاو بەدی دەکرێت لەکەمبوونەوەی ڕێژەی خەتەنەکردنی کچاندا، دڵنیام ئەم دیاردەیە بەتێپەڕبوونی کات کەم دەبێتەوە".

وەزیری مافی مرۆڤ، پێیوایە وەزارەتی ئەوقاف بۆ کەمککردنەوەی ئەم دیاردەیە ئەرکێکی قورسیان لەئەستۆدایە " دەبێت وەزارەتی ئەوقاف و مامۆستایانی ئاینی ئەوە ڕوونبکەنەوە کە ئەم دیاردەیە لەئاینی ئیسلامدا داوا نەکراوە، ئەم دیاردەش دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە بەو شێوە بەربڵاوە نییە کە باس دەکرێت".



کچێک پاش خەتەنەکردن (فۆتۆ: ئەندریا بروس)

# ژنانی ڕووسیا منداڵ دروست ناکەن



## ڕووسیا کەوتووەتە مەترسییەوە

**ڕووداو-مۆسکۆ**

بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیانەی لە ماوەی دواییدا سەبارەت بە ڕەوشی ژنانی ڕووسیا ئەنجامدراون، دەرکەوتووە ژنانی ڕووسیا نایانەوێ منداڵ دروست بکەن، هۆکاری ئەوەش بە گشتی هەژارییە.

بەگوێرەی ئەنجامی ئەولێکۆڵینەوانە، ئاستی نزمی بژێوی ژیان و گرانبوونی پێداویستییەکان ئاستەنگی بەردەم دروستکردنی منداڵن لەلایەن ژنانی ڕووسیا.

هەرچەندە زۆربەی ڕووسەکان پێیانوایە ڕەوشی دایکان لە پێشان باشتربووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەنجامێکی دیکە دەخەنەڕوو. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانی سەربە نلوەندی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوتووە ژمارەی ئەو ژنانەی دەیانەوێ منداڵیان ببێ زۆر کەمە.

بەگوێرەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە تەنیا 5%ی ئەو ژنانە دەیانەوێ لەو یەک دوو ساڵەی داهاتوودا منداڵ دروستبکەن، بەڵام 60%ی ئەوانەی بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردووە منداڵیان نییە و ناشیانەوێ منداڵیان ببێ.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەم منداڵ دروستکردن، بریتین لە خراپی باری ئابووری، گرانبوونی نرخی کەلوپەل، هاوکاری کەمی حکومەت بۆ منداڵ دروستکردن. هەروەها کەموکوڕییەکانی ناوەندەکانی پەروەردەکردنی منداڵان، ڕەوشی خراپی تەندروستی دایکان و منداڵان، کەمی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونیش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ژن نەخوازن منداڵ بێننە سەر دونیا.

هەروەها بەگوێرەی ئاماری دەزگاکانی تەندروستی ساڵانە 2 ملیۆن ژن منداڵەکانیان لەبار دەبەن . لەلایەکی دیکەوە لەو ساڵانەی دواییدا ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیا زۆر کەمبووە. ئەمەش بووەتە مایەی مەترسی بۆ بەرپرسانی ئەو وڵاتە. بەرپرسانی ڕووسیا ئاماژە بە ترسناکی نەمانی خێزان دەکەن و ڕایدەگەیێنن ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە درێژەی هەبێت، هاوسەرگیری و خێزان نامێنێ.

لەوپێوەندییەدا، بۆ هاندانی منداڵبوون لە ڕووسیا کاری سەرنج ڕاکێش ئەنجامدەدرێن. پارێزگاری ئلیانۆڤسک لە ئێستاوە ئاشکرای دەکات ئەوژنانەی لە 12ی حوزەیران منداڵیان ببێ خەڵات دەکرێن. ڕۆژی 12ی حوزەیرانی ڕۆژی لەدایکبوونی دامەزرێنەری یەکێتی سۆڤیەت (لینین) ە. سێرگیێ مارۆزۆڤی پارێزگار دەڵێ ئەوان ڕۆژی 12ی ئەیلولی وەکو ڕۆژی سێکسکردن دەستنیشان کردووە، لەو ڕۆژەدا پشوو دەدەنە کارمەندەکانیان تاوەکو لەماڵ سێکس بکەن و منداڵ دروست بکەن. پارێزگار بڕیاریداوە زۆر کەلوپەلی نێو ماڵ وەک خەڵات بداتە ئەو ژنانەی منداڵ دروست دەکەن.

بەهۆی ئەو هاندانەی پارێزگار، لەساڵی ڕابردوو 78 منداڵ لەو شارە لەدایکبوون. پارێزگار یەکەمین دایک کە لە ڕۆژی 12ی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو منداڵی بوو بە ئۆتۆمبێلێک خەڵات کرد.



بەگوێرەی پێشبینییەکان لە ساڵی 2030دا ژمارەی دانیشتووانە موسڵمانەکان لە مەسیحییەکان زیاتردەبێ لەڕووسیا. ئێستاش لە هەموو ئەورووپا ڕووسیا خاوەن زۆرترین دانیشتوانی موسڵمانە .

ژمارەی موسڵمانان لە ڕووسیا ئێستا گەیشتووەتە 30 ملیۆن کەس. هەروەها ڕێژەی زیادبوونی موسڵمانان 40%ە.


لەلایەکی دیکەوە دەرکەوت کە ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیا ساڵانە 700 هەزار کەم دەبێت . بەگوێرەی ئاماری 10 ویلایەتی ڕووسیا، ڕێژەی مردن 2.5 لە ڕێژەی لەدایکبووان زیاترە . ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیا ئێستا نزیکەی 142 ملیۆن کەسە. لەو ڕێژەیەش 113 ملیۆن کەس بە نەژاد ڕووسن و ئەوانیتر لە نەتەوەکانی دیکەن.

ڕێژەی دانیشتووانی ڕووسیا 46.26% پیاون، 53.73%یش ژنن . لە ڕووسیا 66.7 ملیۆن پیاو و 76.3 ملیۆن ژن هەنە.

سیاسەتڤانی ڕووس ڤلادیمێر جیرنۆڤسکی، دەربارەی ئەوە دەڵێ " ژنانی ڕووس مەکینەی دروستکردنی منداڵ نین. ژمارەی مرۆڤەکان گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە کوالیتی و چۆنایەتییە. لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئێمەدا ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیا لەوەی ئێستا کەمتربوو، بەڵام وڵاتێکیان بەڕێوەبرد کە ڕووبەری خاکەکەی لەوەی ئێستا زیاتربوو".

سەرۆک وەزیری ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین دەربارەی ئەو گفتوگۆیانە گوتی، لە ڕووسیا کێشەی دیمۆگرافی هەیە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەندێک ڕێوشوێن دەگرنەبەر و، هەر خێزانێک لە منداڵێک زیاتر دروستبکات هاوکاری دارایی پێدەدەن .

# ئەڵمانیاش کەوتە نێو بازنەی تیرۆری ئیسلامییە توندڕەوەکان



جۆرج زیرک



هینز فرۆم

**ڕووداو- بەرلین**

هێزی ئاسایشی ئەڵمان ڕایگەیاند کە ئەگەری ڕوودانی هێرشێکی تیرۆریستی، ئەمساڵ بەر لە هەڵبژاردنی گشتی لە 27ی ئەیلوول دا، زیاتر بووە. بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئاسایش،ئەو توندڕەوانەی لە مەسیحییەوە بوونەتە موسڵمان، ئاستی هەڕەشەکانیشیان بەرزترکردووە.

سەرۆکی دەزگای پاراستنی دەستوور، هانز فرۆم گوتی"لە ئەڵمانیا ئەگەری کردەوەیەکی تیرۆریستانی ئیسلامی زۆر زیاد بووە".

فرۆم لە لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی،ئەو فیلمە ڤیدیۆییانەی لە هەندێ ماڵپەڕی ئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێنەوە هەڕەشە لە ئەڵمانیا دەکەن. بەرپرسانی ئاسایشیش ئاماژەی بە هەڵبژاردنی مانگی ئەیلوول کرد و گوتی"پێش هەڵبژاردنەکان ئەگەری هێرشێکی قاعیدە لە ئارادایە".

شەڕی غەززە، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئەڵمانیای خستووەتە بەردەم مەترسیی هێرشی ئیسلامییە توندڕەوەکان. فرۆم دەڵێ هەواڵەکانی چاپەمەنیی عەرەب دەربارەی شەڕ، ڕق و نەفرەت زیاتر دەکات.

بە گوێرەی قسەی بەڕێوەبەری ئاسایش، پۆتانسێلی تیرۆریستان لە ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کەسی و گەیشتووەتە خانەی ژمارە 3. هەروەها گوتیشی لە نێو ئەواندا کەسانێک هەن کە لە مەسیحییەوە بوونەتە موسڵمان، یاخود دواتر بوونەتە هاووڵاتی ئەڵمانیا.

فرۆم داوای لە موسڵمانانی ئەڵمانیا کرد، هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش بکەن، داوایکرد کە بینیان گەنجانیان بەرەو توندڕەوی دەچن، یەکسەر پۆلیس ئاگادار بکەنەوە.

Jörg Ziercke ژۆرگ زێرخ، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی فیدراڵی ئەڵمانیا BKA، دەڵێ، لە ئەڵمانیا هەڕەشەی هەرە مەزن لەو مەسیحیانەوە دێت کە بوونەتە موسڵمان. بە بۆچوونی سەرۆکی BKA ئەو جۆرە کەسانە ژینگەی ئەڵمانیا باش دەناسن، لە نێو کۆمەڵگەی ئەڵمانیادا جێی خۆیان کردووەتەوە، شێوەیان ناناسرێتەوە.

سەرۆکی BKA دەڵێ"خەڵکانی توندڕەوی زیاتریش پەیدا دەبن"، بە بۆچوونی ئەو لە ئەڵمانیا چەندین دەستە لە بارەگای ئیسلامیدا پەروەردەی تیرۆریان دیوە.

ئەو هێرشەکانی بەر لە هەڵبژاردنی ئیسپانیای ساڵی 2004ی وەبیر هێنایەوە، کە تێیدا 200 کەس لە مەدرید گیانیان لەدەستدا و سەدان کەسیش بریندار بوون. پاش ئەو هێرشە حکوومەتی نوێی ئیسپانیا، سوپای خۆی لە عێراق کێشایەوە.

سەرۆکی BKA، ڕاپۆرتێکی دەربارەی تیرۆر بۆ لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمان ئامادەکردووە، تێیدا سەرنج ڕادەکێشێتە سەر بڕیاری قاعیدە بۆ هێرشکردنە سەر ئەڵمانیا. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە " تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای ئەڵمان مەترسییەکی مەزنە". بە بۆچوونی ئەو هەرچەندە پیلانی هێرشکانیش ئاشکرابووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەی سەر ئەڵمانیا کەم نەبووەتەوە، چونکە قاعیدە وا زوو دەست لە خواستی هێرشکردنە سەر ئەڵمانیا بەر نادات.

وەزیری کاروباری ناوخۆ، ڤۆلگانگ سخاوبلەش WolfgangSchäuble دەربارەی هەڕەشەکان لە هەفتەی ڕابردوودا گوتی ئەوان بە شێوەیەکی جیدی تەماشای هەڕەشەکان دەکەن، بەڵام لێشیان ناترسن.

پسپۆڕانی تیرۆر لە ئەڵمانیا ئاماژەیان بە ئەگەری هێرشێکی تیرۆریستی کرد، کە بەر لە هەڵبژاردن بکرێت، بەمەبەستی داواکردنی کشانەوەی سوپای ئەڵمانیا لە ئەفغانستان.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، لە ئەڵمانیادا چەند جارێک لە دژی گرووپە ئیسلامییەکان ئۆپەراسیۆن کرابوو، چەندین کەس بە ئامێری بۆمبا و ماددەی کیمیاوییەوە گیران، کە چەند کەسێکیان تورک بوون.

# ژنانی تاجیکی خۆیان دەکوژن

**ڕووداو-ڕووسیا**

ڕێژەی خۆکوشتنی ژنانی تاجیکستان، کە ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندایە، بووەتە مەترسییەکی مەزن و سەرنجی دەزگای نێونەتەوەییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە.

تاجیکستان یەکێکە لە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست، کە ڕێبازی ئایینی و قەدەخەکاریی دەرەبەگانە لە ژیانی کۆمەڵگاکەیدا باڵادەستن.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن، لە دەزگاکانی ئاسایشی تاجیکستانیشدا بووەتە مایەی سەرسوڕمان. بە گوێرەی ئاماری فەرمی لە ساڵی 2008دا، زیاتر لە 500 کەس خۆیان کوشتووە.

بەڵام دەزگا مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ دەڵێن: ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە فەرمییە ژمارەی ئەوانەی خۆیان کوشتووە لە ساڵی 2007 پترە. لە نیوە زیاتری ئەوانەی خۆیان کوشتووە ئافرەتی گەنجن . هەروەها جێی سەرنجە کە ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن زیاتر بێکارن. بە گوێرەی ڕاپۆرتە فەرمییەکان 90%ی ئەوانەی خۆیان کوشتووە، لە تەمەنی منداڵیدان. ئەمەش مەترسییەکان زیاتر دەکات.

بە گوێرەی بۆچوونی پسپۆران، هۆیە سەرەکییەکانی خۆکوشتن هۆکاری ئابوورییە. لە تاجیکستاندا داهاتی ساڵانەی تاکە کەس، هەروەها مووچەی فەرمانبەران لە نێو کۆمەڵەی دەوڵەتانی یەکگرتوودا، لە هەموویان کەمترە.

بەڕێوەبەری ئەنستیتوتی توێژینەوەی ئابووری نورەدین کویومۆڤ دەڵێ "بێکاری نەک تەنیا دەبێتە هۆی خۆکوشتن، بەڵکو دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووداوە تاوانکاریەکانیش".

بە بۆچوونی دەروونناسانی تاجیک، لە زۆر ڕووداوی خۆکوشتندا ناکۆکیی نێو خێزان و گوشاری سەر ژنان ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. دەروونناس ئیننا سافیولینا لەم بارەیەوە دەڵێ:"بەشی هەرە زۆری ژنانی تاجیک ئەو گوشارەی لەنێو خێزاندا لێیان دەکرێ، دەرناخەن. سکاڵا لەلای دەزگای یاساییەکان تۆمار ناکەن، بەوشێوە کە بێ چارەدەمێنن، ڕووبەڕووی ڕێگە تراژیدییەکان".



# بڕیاردەری دادگای تیرۆرکردنی حەریری:

# دەتوانین سەرۆک دەوڵەتیش دادگایی بکەین



ڕەفیق حەریری لە چوارەمین ساڵیاری تیرۆرکردنیدا بە فراوانی یادکرایەوە

(فۆتۆ:AFP)

**ڕووداو- لوبنان**

ڕۆبەرت فنسنت بڕیاردەری دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە لوبنان ڕایگەیاند، بۆ هەر تەگەرەیەک کە دێتە ڕێگەیان دەتوانن بگەڕێنەوە لای ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. هاوکات ڕوونیکردەوە کە ئەوان دەتوانن تۆمەتباری بڵند پایەش دادگایی بکەن،تەنانەت ئەگەر سەرۆک دەوڵەتیش بێ .

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا کە لەشاری لاهای هۆڵەندا سازیکرد، سەبارەت بە کاری ئیداری و لۆژستیی دادگاکە، کە تایبەتە بە دادگاییکردنی بکوژانی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان ڕەفیق حەریری، فنسنت ڕایگەیاند"شەفافیەت کلیلی ئەم دادگایەیە". ڕوونیشی کردەوە" تێمێکمان هەڵبژاردووە کە خاوەن ئەزموون و شارەزاییە لە دادگاییکردنی نێودەوڵەتیدا".

ئەو دادگایە کە مافی ئەوەنییە، بەبێ بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێدودەڵەتی هیچ کەسێکی نا لوبنانی دادگایی بکات، بەڵام دادگایەکە بە شتێکی نوێ دادەنرێ، چونکە یەکەمین دادگای نێودەوڵەتییە لەسەر کوشتنی کەسێک دامەزرێندرابێ .

حکومەتی لوبنان 49%ی خەرجیی دادگاکە دەدات، بەڵام بڕیاردەری دادگاکە دەڵێ "پشتیوانیی دارایی گرنگە، بەڵام پشتیوانیی نێودەوڵەتیش گرنگە".

سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان ڕەفیق حەریری،لە14ی شوباتی2005لەتەقینەوەیەکی تیرۆریستی گیانی لەدەستدا و تا ئێستا ئاشکرا نەبووە چ لایەنێک بە دروستی لە پشتی ئەو کردە تیرۆریسییەوەیە، بەڵام زۆر لە لوبنانییەکان لەو بڕوایەدان کە سوریا لەپشت ئەو کردەوەیە بووە. لوبنانیش تائێستا 7 کەسی بەتۆمەتی دەستهەبوون لەو تیرۆرەدا دەستگیرکردوون، کە لەهەفتەی ڕابردوودا، دوای چوار ساڵ لە ڕووداوی تیرۆرکردنەکە، سێ کەسیان ئازادکران.

ئەم دادگا نێودەوڵەتییە بە ڕاسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە، بڕیاردەری دادگاکە دەڵێ"دادگا لە لاهای گوێ لە شاهێدەکان دەگرێت"، ڕاشیگەیاند"لوبنان 60 ڕۆژی لە بەردەمدایە بۆ جێبەجێکردنی خواستی دادگا و بە دەستەوەدانی هەر تۆمەتبارێک ". فنسنت گوتی کاری ئەو دادگایە 3 تا 5 ساڵ دەخایێنێ.

# شەڕی سپی لە مەکسیک

**ڕووداو-ئاژانسەکان**

لەو ساڵەی دواییدا لە مەکسیک، لە شەڕی نێوان مافیاکان 4500 کەس گیانیان لەدەستدا . مەکسیک یەکێکە لەو وڵاتانەی کیشوەری ئەمریکا کە بەدەست کێشەی گرانەوە دەناڵێنێ .

شەڕی مافیایی لە مەکسیک، وەکو شەڕی تایفی عێراق بەربڵاو و توندە. بەڵام جیهان ئاگای لەو شەڕە نییە کە لەساڵی ڕابردوودا بووە هۆی کوژرانی 4500 کەس. شاری جیوداد جوارێزی مەکسیک، بەشاری هەر مەترسیداری جیهان دەناسرێت. ئەو توندوتیژییەی لەو شارە هەیە هیچی لەو توندوتیژییە کەمتر نییە کە لە عێراق هەیە.

شاری جیوداد جوارێز Ciudad Juarez سەر بە ویلایەتی جهیهواهوا Chihuahua ی مەکسیکەو هاوسنوورە لەگەڵ ویلایەتی تەکساسی ئەمریکا . شاری تیژوانا مەکسیکیش کە هاوسنووری ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکایە، یەکێکە لە پردەکانی گواستنەوەی مادە بێهۆشکەرەکان و بووەتە مەڵبەندێکی کوشتنی "شەڕی سپی".

شەڕی نێوان گرووپەکانی مافیا، وەک "شەڕی سپی" ناودەنرێ. لەشەڕی " جیهانەکەی دیکە" واتە جیهانی ژێر زەوی، هێزەکانی دەوڵەت زیاتر سەیرکەرن. چونکە شەڕ زیاتر لەسەر کۆکاین دێتە ئاراوە و کۆکاینیش ماددەیەکی سپییە، بۆ توندوتیژی مافیایی ئەو ناوە بەکار دەهێنرێت.

شاری جیوداد جوارێز، گۆڕەپانی شەڕی کارتێلەکانی مادە بێهۆشکەرەکانە و لەبەر ئەوە شاری هەرە خوێناوی جیهانە. زۆر جار لە ڕۆژێکدا 30 کەس لەلایەن گرووپە مافیاییە دژ بەیەکەکاندا دەکوژرێن . پۆلیسی ئەو دەڤەرە زۆربەی بەیانییەکان لە گەڕەکەکانی کەناری شار لاشە کۆدەکەنەوە. ساڵانە سەدان لاشەی دەست وپێ بەستراو دەدۆزرێنەوە، لە گۆرستانی بێ خاوەنەکاندا دەشاردرێنەوە.

شەڕی ئەو هەرێمە لە نێوان گرووپە ڕێگرەکانی وەک : هوئارێز، سینالۆیا، گۆلف و برادەرانی ئاریلانۆ فلیکس دا دێتە ئاراوە. ئەو گرووپە مافیاییانە هەوڵدەدەن هاتووچۆی کۆکاین بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە لەبەر ئەمەش لەگەڵ یەکتر دەکەونە شەڕەوە.

سەرەڕای ئەوەی حکومەت ڕێوشوێنی توندیشی گرتبێتەبەر، بەڵام شەڕی نێوان هەڵۆکانی مادەبێهۆشکەرەکان کەمنەبووەتەوە، چونکە بایی چەندین ملیار دۆلار ماددەی بێهۆشکەر لەوشارەوە دەربازی نێو ئەمریکا دەبێ .

هەرچەندە دەوڵەتی مەکسیک نزیکەی 40 هەزار سەرباز و پۆلیسی لەو شارە ئەرکدار کردووە، بەڵام نەیتوانیوە ڕێ لەو ڕووداوانە بگرێت. بەگوێرەی پسپۆڕانی مادە بێهۆشکەرەکان، بەرپرسانی دەوڵەت لەهەرێمەکە و بەپرسانی پۆلیسیش لەناو ئەو گرووپە مافیایانەدا هەن و، تا ئەو پارە زۆرە بکەوێتە دەست ئەو گرووپە مافیاییانە ئەو ڕەوشە هەروا درێژەی دەبێت.

فیلیپ کالدیرۆن، سەرۆک کۆماری مەکسیک کە لەساڵی 2006 دا دەسەڵاتی گرتەدەست، ڕایگەیاند کە شەڕکردن لە دژی مافیا یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێناوە.

لە مەکسیک جگە لە توندوتیژی نێوان گرووپە مافیاییەکان، کوشتنی ژنانیش زۆرە. لەلایەکی دیکەوە هەموو ساڵێک بەهەزاران کەس لەو وڵاتە لەدژی توندوتیژی ڕێپێوان دەکەن، چالاکی پرۆتستۆیی سازدەکەن و داوا لە دەوڵەت دەکەن کۆتایی بە کوشتن و توندوتیژی بێنێ.



لە ساڵی ڕابردوودا 4500 کەس لە شەڕی نێوان مافیاکان گیانیان لەدەستدا



## سۆران نازناوێکی بۆخۆی تۆمارکرد

# کچ یاریکەر و کوڕیش هاندەر بوون

**ڕەوەند محەممەد**
**ڕووداو-سۆران**

نزیکەی 1000 کچ لە سۆران ڕژانە ناو یاریگای چیمەنی دەستکردی سۆران و ئەو بۆچوونەیان وەلانا کە کچ و تۆپیان نەگوتووە. ئەو ڕۆژە کچ لەنێو گۆڕەپان و کوڕانیش تەماشاکار بوون.

ساڵی ڕابردوو بۆ یەکەمجار لەو دەڤەرە 15 تیپی کچان لە شارۆچکەی سیدەکان بەشداری خولێکی تۆپی پێیان کرد، کە لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆیان ڕێکخرابوو. ئەو خولە ئەوکات کەوتە بەر هێرشی وتارخوێنێکی هەینی سیدەکان. بەڵام ئەمساڵ 130 تیپی کچان لە سۆران کە بریتیبوون لە 910 کچ، لە شێوەی کەرنەڤاڵێکدا ڕژانە نێو یاریگە، وەک ڕێورەسمی کردنەوەی خولێکی بچووکراوەی تۆپی پێ کە لە لایەن ناوەندی باڵای سۆرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوە. ئەو تیپانەش لە (سۆران، ڕواندز، دیانا، چۆمان، قەسرێ، سمیلان، خەلیفان) هاتبوون.

لەکاتی کردنەوەی خولەکەدا، کچە وەرزشکارەکان بەجلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگی کوردی و وەرزشی و ئاڵای کوردستانەوە دەهاتنە نێو یاریگا.

کچە یاریکەر ڕۆشنا سلێمان، لەبارەی بەشداریکردنی لەو خولەدا بۆ (ڕووداو) دواو گوتی "ئەمڕۆ وەکو کچێک هەست بە بوونی خۆمان دەکەین و پێموایە کلیلی ئازادی بۆ کچان لە قوفڵەکان نزیکبووەتەوە". ڕۆشنا زیاتر قسەی کردو گوتی "گرنگ نییە لەو خولە دەدۆڕێین یان دەیبەینەوە، گرنگ ئەوەیە کچانیش دەتوانن بەبەرچاوی خەڵکەوە یاری بکەن". سارا مەحموودیش، کە یاریزانی (تیپی تۆپی پێی ئەڤین)ە، گوتی "ئەو ڕۆژە بەسەرچوو کە دەگوترا کچ هەر بۆ کاری ناو ماڵ باشە".



هەرچەندە هەندێک وردە کێشەی کۆمەڵایەتی و عەشایریمان بۆ دروستبوو، بەڵام گوێمان نەدایێ

هاوار محەممەد، بەرپرسی ناوەندی باڵای سۆرانی یەکێتی لاوان

### کوڕان هانی کچان دەدەن

هەرچەندە خولەکە بۆ کچان کرابووەوە، بەڵام کوڕگەلێکی زۆریش لە دەرەوەی یاریگاکە دەبینران و بە دەنگی بەرز هانی کچەکانیان دەدا، یەکێک دەیگوت: ئەوەتا میسی! یەکێکی دیکە دەیگووت: نەخێر ئەوە هێنرییە!. بەڵام کچان بە پێچەوانەی کوڕان کە زۆربەیان هاندەری بەرشلۆنە و ریاڵ مەدریدن دەیانگووت، هاندەری تیپی سۆرانین.

کاروان عەزیز، هێندەی هانی کچان بدات بە تەواوی دەنگی نوسابوو، هەستی خۆی بەرامبەر کردنەوەی خولێکی لەم شێوەیە بۆ کچان دەربڕی و گوتی "زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم کچان ئەمڕۆ لەجیاتی کوڕان لەنێو یاریگادا یاریدەکەن"، کاروان بەپێکەنینەوە گوتی "ئەو ڕۆژە بە قەد ڕۆژی ڤالانتاین خۆشە".

نێچیرڤان سەعید، کە ئەویش وەک بینەر و هاندەرێک هاتبووە ئەوێ، دەستخۆشی لەو دایک و باوکانە کرد کە ڕێگەیان بەکچەکانیان داوە یاری بکەن. ئەو گوتیشی "ئەگەر کچەکان بەردەوام یاری بکەن، هاندەر و جەماوەریان زۆر دەبێت و یاریگاکانیش قەرەباڵغ دەبنەوە".

گەنجان پێیانوایە هێنانە دەرەوەی کچ لەنێو ماڵ، ئەرکی لە پێشینەی ڕێکخراوەکانی لاوانە، لەو باوەڕەدان ئەگەر ڕێکخراوەکان مەبەستیان بێت دەتوانن ئەو کارە بکەن، وەک چۆن یەکێتی لاوان لە سۆران و سیدەکان ئەمساڵ و پار کردی.

محەممەد ڕەفیق، 15 ساڵ گوتی "بە کردنەوەی ئەو خولە سۆران بە 10 ساڵ پێش شارەکانی دیکەی کوردستان کەوت".

کچان و کوڕان تەنیا بەوە ڕازی نین، کە کچانیش وەرزش بکەن، بەڵکو حەز دەکەن ڕۆژێک بێ ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوەو پێکەوە یاری بکەن. هەروەک سانا سدیق گوتی "حەز دەکەم ڕۆژێک لەگەڵ کوڕان یاری بکەین بۆ ئەوەی بسەلمێنین کە هیچمان لەوان کەمتر نییە".

سۆران بەو خولە بووە خاوەنی نازناوی سازکاری گەورەترین خولی تۆپی پێی کچان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق.

هاوار محەممەد بەرپرسی ناوەندی باڵای سۆرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لەسەر کردنەوەی ئەو خولە فراوانەی کچان، کە لە یادی 18ی شوباتی 1953دا، یادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیان دا ڕێکخرابوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەلایەن کچانەوە داواکاری زۆر بوو بۆ کردنەوەی ئەو خولە، بۆیە ئێمەش لە پلانی ساڵی 2009 بڕیارماندا بایەخێکی زیاتر بەوەرزشی ئافرەتان بدەین".

**حەز دەکەم ڕۆژێک بەرامبەر کوڕان یاری بکەین بۆ ئەوەی بسەلمێنین هیچمان لەوان کەمتر نییە**

سانا سدیق، یاریکەرێکی خولەکە

سەبارەت بە کۆکردنەوەی 910 کچ لەنێو 130 تیپدا، هاوار گوتی "لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هێنانە دەرەوەی ئەو کچانە لەماڵەوە بۆ ناو یاریگا ئەرکێکی زۆر زەحمەت بوو، هەرچەندە هەندێک وردە کێشەی کۆمەڵایەتی و عەشایریمان بۆ دروستبوو، بەڵام گوێمان نەدایێ".



# سەلیم مۆسیقا لەکوردستان دێنێتە سەر شەقام

## عەیبە گەنجان وشەی عەیبە بۆ کاری هونەری بەکاربێنن



**هەژان خالید**
**ڕووداو-هەولێر**

گەشتەکەی محەممەدی تەمەن 8 ساڵ، لەکۆیەوە بۆ هەولێر چێژێکی تایبەتی هەیە، هەر کاتێک دێتە هەولێر داوا لە دایک و باوکی دەکات بیبەنە نازە مۆڵ، کاتێکیش دایک و باوکی خەریکی شت کڕین دەبن، ئەو داوای یاری منداڵانیان لێناکات، بەڵکو تا ئەوان کارەکانیان تەواو دەکەن، بەدیار کەمان ژەنینەکەی مامۆستا سەلیمەوە دەوەستێت و گوێ بۆ ئاوازەکانی شل دەکات، دواتر بڕێک پارە دەخاتە ناو جانتای کەمانەکەیەوە.

ئەو ژەنیارە لەبارەی محەممەدەوە دەڵێت " ئەو منداڵە کە یەکەمجار منی بینی زۆر سەرسام بوو، دوای ماوەیەک هاتەوە ئەمجارە خۆی و خێزانەکەی پێناساندم و بە "هاوڕێ کەمانژەنەکە" ناوی بردم".

لەنێو ئەو سوپەر مارکێتە پڕ کەلوپەلەدا کە هەریەکەو خەریکی کڕینی پێویستییەکی خۆیەتی، قسەکردنی کڕیارەکان لەگەڵ کاشێرەکان و، پێچانەوەی کەلوپەلەکان. سەلیم ڕەشیدی تەمەن 39 ساڵ ناسراو بە (مامۆستا سەلیم) بە هێمنی لە سووچێکی سوپەر مارکێتی نازەمۆڵ کە بازاڕێکی گەورەی شاری هەولێرە بەژەنینی ئاوازەکانی ماملێ، عەلی مەردان، حەسەن زیرەک و چەندین پارچە مۆسیقای دیکە کەشێکی جیاواز و ئارامی بەخشیوەتە بازاڕەکەو، جانتای کەمانەکەی لەبەردەم خۆیدا واڵا کردووە خەڵک بڕێک پارەی بۆ تێبخەن.

### لە ماڵەوە بە پلایس گۆشتیان لە جەستەم دەکردەوە

هەرچەندە لە وڵاتانی ئەوروپا پارە پەیدا کردن لە ڕێگەی ژەنینی مۆسیقا لەسەر شەقامەکان کارێکی نامۆ نییە و بڵاوە، بەڵام لەکوردستان شتی وا دەگمەنە، ڕەنگە مامۆستا سەلیمی کەمانژەن یەکەم کەس بێت لە کوردستان ئەو ڕەچەشکێنییە بکات.

ئاشنایەتی مامۆستا سەلیم لەگەڵ ئامێری کەمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1981، کاتێک لە گۆڤاری (کاروان) لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی کەمان بابەتێک دەخوێنێتەوە، ئیدی لەوێوە خولیای ئەو ئامێرە دەبێت و هەر ئەو کات لە دارو تەختەو تاڵێک لە مووی کلکی ئەسپ کەمانێک دروست دەکات.

ئەو کە لە گوندی چۆڵەموکی سەر بە قەزای چەمچەماڵ لە دایکبووەو هەر لەوێش ژیاوە، لەگەڵ گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی، شوێنەواری چەند برینێکی سەر لەشی دەردەخات و دەڵێت "شوان بووم لەبەر کەمان ژەنین ئاگام لە ئاژەڵەکان نەدەما و زۆرجاریش ئاژەڵەکان ون دەبوون، بۆیە لە ماڵەوە بە پلایس ئازاریان دەدام و گۆشتیان لە جەستەم دەکردەوە".

حەزی مۆسیقا ڕۆژ بە ڕۆژ لەلای سەلیم پتر دەبێ، هەر بۆیە لە چەندین دەرگا دەدات، سەرەتا دەچێتە لای مامۆستا حەمەڕەزا کەرکووکی و یەکەم وانەی مۆسیقای لە ئەو وەردەگرێ، پاشان لەسلێمانی دەچێتە لای مامۆستا ولیەم یوحەننا، بە مەبەستی زیاتر شارەزابوون، لەساڵی 2001 ڕوو دەکاتە ئێران. هەر لەوێش بۆ یەکەمجار دەچێتە سەر شەقامەکان مۆسیقا لێدەدات و پارە کۆدەکاتەوە، لەوێشەوە گەشتەکەی بەرەو ئەوروپا دەست پێدەکات و بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە وڵاتانی سوید و نەرویج وانەی مۆسیقا بخوێنێت. بەڵام بەهۆی پێنەدانی مافی پەنا بەرێتی بە نائومێدی دەگەڕێتەوە کوردستان.

ژیانی ئەو کەمانژەنە پڕە لە هەورازونشێو، ئێستاش ژیانێکی خۆشی نییە. جگە لە ژووری پاسەوانی موەلیدەکەی نازە مۆڵ، شوێنێکی دیکە شک نابات بۆ حەوانەوەو خەوتن و پرۆڤەکردن.

ئەو ڕۆژانە لەنێو ژاوەژاوی موەلیدەو قەرەباڵغی ژوورەکە لە کاژێر 5ی بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستێت بە ژەنینی کەمانەکەی خۆی سەرقاڵ دەکات. خۆی ئامادە دەکات بۆ ژەنینی چەند ئاوازێک بۆ ئەو کڕیارانەی ڕوو لە نازەمۆڵ دەکەن.

مامۆستا سەلیم گوتی "ماوەی سێ مانگە ئەو کارە دەکەم لە نازە مۆڵ و پارکی شانەدەر مۆسیقا بۆ خەڵک لێدەدەم، خەڵکێکی زۆر لێم کۆدەبێتەوەو دەستخۆشیم لێدەکات". مامۆستا سەلیم هەرگیز دیمەنی ژنە بە ساڵاچووەکەی بیر ناچێتەوە کە "ڕۆژێک ئاوازی گۆرانییەکی ماملێم دەژەنی، ژنێکی پیر بۆ شت کڕین هاتبوو، نزیکەی 20 خولەک لە تەنیشتم دانیشت، فرمێسک بەچاوانیدا هاتە خوارەوەو گریا".

ئەم کەمانژەنە لەدوای نیوەڕۆوە تادرەنگانێکی شەو دەست دەکات بە کەمان ژەنین بۆ کڕیارەکانی نازەمۆڵ، کڕیارەکان زۆر سەرنج دەدەنە ئاوازەکانی. ئەڤین فەرەیدون، 23 ساڵ، کە لەگەڵ دەستگیرانەکەی لەسلێمانییەوە هاتبوونە هەولێر بۆ سەردان، گوتی "کاتێک ئەم پیاوەم بینی حەپەسام، بەڕاستی شتێکی جوانە، خۆزگە لەهەموو شوێنێک هەبوایە، ئاوازەکەی ئارامی کردمەوە".

سەلیمی کەمانژەن خۆی بەمامۆستای زۆربەی هونەرمەندانی کورد دەزانێ، بەڵام جیاواز لەوان هونەرەکەی دەگەیێنێتە خەڵک، مۆسیقای لەنێو هۆڵەکانەوە گواستووەتەوە سەر شەقام. مامۆستا سەلیم گوتی "خەڵک تامەزرۆن بۆ گوێ گرتن لە مۆسیقا لەشوێنە گشتییەکان، بەڵام گەنجە مۆسیقاژەنەکان شەرم دەکەن لەڕێگەی ئەم کارەوە بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بۆیە بەو گەنجانە دەڵێم، ئەم شێوازە هێزێکە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، وشەی عەیبە، عەیبە بۆ کاری هونەری".

هەنار مەحمود، تەمەن 25 ساڵ، دەرچووی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، کە ئامێری کەمان دەژەنێت، لەبارەی ئەو کارەی مامۆستا سەلیمەوە گوتی "کارێکی جوانە، کە بتوانیت لەڕێگەی مۆسیقاوە هەستی بەرامبەرەکەت بجولێنی بە تایبەتی لەشوێنە گشتییەکان"، هەنار ئامادەیی خۆی نیشاندا کە هەمان شێوازی کاری مامۆستا سەلیم بگرێتە بەر "هەر کاتێک پێویستم بوو لەو ڕێگەیەوە بژێوی ژیانم دابین بکەم، بە شانازییەوە دەیکەم".

# کچان بۆ شووکردن واز لەخوێندن دێنن

## کچە قوتابییەکی شووکردوو: ئەگەر کەسێکتان بە دڵ بوو لەبەر خوێندن لەدەستی خۆتانی مەدەن

**ڕەوا عەبدوللا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەر لەدوو ساڵ لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، بەهۆی شووکردنییەوە خەندە وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام ئێستا کە سەیری کچە قوتابییەکانی هاوڕێی دەکات، قۆناخەکانی خوێندن دەبڕن و خەریکن دەگەنە زانکۆ ڕۆژانی چوونە قوتابخانە و پێکەنین و گەشتی قوتابخانەی دێتەوە یاد، بەتایبەتیش ئەو کاتەی سەیری وێنەکان دەکات لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانی، زۆر پەشیمان دەبێتەوە لەو شوو کردنە.

خەندە نموونەیەکە لەو کچانەی کە لە تەمەنێکی بچووک و لە قۆناخی خوێندن بە هۆکاری جۆراوجۆر دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەو حەز دەکات بگەڕێتەوە ژیانی قوتابخانە و خوێندن، بەڵام بەهۆی بەڕێوەبردنی کاری ماڵەوە ناتوانێت ئەو هەلەی کە لەدەستیچووە بیگەڕێنێتەوە.

خەندە عومەر، 18ساڵ، باسی لەوەشکرد کاریگەری شووکردنی هەندێ هاوڕێ و واز هێنانیان لە خوێندن، ئەوی بەو ئاراستەیەدا برد کە بڕیاری شووکردن بدات و گوتی "کاتێک لە قوتابخانە بووم سۆز بەسەر عەقڵمدا زاڵ بوو، هیچ گرنگیم بەخوێندن نەدەدا، بەڵام ئێستا کە دەبینم ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ چەندە قورسە خۆزگە بە ڕۆژانی قوتابخانە دەخوازم".

بوونی پەیوەندییە سۆزدارییەکان و دواکەوتنیان لە خوێندن، وا لەکچان دەکات بڕیاری شووکردن بدەن، سروە حەسەن، 19ساڵ، قوتابی قۆناخی دەیەمی ئامادەیی زەهرای کچانە، ماوەی دوو مانگە شووی کردووە، ئەو بێ هیوابوونی لەخوێندن دەربڕی و گوتی "دوای مانەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ حەزم لەسەر خوێندن نەما، بۆیە لەدەرفەتێک دەگەڕام شوو بکەم، دوای ئەوەی کچە قوتابییەکی هاوڕێم کوڕێکی پێناساندم، کوڕەکە هاتە داوام، منیش بەبێ سێ و دوو شووم پێکرد".

دەرباری تێڕوانینی کچە هاوپۆلەکانی بۆ شووکردنی، سروە، دەڵێت "زۆر قوتابی هاوڕێم لەبارەی هاوسەرییەوە پرسیارم لێدەکەن منیش پێیاندەڵێم ئەگەر کەسێکتان بەدڵ بوو، لەبەر خوێندن لەدەست خۆتانی مەدەن".

بەپێچەوانەی سروە، هوەیدە ئەیاد، تەمەن 17ساڵ و قوتابی هەمان قوتابخانە، ماوەی ساڵێکە شووی کردووەو ئێستا خاوەنی کچێکە، دەڵێت " داوا لە هەموو کچە قوتابییە هاوڕێکانم دەکەم ئەگەر دەیانەوێت خوێندن تەواو بکەن با بیر لەشووکردن نەکەنەوە، چونکە لێپرسراوێتی ماڵ و قوتابخانە شتێکی ئاسان نییە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە ئامادەیی زەهرای کچان لەهەولێر دراوەتە (ڕووداو)، زیاتر لە 15 قوتابی ئامادەیی ئەو قوتابخانەیە شوویانکردووە، هەندێکی دیکەشیان بەدەستگیرانن و هێشتا نەگوازراونەتەوە.

مامۆستا نادیە زیاد، ڕابەری پەروەردەیی لە ئامادەیی زەهرای کچان، ئاماژەی بەوەدا لە ساڵانی ڕابردوودا شووکردنی کچان لەو قۆناخانەدا کەم بوو، بەڵام ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە، گوتیشی "بۆ ئەوەی نەبنە هاندەرێک بۆ چاولێکردنی قوتابیانی دیکە، مانگانە جارێک یان دووجار لەگەڵیان کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەینەوە کە شتی تایبەتی خۆیان لای قوتابیان باس نەکەن".

ئەو مامۆستایە کە بەردەوام ڕێنمایی کچە قوتابییەکان دەکات خوێندنیان تەواو بکەن و بەزوویی بیر لە شووکردن نەکەنەوە، گوتیشی " ئەوانە وا دەزانن شووکردن هەر تەنیا لەبەرکردنی جلی بوکێنی و دەستگرتنی پیاوە، بەڵام کاتێک دەکەونە ناو لێپرسراوێتی ماڵ پەشیمان دەبنەوە، ئەو کاتیش پەشیمانی دادیان نادات".


کۆمەڵناسان جگە لەوەی پەلەکردنی شووکردنی کچان بۆ گەشەکردنی غەریزەی سێکسی و زاڵ نەبوونیان بەسەر لایەنی سۆزداریان دەگەڕێننەوە، پێشیانوایە بەشێک لەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسیان لە قەیرەبوون.

دکتۆر نوری یاسین هەرزانی، پسپۆر لەبواری کۆمەڵناسی، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر زاڵنەبوونی کچان بەسەر لایەنی سۆزداری و غەریزە سێکسیەکانیان ئاماژە بەوەشدەدات پەلەکردنی کچە تەمەن بچووکەکان لە شووکردن دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ڕێژەی قەیرەیی لە کوردستان و عێراق. بەبڕوای ئەو" ئەم ڕێژەیە وای لەکچە تەمەن بچووکەکان کردووە ئەگەر هەلێکیان بۆ ڕەخسا ڕەتی نەکەنەوە".

سەرەڕای ئەو هۆکارانەش ئەم پسپۆرە پێیوایە بەشێکی زۆری پیاوانی ڕۆژهەڵات بۆ پڕکردنەوەی غەریزە سێکسیەکانیان حەز دەکەن کچی تەمەن بچووک بێنن، بۆیە کاتێک کچێکی تەمەن بچووکی لەشولار ناسک دەبینن چەند جارێک دەچنە داوای، ئەمەش وا لەهەندێ خێزان دەکات ڕازی بن و کچەکەیان لەو تەمەنە بەشوو بدەن.

هەرچەندە بەپێی دوا هەموارکردن کەلەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ یاسای باری شارستانی عێراق کرا، کچ لە هەرێمی کوردستان لە تەمەنی 16ساڵی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دایک و باوکی دەتوانێت شووبکات، بەڵام بەبڕوای دکتۆر نوری باشترین کات بۆ شووکردنی کچان تەمەنی نێوان 20 تاوەکو 25 ساڵییە.

بەبڕوای پسپۆڕانی پزیشکی شووکردنی کچان لە تەمەنێکی بچووک کاریگەری تەندروستی زۆرە. دکتۆرە سەبریە خدر حەمەدەمین، پسپۆری نەخۆشییەکانی لەدایکبوون و منداڵان ئاماژە بەوە دەدات شووکردنی کچان لەتەمەنی بچووکدا کاریگەری لەسەر لایەنی جەستەیان دروست دەکات "زۆربەیان تا تەمەنی 18 ساڵ بەدواوە منداڵیان نابێت".



rudaw@rudaw.net

# گوتاری ئایینی دەبێ دوور بێت لە ناوزڕاندن و تۆقاندن



مەلا عەبدوڵڵا شێركاوەیی

كۆنفرانسی ( بەرەو گوتاری ئایینی هاوچەرخ لە هەرێمی كوردستان) كە لە ڕۆژانی 17-2009/2/19 بەسترا، هەنگاوێكی پێویست بوو بۆ چاو خشاندنەوە بە گوتاری ئایینی و داڕشتنی بەرنامەیەك بۆ ئایندە لە كوردستاندا.

چاكسازی لە گوتاری ئایینی و هاوچەرخكردنی ئەو شێوازەی ئەمڕۆ ئایینی پێ عەرز دەكرێ، هاندەرێكی زیاتری پێشڤەچوونی ئاستی هۆشیاری ئایینی و پێكەوە ژیان و یەكتر قبوڵ كردنە، پێویستە سەرجەم لایەن و مەزهەب و گرووپ و تەنانەت خەڵكی كوردستان لەم پرسە هەستیارە بەئاگا بن، بەتایبەتی زانایانی ئایینی كە ڕۆڵێكی گرنگ و بەرچاویان هەیە لە كێشە و چارەسەری گرفت و مەسەلە چارەنووسسازەكاندا و وەك پێكهاتەیەكی ڕێز لێگیراوی ناو كۆمەڵگەش لە ڕێگەی مزگەوت و ئەو مینبەرانەی خاوەن بەهێزترین پێگەی جەماوەرین و لە گشت قۆناخەكانی خەباتی نەتەوەیی و داكۆكیكردن لە مافە ڕەوایەكانی بایەخی خۆی هەبووە. هەروەك لە وتەكەیدا لەو كۆنفرانسەدا سەرۆكی حكومەت ڕاشكاوانە ئاماژەی بەو ڕاستییە كردو گوتی" لە هەر یەك لە پرسە گرنگ و پڕ بایەخەكان ڕۆڵی ئایین و سەركردە ئاینییەكان دیارو جەوهەرییە".

كەواتە لەم قۆناخەدا زانایانی ئاینی بەرپرسیارێتییەكی گران و گەورەی ئایینی و نەتەوەییان لەسەر شانە و هەقە لەو ئاستەدا زیاتر هەنگاو بنێن بۆ وێناكردنی واقعێكی نمونەیی لە ئەزموونی پابەندی ئاینی و بڵاوكردنەوەی فەرهەنگی برایەتی و لێبوردەیی و پێكەوە ژیانی ئاینی و قبوڵكردنی یەكتری.

ئەو كۆنفرانسە بایەخی زۆری هەبوو لە كردنەوەی دەروازەی هاوچەرخكردنی ئەو خیتابە و خۆشكردنی زەمینەی گۆڕان لەبەردەم زانایاندا، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە هەموو ئەو توێژینەوە و تێڕوانین و ڕاسپاردانەی كە لە ماوەی كۆنفرانسەكە خرانە ڕوو، جێگەی بایەخی وەزارەتی ئەوقاف بێت و لەبەر چاویان بگیرێن، تا وەرچەرخانێكی بەرچاو لە وتاری هەینی و گوتاری ئاینی لە هەرێمی كوردستان ڕووبدات. كە هەر 9 ڕاسپاردەكەی كۆنفرانسەكە جەختیان لە بوونی پرەنسیپی پێكەوەژیانی ئاشتیانە، بڵاوكردنەوەی ئاشتی و گەشبینی، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سوود وەرگرتن لە وتارەكانی پێغەمبەر (د.خ)، ئاراستەكردنی موسڵمانان دوور لە دەمارگیری ڕەگەزی و تایفەگەری و هاندانی موسڵمانان بۆ پاراستنی مافەكانی ئافرەت و منداڵ.

S_sherkaway@yahoo.com

## وڵامێك بۆ "زانكۆی كوردستان فەوزا بوو"

# لەدوای عەباس وەلی دیكتاتۆری هات


زانكۆی كوردستان فەوزا بوو

ئەو بابەتە وەڵامێكە بۆ ڕیپۆرتاژێك بەناونیشانی "زانكۆی كوردستان فەوزابوو" كە لە ژمارە 40ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا بڵاوكراوەتەوە. مەبەستی سەرەكیشم لەم بابەتە ڕوونكردنەوەی چەند ڕاستییەكە.

ڕۆژنامەی (ڕووداو)دەڵێت سیمینارەكەی مارتن ئیدمۆندس سیمینارێكی كراوە بووە بۆ قوتابیان و مامۆستایان، بەڵام لە ڕاستیدا سیمینارەكە كراوە نەبوو و ڕێگە بەهیچ قوتابییەك نەدرا بەشداری بكات، چونكە بەشداربوونی قوتابیان لەو سیمینارەدا ڕەنگە سنوورێكی بۆ قسە ناراستەكانی ئەو كەسانە بەتایبەتی مارتن ئیدمۆندس دانا بوایە.

لەوەتەی ئیدارەی زانكۆ لە پرۆفیسۆر عەباس وەلی سەندراوەتەوە و دراوەتە ڕۆبن برمیس و مارتن، قوتابیان زیاتر پەراوێز خراون. هەموو بڕیارەكان كە پەیوەستن بەقوتابیانەوە دیكتاتۆرانە و بێ ئاگاداری و بەشداری قوتابیان دەردەكرێن. قوتابیانی زانكۆی كوردستان ئێستا ماف و ئەركیان بووە بەیەك شت، ئەویش ملكەچكردنە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە نێوەڕۆكی سیمینارەكە بە من و قوتابیانی دیكەش گەیشتووە، سیمینارەكە ناوەڕۆكەكەی لەگەڵ ناونیشانەكەیدا یەكنایەتەوە. ناونیشانی سیمنیارەكە "ڕێگایەك بەرەو ئاینده" بوو. بەڵام، لەو سیمینارەدا هێندەی هەوڵی شێواندن و ناشیرینكردنی ڕابردووی زانكۆ و ئیدارەی پێشووی زانكۆ دراوە، هێندە باس لەداهاتوو و پلانی نوێ بۆ زانكۆ نەكراوە.

مارتن ئیدمۆند، ئەو كەسەی كە ئێستا بەرپرسە لەدەستەی ئەكادیمیای زانكۆی كوردستان، قوتابیانی بەوە تۆمەتباركردووە كە هەڵسوكەوتی ناشیاویان ئەنجامداوە و دەستیان لە كاروباری زانكۆ وەرداوە. لەكاتێكدا، ئەم كەسە ئەكادیمیستە ئەم ئەرگومێنتە بێ بنەمایە تەرحدەكات، نابێت دوو لەو هەڵسوكەوتە ناشرینانەی قوتابیانم بۆ ڕیزبكات كە كردوویانە. من ئەم قسەیە بە ئاسایی دەبینم كە كەسێكی وەك مارتن بیكات، چونكە ئەم كەسە لەوەتەی هاتووەتە زانكۆ، دروست پێچەوانەی پرۆفیسۆر وەلی، هێشتا لە نزیكەوە چاوی بە یەك خوێندكار نەكەوتووە، تا گرفتەكانیان لە نزیكەوە لە گەڵدا تاوتوێبكات. ناوبراو، بابێ ویژدان نەبین، دووجار هەموو قوتابیانی مێگەل ئاسا لە هۆڵی گەورەی زانكۆ (auditorium)دا كۆكردەوەو وتارێكی بۆ دان، بەڵام وەڵامە نازانستی و نا سایكۆلۆجیەكانی بۆ چەند پرسیارێك كە لەلایەن چەند قوتابییەكەوە لێیكرا، ئەوەندەیتر خۆی بە ترسناك نیشانی قوتابیەكاندا، كە لەوكاتەوە تا ئێستا هیچ قوتابییەك نەیوێراوە لێی نزیكبێتەوە .بۆنمونە،ڕۆژێكیان قوتابییەك لێی پرسی، ئایا ئەم زانكۆیەی ئێمە دانپێدانانی نێودەوڵەتی (international accreditation) وەردەگرێت؟ مارتن لە وەڵامدا بە گاڵتەجارییەوە گوتی: تۆ دەزانیت دانپێدانانی نێودەوڵەتی چییە؟ ئایا مارتن لێرەدا دەبێت بەم شێوە ناشیرینە وەڵامبداتەوە، یان وەڵامێكی كورتی (بەڵێ یان نەخێر).

من وەكو قوتابییەك دەمەوێت كۆمەڵێك واقیع بڵێم، كە تا ئێستا پێموانییە گوترابێت. یەكەم: لەوەتەی پرۆفیسۆر عەباس وەلی لە سەرۆكی زانكۆ لابردراوە، هیچ شتێكی دڵخۆشكەر لە زانكۆدا ڕوونەداوە. بەتایبەتی بۆ مەسەلەی بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە زانكۆكە. دووەم: زانكۆی كوردستان، لەماوەی یەكساڵدا لەسەر دەستی پرۆفیسۆر وەلی بووە خاوەنی چەند دەسكەوتێك لەوانەش ستافێك مامۆستای سەركەتوو و بەتوانا، باڵەخانەیەكی جوان بەهۆڵی پێشكەوتوو و تەكنۆلۆجیای پێشكەوتوو، كتێبخانەیەكی زیاتر لە سێ هەزار كتێبی. هەروەها قوتابیان پێشتر بەتایبەتی لەلایەن خودی عەباس وەلی فێركران چۆن ڕەخنە لەهەموو شتێك بگرن و ئەوەی پێیدەڵێن "كەشی ئازاد بۆ بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە" بۆیان ڕەخسابوو. ئەو پرۆفیسۆرە دەیگوت (nothing is untouchable) واتە هیچ شتێك لەدەرەوەی ڕەخنە نییە. سێیەم: قوتابیانی زانكۆی كوردستان، ئێستا سەرەڕای بێزاریان و نەبوونی هیچ گەشبینییەك كە تاچەند بروانامەكەیان دانی پێدادەنرێت و چوار ساڵی تەمەنیان بە فیڕۆناچێت، هەر ڕۆژەو بڕیارێكی نوێ و ناخۆشیان بەسەردا دەسەپێندرێت. دواین بڕیار، گۆڕینی ناوی كۆلێژی زانستە سیاسییەكان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان (Politics and International Relations)بۆ "سیاسەتی گشتی و حوكمڕانی" (Public Policy and Governance)كە تائێستا نەمبیستوە هیچ زانكۆیەك كۆلێژێكی بەم ناوەی هەبێ.

**محەممەد عەلی باپیر**
**قوتابی زانستە سیاسییەكان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە زانكۆی كوردستان**

# ڕای شەقام

# دانانی سزا بۆ پیاوانی توندوتیژ باشترین چارەسەرە

**ڕووداو-هەولێر**

زەهرا محەممەد،21ساڵ خوێندكاری بەشی عەرەبی كۆلێژی زمان لە زانكۆی سەلاحەدین:

**ڕووداو: بەڕای تۆ كێ بەرپرسە لەو توندوتیژیەی بەرامبەر ژنان دەكرێت؟**

**زەهرا:** دایك و باوك بەرپرسی یەكەمن.

**ڕووداو: ڕۆڵی حكومەت چی بووە لە كەمكردنەوەیدا؟**

**زەهرا:** حكومەت هیچ كارێكی نەكردووە، ژمارەی قوربانیانیش لە زیادبووندان.



**ڕووداو: ڕێكخراوەكانی ژنان تاچەند ڕۆڵیان هەبووە لە كەمكردنەوەی توندوتیژی؟**

**زەهرا:** هەندێك لە ڕێكخراوەكان بە جدی كاریان كردووە، بەڵام لە ئاستی پێویست دا نین.

**ڕووداو: سەنتەرەكانی داڵدەدانی ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**زەهرا:**بەشێكی زۆری سەنتەرەكان هۆكاری گەورەتربوونی كێشەكانی ژنانن و زۆرجار دەبیستین كێشەی زۆر ئاساییان گەورەكردووەو لەئەنجامدا توندو تیژی و كێشەی لێكەوتووەتەوە.

**ڕووداو: چۆن دەتوانرێت توندوتیژی لەكۆمەڵگەدا كەم بكرێتەوە؟**

**زەهرا:** بە هەوڵدان بۆ هۆشیاركردنەوەی تاكەكان، ئینجاش دانانی سزا بۆ پیاوانی توندوتیژ.

# عیماد ئەحمەد لە عومەر فەتاح باشترە

**ڕووداو-سلێمانی**

كامل عەزیز، 38 ساڵ، دوكاندارێكی سلێمانییەو ئەگەر دەسەڵاتی دەستنیشانكردنی جێگری سەرۆكی حكومەت بەدەست ئەو بووایە هەر عیماد ئەحمەدی هەڵدەبژارد:

**ڕووداو: گۆڕینی جێگری سەرۆكی حكومەت، گۆڕانكاری دروست دەكات ؟**

**كامل عەزیز :** تەمەننا دەكەم هەر دەموچاو نەبێ، بەڵكو بتوانێ خزمەت بەجەماوەرەكە بكات،چونكە خەڵك هەمیشە لەگەڵ گۆڕاندان.

**ڕووداو: هەندێ خەڵكی سلێمانی دەڵێن وەزیرەكانی سلێمانی ناتوانن خزمەتی شارەكەیان بكەن، ڕای تۆ چییە؟**

**كامل عەزیز:** من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، بەڵام حەزدەكەم بە وەزیرەكان بڵێم دەبێت خەڵكیان لەبیر بێت.

**ڕووداو: ئیشوكارەكانی عومەر فەتاحت چۆن بینی؟**

**كامل عەزیز:** ئەگەر گەنج بووایە زۆر باشتر دەبوو، چونكە كەسی بە تەمەن ناتوانێ بەباشی ئیشوكار بەڕێوە ببات.

**ڕووداو: عیماد ئەحمەد لە عومەر فەتاح گەنجترە، پێتوایە كاری باشتر بكات؟**



**كامل عەزیز:** ئەوەندەی من موتابەعەی كاك عیماد ئەحمەدم كردبێت، كەسێكی جددی و جوڵاوە، ڕۆحییەتی ئیشكردنی تێدایە، خۆ ئەگەر بەراوردی كاك عومەریش بكرێت، كاك عیماد باشترە.

**ڕووداو: ئەگەر بڕیار بەدەست تۆ بووایە، كێت دەكردە جێگری سەرۆكی حكومەت؟**

**كامل عەزیز:** (بەپێكەنینەوە) هەر كاك عیمادم دەستنیشاندەكرد، چونكە پێم لە هەموویان باشترە.

# جیاوازیمان لەبەرامبەر مەكەن

ئێمە بەشێكین لەو قوتابی و خوێندكارانەی ئێواران كە لە ساڵی ڕابردوو (2007/ 2008) بە پلەی یەكەم لە بەشە زانستییەكانی كۆلێژە جۆربەجۆرەكانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان دەرچووین و ژمارەمان 31 كەسە.

هەرلەگەڵ دروستبوونی یەكەم كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان وتاكو ئەمڕۆ بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە كە قوتابییە یەكەمەكان لە كۆلێژەكانی خۆیان بە (معید) دابمەزرێندرێن، ئەم بڕیارە تاوەكو نووسینی ئەو یاداشتەش پیادەكراوە، بەڵام بەداخەوە وادیارە ئەمساڵ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران جیاوازیەكی دروستكردووە لە نێوان خوێندكارانی بەیانیان و ئێواران، بڕیارەكەی وەكو ساڵانی ڕابردوو پیادە نەكردووە، هەر بۆیەش ناوی قوتابی و خوێندكارە یەكەمەكانی ئێوارانیان دەرهێناوە لە زانكۆكانی سەلاحەددین و سلێمانی و كۆیە لە لیستی دامەزراندنی یەكەمەكان كە كۆی گشتیان 431 قوتابی و خوێندكارە.


لە كاتێكدا ئێمەی قوتابی و خوێندكارانی ئێواران خۆمان لە دڵسۆزی و وەفاداری بۆ خاك و نیشتمانی كوردستان بە كەمترنازانین لە خوێندكارانی بەیانیان، لە هەمانكاتدا لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (ڕووداو)ەوە دەنگمان بەرزدەكەینەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و سەرجەم ڕێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان، تاوەكو ڕێگە نەدەن ئەم جیاوازییە دروست بكرێت لە نێوان (بەیانیان و ئێواران)، لە بەر ئەوەی ئێمەش ڕۆڵەی ئەم حكومەت و نیشتمانەین و لەو كۆلێژو زانكۆیانە دەرچووین كە قوتابی و خوێندكارانی بەیانیان لێی دەرچوون . ئێمە وێڕای پێداگرتنمان لە سەر مافی ڕەوای خۆمان دەنگی خۆمان بەرزدەكەینەوە بۆ بەردەم هەموو دڵسۆزان و نیشتمان پەروەرانی كوردستان كە بە چاوێكی باوكانە سەیری كێشە ڕەوایەكەمان بكەن و، ناكرێت خەون و ئارەزووەكانمان بەدەستی مامۆستا و برا گەورەكانمان لە گۆڕ بنرێن.

داوا لە دەسەڵاتی چوارەم دەكەین ئەركی پیرۆزی خۆی جێبەجێبكات و كێشەكەمان ڕووبەڕووی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەكان بكاتەوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەكی گونجاو بۆ ئەم گرفتە، كە هەڕەشە لە داهاتووی زانست و بەرژەوەندییە باڵاكانی وڵات دەكات.

**31 خوێندكارو قوتابییە یەكەمەكانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان لە خوێندنی ئێواران**
**2009 /2 /23**

***ناوی 31 قوتابییەكە لەگەڵ ناوی بەش و كۆلیژ و زانكۆكانیان لەگەڵ ئەم یاداشتەدایە. (ڕووداو)**

# 750 كەس لەسلێمانی تووشی شێرپەنجەی سی بوونە



**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی بەشی ناوبینی سنگ لەماوەی ساڵێك و یانزە مانگدا 745 حاڵەتی شێرپەنجەی سی تۆمار كراوەو كارمەندێكی بەشەكەش ڕایگەیاند "100% هۆكاری حاڵەتەكان جگەرەكێشان بووە".

بەپێی ئامارەكانی بەشی ناوبینی سنگ لە ساڵی 2007 دا 400 نەخۆش لەو بەشەدا بینراون، دەركەوتووە 345یان شێرپەنجەی سییان هەبووە، هەورەها لەماوەی 11 مانگی ساڵی ڕابردوودا 445 نەخۆش لەهەمان بەشدا بینراون كە 400 یان شێرپەنجەی سییان هەیە.

ئاوازمحیەدین، لێپرسراوی بەشی ناوبینی سنگ و كارمەندی ئەو بەشە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژانە ژمارەیەكی زۆر نەخۆش ڕوومان تێدەكەن و ناوبینی سنگیان بۆ دەكەین لەگەڵ هەر حاڵێكی دیكەی تووشبوون بە نەخۆشی لەسییەكانیاندا وەك هەوكردنی سییەكان، پەڕینی هەر شتێك بۆ ناو بۆری هەناسە".

لێپرسراوی بەشەكە ڕوونیكردەوە زۆربەی ئەوانەی سەردانی بەشەكە دەكەن جگەرەكێشن و تووشی شێرپەنجەی سی هاتوون " پێش ئەوەی شیكاریان بۆ بكرێت بەهۆی ئامێری نازۆرەوە دەردەكەوێ تووشی شێرپەنجە هاتوون، دواییش بۆ دڵنیا بوونمان پشكنینەكانی دەنێرینە تاقیگەیەكی دی".

ئاواز باسی لەوەشكرد كە حاڵەت هەبووە هاتووەتە لایان، جگەرەكێش نەبووە، كەچی تووشی شێرپەنجەی سی بووە، بەڵام دەركەوتووە لەنێو ماڵەكەیاندا كەسی جگەرە كێش هەیە "چونكە زیانی جگەرەكێشان بۆ كەسانی بەرامبەر جگەرەكێش دوو بەرامبەرە".

بەشی ناوبینی سنگ لە نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی لەساڵی 2004 ەوە كراوەتەوە و ڕۆژانە نزیكەی دە نەخۆشی تێدا دەبینرێت و ناوبینی سنگیان بۆ دەكرێت.

## لە بواری تەندروستیدا

# هەرێمی كوردستان 20 ساڵ لەدواوەیە



**ڕووداو-ئەمەریكا**

لە ساڵانی حەفتاكاندا، عێراق باشترین و پێشكەوتووترین سیستەمی تەندروستی هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، بەڵام ئێستا بەهۆی لاوازبوونی سیستەمی پەروەردە، ئەو وڵاتە لە بواری تەندروستیدا 20 ساڵ لەدواوەیە.

دروستبوونی شەڕی نێوخۆ و دابەشكردنی بەرژەوەندییەكان، بووەتە هۆی ئەوەی ئەو هەرێمە شاخاوییەی باكووری عێراق بێ سیستەمێكی ڕێكوپێكی تەندروستی بێت یاخود سیستەمێك كە بتوانن مەشق و ڕاهێنان بە پزیشك و برینپێچ بكەن.

لە سەرەتای ساڵەكانی 2000 دا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا بۆ ئەوەی بارودۆخەكە باشتر بكات، زانكۆی ئیست تانەسی ئەمەریكی و كۆلێژی تەندروستی كویڵنی ئەمەریكی دەستنیشان كرد، كە كەلوپەل و كارمەندی شیاو و ئەزموونداریان لە بواری تەندروستی هەیە هاوكاری پێشخستنی بواری تەندروستی لەو هەرێمە بكەن، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی دەرەوە داوای لە زانكۆی ناوبراو كرد كە هاوكاری ئەو هەرێمە بكات و بواری تەندروستی مۆدێرن بكەن و پێشبخەن.

لە ساڵی 2002دا پەنجا پزیشك و كارمەندی تەندروستی كورد سەردانی ئەو زانكۆیەیان كرد، بەمەبەستی بەشداریكردن لە بەرنامەیەكی مەشق و ڕاهێنان لە بواری تەندروستی و شارەزایی وەرگرتن لە تەندروستی ئەمەریكا. ئەوانیش زانیارییەكانیان بۆ هەرێمی كوردستانی عێراق لەگەڵ خۆیان بردەوە و چەند گۆڕانكارییەكیان لە سیستەمی تەندروستی ئەو هەرێمەدا كرد.

لە ساڵی 2004یش سێ لە پرۆفیسۆرەكانی زانكۆی ئیست تانەسی، سەردانی هەرێمی كوردستانیان كرد و لە بارەی سەردانەكەیانەوە، دكتۆر مارتن ئۆڵسن دەڵێ" بەچاوی خۆمان سیستەمی تەندروستی ئەو هەرێمەمان بینی، دیتمان ئامێری مۆدێرنیان هەیە و ئینتەرنێت و كۆمپیوتەریان هەیە و لە كۆلیژە پزیشكییەكان، كەلوپەل و پێداویستییە تەندروستییەكان دەست دەكەون".

بەپێی قسەی ئۆلسن،، كە لە ساڵی 2007ەوە چەندین جار سەردانی هەرێمی كوردستانی كردووە، پارەی هاوكاری وەزارەتی دەرەوە وەستا، بەڵام زانكۆی ئیست تانەسی هەر بەردەوامە لەو هاوكارییە و هاوپەیمانی تەندروستی بۆ عێراق، كە دەزگایەكە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا و چەند پزیشكێكی شارەزای ئەمەریكی و چەند سەرمایەدارێكی كورد پاڵپشتی و هاوكاری دەكرێت.

**لە ڕۆژنامەی Business Tennessee-ی ئەمەریكی وەرگیراوە.**

## پیرۆزبایی

بەبۆنەی لە دایكبوونی (ڕاڤین) لە ڕۆژی 2009/3/1 پیرۆزبایی لە دایك و باوكی عەلی حەمە ساڵح و حەنان خان دەكەین، هیواخوازین لە باوەشییاندا بە خۆشبەختی گەورە ببێت. (ڕووداو)

# هەمەجۆر



شاخەوان لەگەڵ کچە ئەکتەرێکی سووری بە 10 هەزار دۆلار

ڕووداو-هەولێر

◆ گۆرانیبێژ شاخەوان لەلێدوانێکدا بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئێستا خەریکی کلیپکردنی دوایین بەرهەمی خۆیەتی بەنێوی (بۆ دواجار ) کە کچە ئەکتەرێکی سووری بەنێوی (سەمەر) بەشداری تێدا کردووە.. شاخەوان ڕوونیکردەوە کە ئەو کلیپە لەلایەن کۆمپانیای چوارچرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەری بەرهەمهاتووە و، دیمەنەکانیشی لەکوردستان وێنەی گیراون و لە تورکیا کاری تۆمارکردنی دەنگ و موزیکی بۆکراوە، شاخەوان دەڵێ "ئەو کلیپە تا تەواوکردنی بەهاوکاری کۆمپانیای چوارچراو لەسەر خەرجی خۆم 10 هەزار دۆلاری تێچووە".

## بەرزنجی و هروری بوونە خزم



ڕووداو-Amude

گۆرانیبێـژ لۆرین بەرزنجی ماڵئاوایی لە ژیانی تەنهایی کرد و چووە ناو ژیانی هاوسەرییەوە. ڕۆژی 2009/2/12 لـە سـتۆکهۆڵمی پێتەختـی سـوێد ئاهەنگی شـیرینی خواردنەوەونیشـانکردنی گۆرانیبێـژ لۆرین بەرزنجی لەگەڵ هۆگر هروری بەڕێوەچـوو. لۆرین سـاڵی 1980 لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لە بنەماڵەیەکـی چالاکڤانـی سیاسـی لـە دایکبووە.لەتەمەنی 10 سـاڵیدا لۆرین لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕوو لەسوێد دەکەن ولەوێ نیشتەجێ دەبن.لۆرین تەنها CD یەکی بڵاوکـراوەی هەیە بەناوی (چیرۆکێن ئەڤینێ)وبە گۆرانی (بیریا تەدکەم)بەناوبانگە.

هۆگر هروری دەستگیرانی لۆرین خەڵکی دهۆکەو دەرهێنەری هـەردوو ڤیدیۆ کلیپـی لۆرینـە بەناوەکانی (بیریـا تەدکـەم) و(ماڵئاوایی).

## کوردانی تۆرۆنتۆ دەیانەوێ بیکەنە24

ڕووداو-تۆرۆنتۆ

ماوەی چەند مانگێکە لە شـاری تۆرۆنتۆ لەکەنەدا، ڕێکخراوی ماڵی کـورد لەتۆرۆنتۆ لە ڕێگەی کەناڵێکی ئاسـمانییەوە پرۆگرامی تەلەڤزیۆنـی بە زمانی کوردی پەخش دەکات کە لە کەنەدا وئەمریکا وەردەگرێت.

زانا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبـەری تیڤییەکە لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە ڕێگەی کەناڵی ئاسـمانی ITC ەوە کە کەناڵێکی ئێرانییەو بنکەی سـەرەکی لە تۆرنتۆیە، هەفتانـە چوارکاژێرونیویان بەکرێ گرتووەو بەزمانی کـوردی بەرنامەکان بڵاودەکەنەوەو پەخشـی تەلەڤزیۆنەکەش لەتەواوی باکووری ئەمەریکا (ئەمەریکا وکەنەدا) وەردەگرێت.

وەک بەڕێوەبـەری تەلەڤزیۆنەکـە ئامـاژەی پێدا پرۆگرامەکان هەمەجۆرن وپتریش بایەخ بە چالاکییەکانی ڕەوەندی کوردی لە شـاری تۆرۆنتۆ وهەرێمی ئۆنتاریۆ دەدات" دەمانەوێ لەرێگەی ئەم کەناڵەوە کارێک بکەین کوردەکان لە یەک نزیک بکەینەوەو نەوەی نوێی کوردیش کە لـە کەنەدا لە دایـک بوون لە کولتـووری خۆیان دانەبڕێن".

بەڕێوەبـەری تەلەڤزیۆنـی ماڵی کورد لـە تۆرنتۆ ڕوونیکـردەوە کـە 15 کوڕوکچی کورد خۆبەخشـانە کار لـە تەلەڤزیۆنەکە دەکـەن ورەوەندی کوردیش لەو وڵاتەداپێشـوازییەکی گەرم لـە تەلەڤزیۆنەکە دەکەن. زانا ئامـاژەی بەوەدا کـە لە کەنەدا زۆربـەی ڕەوەند وکۆمیونیتیـەکان خاوەنی میدیـای خۆیانن وچەندین کەناڵـی تەلەڤزیۆنیان هەیە، بۆ نموونـە ئێرانییەکان تەنها لە تۆرۆنتۆ سـێ تەلەڤزیۆن وچەندین ڕۆژنامەیان هەیە" حەزدەکەین پەخشـی تیڤییەکەمان بکەینە 24 کاژێر، بۆ ئەم مەبەستەش داوای هاوکاری لە بزنسمانان وسـەرمایەدارانی کورد لە کەنـەدا وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین".

نزیکـەی 15 هەزار کورد لە کەنەدا دەژین کە پتر لە پێنج هەزاریان لە شاری تۆرۆنتۆن،ماڵی کورد لە تۆرنتۆ لە 2005 دامەزراوەو لەلایەن حکومەتی کەنەداوەمۆڵەتی کارکردنی هەیەو تائێسـتا چەندین چالاکی هەمەجۆری ئەنجامداوە.



بەشێک لە کارمەندانی تەلەڤزیۆنی ماڵی کورد (فۆتۆ:ڕووداو)

## لاوێکی کورد فرۆکە دروست دەکات

ڕووداو- کرماشان

لەشـاری کرماشـانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، کوڕە گەنجێکی کورد فرۆکەیەکی بێماتۆڕی دروستکرد.

ئـەم فرۆکەیە خاوەن چەندین تایبەتمەندی وەک بێدەنگبوونی لەکاتی ئیشکردن و کێشیشی کەمە، بۆ دروستکردنی لەباشترین پێکهاتەکان کەڵک وەرگیراوەو جۆرە فرۆکەیەکی گلایدرە.

ئەم فرۆکەیە لەلایەن ئەمیر حوسێنی دوست موڕادی، قوتابی قوتابخانەی توانا درەوشاوەکانی شاری کرماشان دروستکراوەو بۆ دروستکردنی فرۆکەکە لەناوەنـدی فەزایی ئێران یارمەتی وەرگرتـووە و توانیویەتی لەناوەندی تۆمارکردنی ئافراندنەکانی ئێران بەنێوی خۆیەوە تۆماری بکا.

ئەمیر حوسێن نێوی ئەو فرۆکە تایبەتەی ناوە (پەرەسیلکەی سپی)و داوای لەبەرپرسانی کرماشان و ئێران کردووە یارمەتی بدەن تا ژمارەیەکی زۆری دروسـت بکاو ڕەوانـەی بازاڕەکانی ئێران و جیهانی بکات، چونکە بەئاسانی و بەپارەیەکی کەم دروستدەکرێ.

## مەهدی بێ تۆڵە ناگەڕێتەوە



ڕووداو-هەولێر

دەرهێنەری سینەمایی کورد، مەهدی ئومێد ئێستا لەئێرانە بۆ هێنانەوەی فیلمە سینەماییەکەی کە چەند ساڵێک،بەر لەئێستا ئامادەی کردبوو، دەڵێ "بەبێ تۆڵە ناگەڕێمەوە".

لەلێدوانێکدا دەرهێنەری کورد مەهدی ئومێد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئێستا لەئێرانە بۆ هێنانەوە فیلمی (تۆڵە)بۆکوردستان، کە چیرۆکی فیلمەکـە باس لەڕووداوەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی سـەددام دەکات. وەکو مەهدی ئومێد باسـیکرد فیلمەکە لەشـاری کەرکووک وێنەی گیراوەو باسـی ئەو شارە دەکات، دەڵێ "ئەو فیلمە دەبوایە زووتر تەواو ببوایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کارەکەی ڕاگرت بۆیە دواکەوت".

مەهدی ئومێد ئەوەشیگوت کە ئێستا دەیەوێت فیلمی (تۆڵە) بهێنێتەوە کوردسـتان کە کاتی خـۆی دوای تەواوکردنـی بردبوویە ئێران بۆ مۆنتاژکـردن و دەڵێ "بەبێ فیلمی تۆڵە ناگەڕێمەوە کوردستان".

## فیلمسازێکی کورد ون دەبێت

ڕووداو – ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ماوەیەکی زۆرە محەممەد گەنمکار دەرهێنەری کوردی شـاری سەرپوڵ زەهابی سەر بەپارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ونبووەو بنەماڵەکەی لەچارەنووسی بێ ئاگان.

بەپێی هەندێ سـەرچاوە کە بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاندووە ئەو دەرهێنەرە کوردە دوای ئەوەی چەند فیلمێکی سەبارەت بەدۆخی کـورد لەپارێزگای کرماشـان دروسـتکردووەو بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی ئیسلامی کرماشـان ڕێگەی بەبڵاوبوونەوەی فیلمەکەی نەداوە و، دواتریش دیار نەماوەو ونبووە.

محەممەدی گەنمکار چالاکڤانێکی بواری مافی مرۆڤە، پێشتر چەندینجار لەلایەن هەندێ لەدەزگاکانی حکومەتی ئێران هەڕەشەی لێکرا بوو.



## نازدار 3 نەورۆز پیرۆز دەکا



ڕووداو-ئەڵمانیا

هونەرمەند نازدار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێستا خەریکی ئامادەکاری گۆرانییەکی تازەیە لە ئیستەنبول.

نازدار گوتی "دوای جەژنی نەورۆز کار لەو گۆرانییە تازەیەدا دەکەم، کە تێکستەکەی فۆلکلۆرییە ئەو گۆرانییە نوێیە لە فۆلکلۆری کوردییە و گۆرانییەکی سینگل دەبێت". نازدار ڕوونیکردەوە بەنیازە گۆرانییەکەی لە تورکیا تۆماربکات. لەلایەکی دیکەوە نازدار بەرنامە نەورۆزییەکەی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشـکراکرد و گوتی "بەشداری سێ کۆنسێرتی جەژنی نەورۆز دەکەم، کۆنسـێرتی یەکەمم لە سـتۆکهۆلم دەبێ لەگەڵ شـڤان پەروەر و ئەردەلان بەکر". لە ڕۆژی 21 ئاداریش لە نۆرویـج جەژنی نەورۆز پیـرۆز دەکات، پاش هەفتەیەک دەچێتە سـوێد، لە شاری مالمۆ بەشـداری کۆنسێرتێکی دیکەی نەورۆز دەکات.

## جلوبەرگی کوردی لە مۆزەخانەی ئینگلیزی

ڕووداو-لەندەن

لـە مۆزەخانـەی بەریتانی لـە لەندەن جلوبەرگی کـوردی نمایشـکراو بووە جێی سـەرنجی ئامادەبووان، ڕۆژی 2009/2/27 لە مۆزەخانەی بەریتانی لە لەندەن دیزاینەری ناسراوی کورد دڵگەش موراد ناسراو بە دێللا بەشداری لە پێشـانگەی بابیلۆنی کرد .لەم پێشـانگەیەدا لەپاڵ نیشـاندانی جلوبەرگی عەرەبی، دڵگەش چەند نموونەیەکی لە مۆدێلی کۆن ونوێی جلوبەرگی ژنانەی کورد نیشاندا.

دڵگەش موراد لـە هەڵەبجە لەدایک بووە وسـاڵی 1962 بنەماڵەکەیان چووەتە بەغداو ساڵی 1986 چووەتە ئەڵمانیاو لەساڵی 1989شەوە لە ئینگلستان نیشتەجێیە. دڵگەش بەشـداری لەچەندین پێشـانگەی جلوبـەرگ و فاشـن کردووەوچەندیـن جار خەڵاتکراوە، لەوانە خەڵاتی سەرۆکی شارەوانی لەندەن کین لیڤینگستۆن.

## بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

بزانە چۆن مامەڵـە لەگەڵ هاوڕێکانتدا دەکەیتو کارێک مەکە لێت زویر ببن، حەز دەکەیت زیاتر سەربەست بیت و، کەسانی دیکە دەست وەرنەدەنە نێو کارەکانت.

### گا
Apr 20-May 20

هەست بەدوودڵی و نائارامی دەکەیت، چاوەڕێـی هەندێ گۆڕانکاریـت، زۆربەی هەنگاوەکانت لەشوێنی خۆیانداو ئەنجامی دڵخۆشـکەری لێدەکەوێتەوە، ئـاگاداری تەندروستیت بە.

### جمک
May 21-Jun 21

هەسـت بەئاسـوودەیی و دڵخۆشـی دەکەیت، لەکارەکەتدا بەختێکی باشـت دەبێت، چەنـد بیرۆکەیەکی نـوێ دێتە پێشەوە کە لێیان سوودمەند دەبیت.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی کتوپڕ بە، کە هەندێ لە کارەکانت لێ تێکدەدات، لەڕووی داراییەوە پێشبینی دەکرێت زیانت پێبگات، هەوڵبـدە داوای یارمەتـی لەهاوڕێکانـت بکەیت.

### شێر
Jul 23-Aug 22

وریابە لەمامەڵە کردنداو کارێک مەکە دڵی هاوڕێکانت لەخۆت برەنجێنی، ناتەوێ گومان کەسانی دیکە بکەن، بەڵام باشترە بزانیت چـی لەدەورووبـەرت ڕوودەدات، ئاگاداری تەندروستیت بە.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

هەندێ زانیاریت بۆ ڕوون دەبێتەوەو ڕاستییەکانت بۆ ئاشکرا دەبێت، هەست بەنائارامیو دوودڵی دەکەیت، داوای هاوکاری لەهاوڕێو کەسە نزیکەکانت بکە.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

لەبـواری کارەکەتـدا سـەفەرێکی دڵخۆشکەرت دێتە پێشەوە، کە پێویستە ئەو سـەفەرە ئەنجام بدەیـت، هەروەها مەهێڵە کارەکـەت ئەندامانی خێزانەکەت لەبیربەرێتەوەو فەرامۆشیان مەکە.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـت ڕوو لەبەهێزی دەکەن، هەسـت بەسەربەستی زیاتر دەکەیتو توانـای زیاترت دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت، ڕەنگە دەستکەوتێکی باشیش بەدەستبێنی.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

کارەکانت بۆ ماوەیەک دوا دەکەونو بەو شێوەیە بەڕێوەناچن کە پێشبینیت دەکردن، باشترە توڕە نەبیتو ئارام بگریت، تا دڵی هاوڕێو کەسە نزیکەکانت زویر نەکەیت.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

ئاگاداری بـاری داراییت بەو، زیادەڕەوی مەکە لەخەرجکردنی سـامانەکەت، ڕەنگە گۆڕانێکـی کتوپـڕ لەبـواری کارەکەتدا ڕوویدات، هەواڵی خۆش دەبیستیت.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

پرسـیار بکـەو هەوڵبـدە هەمـوو وردەکارییەکانت بۆ ڕوون ببێتەوە، پرۆژەکانت بۆ ماوەیەک دوابخە، ئێستا کاتیان نەهاتووە، لەڕووی سۆزدارییەوە ئاسوودە دەبیت.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

ناتـەوێ هیچ شـتێک بتبەسـتێتەوە، لەبواری کارەکەتدا چەند زانیارییەکی نوێ دەخەیتە ڕوو، زیاتر بگەڕێ ڕەنگە شتی نوێ ببیسـتیت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت لاواز دەبن.






# ریفۆرم لەسەر قاچەکانی خۆی دەڕوات

## ڕێگاکانی ریفۆرم بە مانەوە لە عێراقدا تێدەپەڕێت

رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

سێ دۆخی سەرەکی لە ئارادایە بۆ ریفۆرمکردن، هەریەک لەم دۆخانە بە پلەیەکی دیاریکراو ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە باشترکردنی بارودۆخەکەدا، دۆخی یەکەمیان لەو قەیرانە ڕاستەقینەوە دەست پێدەکات کە یەکێتی تێیدا دەژی و، سەرەتای ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستەکانی نەوشیروان مستەفا کە بە زنجیرە وتارێک لەو دواییانەدا بەشێکی زۆری بیروبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو، دوای بێ ئومێدبوونی لە دروستبوونی ریفۆرم بەڕێگە نێوخۆییەکانی حیزب دا.

نەوشیروان مستەفا، گفتوگۆکردنی لە سەر قەیرانە ڕاستەقینەکانی نێو یەکێتی لە نێو ژوورە داخراوەکانی حیزبەوە هێنایە سەر شەقام و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، دەستیشی لە کاروبارە ڕەسمییەکانی حیزب کێشایەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە هەوادارانی هەر بە ئومێدی سەرخستنی پرۆژەکە مانەوەیان هەڵبژارد لە نێو یەکێتیدا تا ئەوانیش گەیشتنە بنبەست و هەستیان کرد مانەوە لە نێو حیزبەکەدا جگە لە زووخاو خواردن هیچ بەرهەمێکی دیکەی نییە . سەرئەنجام هەردوو جێگرەکەی ئێستای تاڵەبانی قەرزێکی نەوشیروان مستەفایان کەوتە لا لەوەدا ئەگەر خاوەنی هەندێک دەسەڵاتی ڕاستەقینە بن وەک جێگر، لەبەرئەوەیە چونکە ئەو یەکەم کەسبوو دژی وەزیفەی جێگری سکرتێر بێت بە شێوەیەکی کارتۆنی، بە دیوەکەی دیکەیشدا، یەکێتی قەرزێکی سیاسی دیکەی نەوشیروان مستەفای کەوتەلا لەو ڕووەوە چونکە مەسەلەی ریفۆرمی بە قورسی تەقاندەوە لە نێو یەکێتی و ڕای گشتی دا کە چیتر قابیلی پەردەپۆشکردن نەبێت.

بە خۆشحاڵییەوە پێدەچێت، باڵی ریفۆرم بگەڕێتەوە نێو یەکێتی و نەگەڕێتەوە، یەکێتی قەرزە سیاسییەکانی باڵی ریفۆرم بداتەوە، بەجێبەجێکردنی ریفۆرم لە نێو یەکێتی دا . بە تەنها بواردنی پۆستی سکرتێری گشتی و هێشتنەوەی ئەو وەزیفەیە وەک پۆستێکی هەتا هەتایی بۆ تاڵەبانی یان وەک د.بەرهەم دەڵێت ڕابەرایەتیکردنی تاڵەبانی لەپێش هەموو شتێکەوەیە، دیارە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت ئێستا قسەکردن لەسەر جێگرتنەوەی مام جەلال مەسەلەیەک بێت بە هەند وەرگیرێت، چونکە هێشتا ئەم تێڕوانینە بەشێک نییە لە خودی خەیاڵی تاڵەبانی کە بەدەستپێشخەرییەکی مێژوویی و دیموکراتی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەوشیروان مستەفا سوورە لەسەر خۆ جیاکردنەوەی سیاسی، مەگەر تەنها تاڵەبانی پۆستەکەی خۆی بۆ جێبهێڵێت، ڕەنگە حەکیمانەترین ڕێگاش بۆ یەکێتی ئەوەبێت تاڵەبانی دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە . شتێک لە ڕاستیش لەو بۆچوونانەدا هەیە کە پێیوایە تاڵەبانی بەشێکە لە کێشەکەو بەشێکیشە لە چارەسەرەکە.

دۆخی دووەم لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە باڵی ریفۆرم بە ڕێگەی خۆیاندا بڕۆن، ئەمەش ئەو کارەیە کە تاڕادەیەکی زۆر ئاسان نییە، ڕەنگە لە دوایین جەولەی وتوێژەکانی تاڵەبانی کە دەشێت بەم نزیکانە ڕووبدات، ئەوە ساخ ببێتەوە کە چارەنووسی باڵی ریفۆرم لە ڕووی سیاسییەوە چی دەبێت. بەڵام بۆ من گرنگترین دۆخی ریفۆرم لە مانەوە لە عێراقدا دەست پێدەکات. بۆ ئەمەش هەندێک ڕوونکردنەوە دەخەمەڕوو، هیوادارم بە هەڵەدا چووبم لەوەی کە مانەوە لە عێراقدا بە بەهێزترین فاکتەری ریفۆرم لە قەڵەم دەدەم .

با دەست پێ بکەم، ئەوانەی جڵەوی سیاسی هەرێمی کوردستانیان بەدەستەوەیە بە تایبەتی سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی ئەو دیمەنەمان پیشاندەدەن کە ئەوان دژی دوو ئەگەری سیاسین لە عێراقدا، یەکەمیان ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی دینی، دووەمیشیان ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی مەرکەزی . بەڵام من مەبەستم ئەوە نییە، ئەوان ڕێگایان بۆ گفتوگۆیەکی قوڵ و فراوان کردبێتەوە ئەم بابەتە یەکێک بێت لەو بابەتە تیۆری و سیاسییانەی ئامادەیی گرنگی هەبێت لەنێو گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و سیاسی و لێکلۆڵینەوەی توێژەراندا. بە پێچەوانەوە ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە لەو پەڕی پلەی بیردۆزی و ڕاڤەکردن دا دەژین . ئەوەی من پشتی پێ دەبەستم هەر ئەو ڕستە سەرەتاییانەیە کە بەردەوام لە زاری سەرۆکی پارتی و سەرانی یەکێتییەوە دەیبیستم . پرسیاری سەنترالیزم و پرسیاری دین ئەم دوو پرسیارە بەلای منەوە گرنگی زۆریان هەیە، بەتایبەتی بۆ سەر لەنوێ خوێندنەوەی کۆمەڵگەی کوردی، ئەوەش کە وا دەکات ئەم دوو پرسیارە گرنگ بێت ئاراستەی بیرکردنەوەی سیاسەتمەدارانی کوردە لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەغدا، کە خۆی لە نارازیبوونی کورددا دەبینێتەوە، یان دروستتر بڵێم هەڵوێستی هەردوو هێزە سیاسییە سەرەکییەکەی کوردستان بەرامبەر دروستکردنی دەوڵەتیکی مەرکەزی و دەوڵەتێکی دینی . سەرانی سیاسی هەردوو حیزبەکە پێماندەڵێن کە دێوی سەنترالیزم و دین لە بەغداوە دێت وئەمان هەڵگری پرۆژەی (دی سەنترالیزەیشن)ن، بەڵام بەر لەوەی کورد ئەوە بە بەغدا بفرۆشنەوە وا پێویست دەکات ئەو پرۆژەیە لە نێو هەرێمدا ساخ بکرێتەوە، چونکە دێوی سەنترالیزمی ڕاستەقینە لە ناو هەرێم خۆیدایە و هەرێمی کوردستان جێگەی شەڕی ڕاستەقینەی دیموکراتیزەکردن و باوکسالاری و حیزبی سەرتاسەریی و پاوانخوازییە . بەرلەوەی پێمان بڵێن دێوەکە لە بەغداوە لە دایکدەبێت، دەتوانین بڵێین ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە قسە لەسەر مەترسییەکانی بێسنوورخوازی سیاسی دەکەین، ئەمە جگە لەوەی لیبرالیزم لە ڕووی سیاسییەوە لە هەرێمی کوردستان تەنها بە مانەوە لە عێراقدا زامن دەکرێت، کە ئەویش بریتییە لە پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمەوە، هەرچەندە ئێستا مام جەلال و مەسعود بارزانی پرۆژەی ئەوەیان هەیە هەڵبژاردن دوابخەن و قسەیان لە شتێکی واکردووە. جگە لە مەسەلەی دروستکردنی کۆمیسیۆنی چاودێریکردنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرئەنجامەکان. لە ڕاستیدا هیچ گەرەنتی نییە بۆ ئەوەی کورد پابەندبێت بەئەنجامدانی ئەو دوو هەڵبژاردنە ئەگەر ئێمە لە بەغدا جیاببینەوە. هیوادارم مەسەلەکە بە شەخسی وەرنەگیرێت کە من بێئەندازە حەزی بینینی بەغدام هەیەو هێشتا بەغداشم نەبینیوە .



# ریشەکانی ناکۆکی ناو یەکێتی

هیلال ئیبراهیم

ئەوەی لە دوو ساڵی رابردوودا ڕووبەڕووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووەتەوە وەک حیزبێکی سەرەکی کوردستان، ماندووکەر و خەمهێنەرە، خەڵکی لە نێوان ئومێدو بێئومێدیدا دەژین. ئەوانەی ئەندام و کادر و لایەنگری یەکێتین خەم دەخۆن و دەترسن حیزبەکەیان لاواز ببێت، نەیارەکانی یەکێتش پێیانخۆشە کە یەکێتی بەم بارودۆخە دەتلێتەوە، هەرچی خەڵکی ئاساییشە بێزار بووە لەم بێنە و بەردەیە . سەرکردەکانی ئەو حیزبەش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە حیزبەکەیان دەیان کێشەی لەو جۆرەی تێپەڕاندووە . ئەوان دەڵێن یەکێتی بەو کێشانە نەک لاواز نابێت بەڵکو بە کۆتایی هێنانی کێشەکانی لە جاران بەهێزتر دەبێتەوە، بەڵام پێویستە بیروڕای یەکلاکەرەوە دەربڕین، چونکە گوتاری ڕۆشنبیری کوردی لە سەرهەڵدانی ئەم گیروگرفتەی یەکێتییەوە گوتارێکی لاوازو بێ کاریگەری بووە. ئەمەش تەنیا لەبەر یەک مەسەلەی گرنگ و سادە بووە، ئەویش ئەوەیە بەشێوەیەکی ڕوون نەتوانراوە پەی بەو مەبەست و ئامانجانە ببرێت کە ئەم کێشەو گیروگرفتانەی دروستکردووە. لەڕاستیدا زۆرجار گوتاری ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری کوردی کەوتووەتە ژێر کاریگەری بەرپرسەکانی یەکێتییەوە و بەو هۆیەوە سەرچاوەی کێشەکان شێوێنراوە، هەروەها بەهۆی گوتاری ڕاگەیاندنەوە خەڵکەکە بۆی ڕوون نابێتەوە کە سەرچاوەی ئەو کێشانە چییە و کاریگەری ئەم ململانێیانە سەر لە کوێ دەردەهێنن .

ئێستا خەڵک نازانێت کام لایەن لەسەر حەقن وکامەشیان ناحەقن، چونکە هەموو دەسەڵاتدارە باڵاکانی یەکێتی باسی نەبوونی شەفافیەت و خراپی خزمەتگوزاری و ماندووبوونی خەڵک دەکەن بەدەست ئەم بارودۆخەوە کە دروست بووە.

### کێشەکان فیکرین یان ستراتیژی

لەڕاستیدا لەدوای ڕاپەڕینەوە حیزبەکانی کوردستان بەئیسلامی وناسیۆنالیستەکانیشەوە، خاوەنی هێزی فیکری نین و ناشیانەوێت پەرە بەلایەنی پەروەردەی فیکری بدەن، ڕەگی ئەم نەگبەتییەشیان قوڵن، بەڵام با دوای ڕاپەڕین بەنموونە بێنینەوەو بزانین، یەکێتی و پارتی خاوەنی فیکرن و کادر و ئەندامەکانیان پەروەردە کردووە لەسەر ئەو بنەما فیکریانەی کە بۆی دەژین، ئەوان بەچی شەڕی فیکر دەکەن، کە خاوەنی فیکر نین، ئەگەر خاوەنی فیکریش بن کاری بۆ ناکەن و باوەڕیان پێی نییە، چونکە ئەو گرووپ و بزووتنەوە و هێزانەی لەدنیادا هەبوون و هەن ئەگەر خاوەنی فیکر بن ئەوە کادرەکانیان پەروەردە دەکەن، جەنگی فیکر پێش جەنگی ڕۆژانە دەخەن، ئێستا زۆر لە کادیرە باڵاکانی یەکێتی ئەوە دەڵێن کە ململانێکانیان لەسەر فیکرە، بەڵام خۆشیان باوەڕیان بەوە نییە، ئیتر چ جای ئەو کەسانەی کە دەزانن فیکر چییە و چۆن چۆنیش دەبێت پەیڕەو بکرێ و بەرگری لێبکرێت . ئەمەی بەسەر یەکێتیدا هاتووە بە هەڵە پێناسە دەکرێت و، پێویستە ئەو هەڵەیە لە گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی ڕاست بکرێتەوە کە زۆرجار پێی دەگوترێت ململانێی فیکری، لەڕاستیدا ئەوەی هەیە و ئێمە لەدوو ساڵی رابردوودا بە وردی ئاگادارین، ئەو کێشانەی ناو یەکێتی ناکۆکی سیاسی و ستراتیژیە نەک ململانێی فیکری، ئێستا پێویستە ئەو دوو بابەتە بەیەکجاری کۆتایی بێن، کە ئەوەی بەسەر ژیانی سیاسی یەکێتیدا دێت، ناکۆکی سیاسی ناوخۆییە نەک مەسەلەی فیکری و جیاوازی ململانێی فیکری بێت. چونکە ئەو ناکۆکیانە بە هۆی بوونی گەندەڵی، نەبوونی شەفافیەت، دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی کوردستان لەلایەن چەند کەسێکەوەیە . شەڕی فیکری نییە چونکە سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی خاوەنی ئایدیۆلۆژیای چەپ نین و وازیان لە بنەما فیکریەکەیان هێنا بێت بەرەو سەرمایەداری، تا ناکۆک بن. دینی نین و ئێستا هەندێ بیانەوێ ببنە ناسیونالیست و هەندێکی دیکە بیانەوێ یەکێتی بەرەو مارکسیزم ببەن، ئەم ناکۆکیانەی ئەمڕۆی یەکێتی هەرچەندە مێژوویین و زۆرجار کێشەی تایبەتی و بەرژەوەندی شەخسیشی تێکەوتوە، بەڵام بابەتەکە گەڕانەوەی هەیبەت و قورسایی بۆ ئەو حیزبەیە لە ڕووی سیاسییەوە نەک لەڕووی فیکرییەوە. بەداخەوە کە ئەو ناکۆکیانە بەو شێوەیە ڕوویاندا ئەگەر مەسەلەکە ململانێی فیکری بێت، ئەوا بە ئاسانی کێشەکان چارەسەر دەکرێن، بەڵام ئەگەر ناکۆکییەکان بۆ گەڕانەوەی پێگەی تاکەکەسی یان سیاسی بێت ئەوا چارەسەرکردنی کێشەکان زۆر ئاڵۆزن. چونکە لە کوردستان ڕیزبەندی سیاسی چ لەنێو کایەی سیاسی بەگشتی چ لەنێو حیزبەکان بەتایبەت وەک ڕیزکردنی چەند شتێکە کە یەکەمینیانت خست بەدوای ئەودا هەمووی دەکەوێت.

هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان وابوون، ئێستاش ئەگەر کەسی یەکەمی حیزبێک شتێکی لێبێت ڕاستەوخۆ حیزبەکە لاواز دەبێت، چونکە هەموو دەسەڵاتە داراییەکان، هەموو بڕیار و چالاکی و ژیانی ئەو حیزبە تەنها لەیەک کەسدا کۆبووەتەوە بە مردن یان نەمانی ئەو کەسە ئەو گرووپە یان حیزب و لایەنە لاواز دەبێت، ئەمە بۆ باڵی ریفۆرمیش بەم شێوەیە . نەوشیروان مستەفا یەکەمین کەسە و خاوەنی بڕیار و سەرچاوەی دارایی و هێزی ئەو باڵەیە لەبەرئەوە ئەگەر نەوشیروان مستەفا شتێکی لێبێت ئەو باڵەش تەواو دەبن و کۆتایی بەچالاکییەکانی دێت، کەواتەململانێکان فیکری نین و فیکر ئەو بەڕێزانەی کۆنەکردووەتەوە تا ململانێی فیکریان لەگەڵ باڵەکەی دیکەی ناو یەکێتیدا هەبێت، بەڵکو کێشەکانیان پەیوەستە بە هێزی پێگەی سیاسی یەکێتی چ لەنێوخۆدا و چ لە بەرامبەر پارتی.

### ئایندەی یەکێتی چی لێدێت؟

#### سیناریۆی یەکەم

لەمڕۆ بەدواوە ئایندەی سیاسی و پێگەی جەماوەری یەکێتی بەبێ باڵی ریفۆرم، یەکێتی بە بێ نەوشیروان مستەفا ناتوانێت وەک جاران خۆی کۆبکاتەوە و ڕێکخات، لەبەر ئەوە ناچارە شتێک لەخۆی بکات، یان داننان بەوەی کە باڵی ریفۆرم باڵێک بێت و لە چوارچێوەی یەکێتیدا کاربکات و خاوەن پێگەی خۆی بێت و سەربەخۆ بێت.

یەکێتی وەک دوو باڵ لەنێو یەک حیزبی سیاسی دا کار بکات یان نەوشیروان مستەفا بەردەوام دەبێت لە کارەکانی کۆمپانیای وشە و فشار دروستکردن بۆ سەر یەکێتی و باقی حیزبەکان، لەبەر ئەوە یەکێک لەمەرجەکانی نەوشیروان مستەفا ئەوەیە کە یەکێتی باڵی ریفۆرم لەناو حیزبەکەیدا بەرەسمی بناسێنێت. ئەو کاتە هەیکەلی یەکێتی بە تەوافوق پێکبێت، بڕیار و ڕێککەوتن و کێشەکانیش بە تەوافوق یەکلاییکرێنەوە، هەروەها بە تەوافوقیش ڕێککەوتن و کێشەکانی لەگەڵ پارتیدا چارەسەر بکەن، نەک تەنها باڵی تاڵەبانی هەموو ئەو ئەرکانە بگرنە ئەستۆ و پەیوەندییەکان ڕێکخەن و ئاگایان لە بارودۆخی دارایی و پەیوەندییە دەرەکی و ناوخۆییەکانی یەکێتی بێت.

#### سیناریۆی دووەم

سیناریۆیەکی دیکەیان ئەوەیە کە تاڵەبانی دەستبەرداری پۆستی سکرتێری گشتی و دەسەڵاتەکان بێت و وەک ڕەمزێک بمێنێتەوەو، دەزگا گرنگەکانی یەکێتی بخاتە دەست نەوشیروان مستەفا کە ئەمەیان مەحاڵە، چونکە تاڵەبانی و بەشێکی زۆری کاربەدەستە باڵاکانی باڵەکەی خۆی ڕازی نین، چونکە هەروەک چۆن لەژێرسایەی دەسەڵاتی تاڵەبانیدا ئەندامە باڵاکانی باڵی ریفۆرم پەراوێزخرابوون و هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو ئاواش باڵەکەی مام جەلال و کۆسرەت ڕەسول دەترسن ئەگەر نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی یەکلاکەرەوەی پێبدرێت ئەوان پەراوێزبخات، هەروەها پارتیش سڵ لە دەسەڵاتدارێتی ئەو دەکاتەوە، چونکە ڕەنگە مەرجی قورس لەبەرامبەر ئەو حیزبەدا دابنێت، بەسەختی بکەوێتە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی بەتایبەت بۆ زۆر مەسەلەی ناوخۆیی، چونکە نەوشیروان مستەفا باوەڕی وایە کە پێویستە یەکێتی مەرجی جدی لەبەرامبەر پارتی هەبێت، بۆ زۆر کێشەی سیاسی و ئیداری نێوانیان.

#### سیناریۆی سێیەم

کۆمپانیای وشە ئێستا بە وردی و چڕی دەستیکردووە بە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان، هەر لە دروستکردنی گرووپ بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و دانانی خەڵک بۆ پروپاگەندەکردن . بەڵام ئەمە ڕەنگە وەک فشار بێت بۆ سەر ڕێککەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئێستادا یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی نەوشیروان مستەفا ئەوە بێت کە ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی هەڵوەشێنێتەوە، ئەو لەوباوەڕەدایە یەکێتی لە بەرامبەر پارتی بەتەواوی لاواز بووەو، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات تەواو دەبێت، لەبەر ئەوە هەڵبژاردنەکان باشترین میکانیزمن بۆ ئەوەی یەکێتی ناچاربکات کە کۆتایی بەو ڕێککەوتنە بێنێت، ئەگەر یەکێتی ئەم بڕیارە بدات ئەوە یەکێکە لە ڕێگاکانی گفتوگۆکردن و سازش بۆ نەوشیروان مستەفا . بەم کارە یەکێتی دەرگایەک لەبەرامبەر گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو باڵە دەکاتەوە کە ئەنجامەکانی گفتوگۆکانی لەگەڵی دیار نین.

ئەگەر ئەم سیناریۆیانەش نەهاتنە دی، ناکۆکییەکان بەردەوام دەبن و قوڵتردەبن . ئەوکاتە ئاڵوگۆڕی سیاسی لە کوردستان ڕوودەدات، چونکە ئەگەر ئەو بارودۆخە سیاسییە بەو شێوەیە بەردەوام بێت، چ لەنێوخۆ و چ لەدەرەوە قبوڵ ناکرێت، بە قووڵبوونەوەی کێشەکان، نا هاوسەنگی ڕوودەدات کە ڕەنگە هەڵکشانی ئیسلامییەکان یاخود چەپەکانی لێبکەوێتەوە، ئەم ئاڵوگۆڕەش لەسەر حسابی یەکێتی دەبێت.



# هەموو لایەک پارچەیەکی کەرکووکی دەوێت

## هەندێ لە سەرکردە کوردەکان پێیان ڕاگەیاندووم کە ڕازین کەرکووک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ

یوست هیلتەرمان*

هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەوەی پیشاندا کە بەرەو گۆڕان مل دەنێت، ئەو دەسەڵاتەی گرووپی فیدراڵیستەکان کە بریتیبوون لە پارتە کوردییەکان و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، لە لایەن گرووپێکی دیکەوە لێیان سەندراوەتەوە کە پاڵپشتی حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندی دەکەن. هەڵگری مەشخەڵی ئەو گرووپەش، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانە کە هەڵبژاردنەکەی لە ساڵی 2006 لەئەنجامی ئەوەبوو کە نە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و نە سەدرییەکانی ڕکابەریان توانیان یەکێک دەست نیشان بکەن بۆ سەرۆکی حکوومەت و ئێستاش لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، ئەنجامەکانی مالیکی وورەی دژە فیدراڵیستەکانی بەرز کردووەتەوە .

سەرکەوتنی مالیکی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جموجۆڵە نەتەوەیی و سەربازییەی کە بووە هۆی تووڕەکردنی کورد و دڵخۆشکردنی زۆرینەی عەرەبەکانی عێراق. لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیش ئەوەندە دوور نییە و ئەو شێوەیەی کە مالیکی هەڵیبژاردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فیدراڵیستەکان دەبێتە هۆی دروستکردنی ناکۆکی زیاتر لەگەڵ کورد کە لەهەرێمەکەی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەکەشوهەوایەکی ئاشتیدا دەژین وکاریگەرییەکی بەهێزیشیان لە بەغدا هەبوو.

لەماوەی ساڵی ڕابردوودا، مالیکی هەڵمەتێکی دەست پێکردووە بەمەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی کوردی لە ڕووی دەستووری و ناوچەییەوە. لە مانگی ئابی ڕابردوودا، مالیکی سوپای حکوومەتی ڕەوانەی ناوچەکانی پارێزگای دیالە کرد کە لە لایەن کورد و دەستووریشەوە بە ناوچەیەکی دابڕاو ناسراون و پڕیەتی لە نەوت و گاز. سوپای حکوومەت هێزی ئاسایشی کوردیان لە سێ شارۆچکە وەدەرنا و پاشانیش لەسەر شاری خانەقین کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن، ڕێککەوتن و پۆلیسی ناوخۆیی کە نە لە سوپای عێراقی پێکهاتبوون و نە لە هێزەکانی ئاسایشی کوردی، کۆنترۆڵی ئەو شارەیان درایە دەست، بەڵام هەردوو لا ئەوەشیان باش دەزانی کە پۆلیسە خۆماڵییەکان زۆرینە کوردن. سەرکردە کوردەکانیش نیگەران بوون بەوەی کارەکەی خانەقین پێشەکی کارێکی هاوشێوەیە لە کەرکووکیش، کە گەورەترین خەڵاتە، بەوەی کە خاکەکەی پڕیەتی لە سامانی سروشتی.

پاشان، مالیکی دەستی کرد بە گواستنەوەی ئەفسەرە کوردەکانی نێو سوپای عێراق، کە بوونی ئەو ئەفسەرانە لەناوچە دابڕاوەکان هەوڵەکانی کوردی ئاسان کردبوو بە گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە ڕەنگە مالیکی دووچاری یاخیبوون بکردایە و کوردەکان دەستبەرداری ئەوەش بوون، بەڵام نیگەرانی وتووڕەییەکەیان بەرە بەرە زۆری کرد. پاشان لەگەڵ ناکۆکییە ئاشکراکەی مالیکی و مەسعود بارزانی لەسەر مەسەلەی فیدراڵی و جێبەجێ نەکردنی دەستوور، ئەو کێشەیە گەیشتە بەرچاوی خەڵک، لەگەڵ لێدوانە هەڵبەز و دابەزەکانیان، مالیکی، بارزانی بەوە تۆمەتبار کرد کە دەیەوێت عێراق پارچە پارچە بکات و بارزانی وەڵامی دایەوە و ڕایگەیاند کە ڕەنگە مالیکی ببێتە سەدامێکی نوێ.

لەمساڵەی دێ، ناکۆکی کورد و عەرەب تەنیا ئاڵۆزتر دەبێت، هەر لە ئێستاوە سوپا و هێزە چەکدارەکانی دیکەی حکوومەت چالاکی نهێنی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان ئەنجام دەدەن، بەتایبەتی لەنێزیک کێڵگە نەوت و گازییەکان.

هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکە چەقیووە، ئەمەش بەهۆی جێبەجێنەکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی، کە داوا دەکات لە کۆتایی ساڵی 2007 ریفراندۆم لەشاری کەرکووک و دەوروبەری ئەنجام بدرێت، هەروەها پەسەندکردنی یاسای نەوت-یش گیری خواردووە، ئەمەش بەهۆی ئەو ناکۆکییە قووڵەی لەنێوان بەغدا و هەولێر هەیە و شاری کەرکووکیش کە دەوڵەمەندە بە گازی یەدەگ و کێڵگەی نەوتی، لەناوجەرگەری کێشەکەیە.

لە تشرینی یەکەمی 2008، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێشنیازی ڕێککەوتنێکی کرد کە ئەویش "بەرامبەر بەخشینی کۆنترۆڵکردنی ناوچە، ڕێگەبدرێت سامانە سروشتییەکانی خۆیان بەرهەم بهێنن"، بەشێکیش لەو پێشنیازە بریتیبوو لەوەی کورد بە ناسنامەی تایبەتی شاری کەرکووک ڕازی بێت و هەرێمێکی فیدراڵی تایبەتی بێت، هەتا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، لەبەرامبەریش هەرێمی کوردستان ڕێگەیان پێ بدرێت کە سامانە سروشتییەکانی نێو سنووری هەرێمی کوردستان بەرهەم بێنن و بازرگانی پێوە بکەن، دەستووریش چاوی پێدا دەخشێنرێتەوە هەروەکو پرۆسەیەکی نۆرماڵ، کە ئەمەش حاڵی حازر وەستاوە .

پێشنیازەکە، بۆچوونی جیاوازی لێکەوتەوە، کورد و عەرەبە نەتەوەپەرستەکان ڕاستەوخۆ ڕەتیان کردەوە، لەکاتێکدا پراگماتیکەکانی هەردوولا ڕایانگەیاند کە ئامادەن بیرلەو پێشنیازە بکەنەوە و هەندێ لە سەرکردە کوردەکان پێیان ڕاگەیاندووم کە بەوە ڕازین کەرکووک هەرێمێکی سەربەخۆ بێت. پرسیارەکەی ئێستا ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی زەمینە سیاسیەکە ئەوەندە بەلای عەرەبدا ڕۆیشتووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێت، ئایا ئەوان ئامادەن هیچ ڕێککەوتنێک بکەن؟

ڕەنگە وەڵامەکە لە لایەن خەڵکی کەرکووکەوە بێت. لەمیانەی سەردانە بەردەوامەکانم بۆ ئەو شارە کە دواترینیان مانگی ڕابردوو بوو، چەندین گفتوگۆی سیاسیم لەگەڵ نوێنەری هەموو پارتەکان و نەتەوەکانی ئەو شارە ئەنجامدا. من لەوە دڵنیا بووم کە کەرکووکیەکانیش بەپەرۆشن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک و دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە و هەروەها دەست پێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شارە.

حاڵی حازر چەند هەوڵێکی جیدی دیپلۆماسی لەئارادایە بۆ نێزیککردنەوەی سیاسەتکارانی کەرکووکی بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکە. دەنگێکی بەهێزی ناوخۆی کەرکووک ڕەنگە وا لە سەرکردەکانی بەغدا و هەولێر بکات لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوە بیر لە ڕێککەوتن بکەنەوە.

دەرئەنجامی دانوستان ڕەنگە کورد ڕازی نەکات چونکە ئەوان دەیانەوێت کەرکووک بگەڕێننەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر ئەو مەسەلەیە بۆ نەتەوەپەرستەکانی هەردوو لا بەجێبهێڵدرا، ئەوا چارەسەر ناکرێت، زۆر باشترە زەمینەیەک لەنێوان هەردوو لادا بدۆزرێتەوە و ئەمەش لە بەرژەوەندی هەموو لایەک دەبێت و هەروەها کۆتایی بەهەموو مەترسیەکان دێنێت و مەسەلە هەڵپەسێراوەکانی بەغداش دەکاتەوە .

*** یوست هیلتەرمان: بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان**

**لە ڕۆژنامەی The National ی ئیماراتییەوە**

گۆران محەممەد

goransalih@hotmail.com

# ئیننا ئەنزەلناهو فیلجەیبی

بڵێی دارایی کوردستان لەوەی ئەمێریکا شەفافتر بێت؟ ئۆباما بە ئۆبامایەتی خۆی، گلەیی هەبوونی هەندێ ژمارەی تاریک لە بودجەی وڵاتەکەیدا دەکات بە تایبەتی ئەو ژمارانەی پەیوەندییان بە عێراقەوە هەیە. قەت گوێتان لێبووە، ئۆباما یان هەر سەرۆکێکی دیکەی ئەمێریکا، بانگەشەی گواستنەوەی مۆدێلی حوکمڕانی خۆیانی بۆ دونیا کردبێت؟ لەوانەیە شانازی بە مۆدێلەکەی خۆیانەوە بکەن، بەڵام هەرگیز پێشنیازیان بۆ وڵاتانی دیکە نەکردووە تا تۆزێک لە مۆدێلی حوکمڕانیی ئەمێریکایی، بە سەفەری ببەنەوە.

ئەگەر ئۆباما ئەو گلەییەی لە لای من بکردایە، ئەو قسەیەی باوکمم پێدەگوت کە پێیدەگوتم: خۆزگەم بە دڵت. ئاخر لە کن مە بودجە بە گوێرەی دەقێکی ڕوون و ئاشکرا دابەش دەکرێت کە هیچ دەرفەتی دوودڵی نەهێشتووەتەوەو، دەقەکەش دەڵێ "ئیننا ئەنزەلناهو فیلجەیبی"، واتە ئێمە ئەم خێر و بەرەکەتەمان بۆ گیرفانەکانتان دابەزاندووە.

جاران نەماندەزانی، هەر لە خۆمانەوە دەمانگوت دەبێ بەشی ینک و پدک لە بودجەی کوردستاندا ئاشکرا بکرێت، ئەوەندە گێل بووین زۆر بە درەنگەوە زانیمان کە ئەو داوایە هەڵەیە، ئاخر داوای ڕاست ئەوەیە بڵێین: دەبێ بەشی حکوومەت لە بودجەی ینک و پدکدا ئاشکرا بکرێت. کوردستان دوو گیرفانی هەیە یەکیان زەردە و ئەویدیکەیان سەوز، ئەو گیرفانانەش ئاشکرا نابن، ئەوەندەش چاوقایمن دەڵێن با دەوروبەر بێن لە ئێمە فێری حوکمڕانی ببن.

لەو عێراقەی ئێمە و مانان گاڵتەمان بە عەقڵی دواکەوتوویان دەهات، ئەوە سێ هەفتەیە پەرلەمانەکەی شەڕی بڕگە بە بڕگەی بودجە دەکات و هێشتا هەوری گفتوگۆکانیان خۆشی نەکردووەتەوە، ئەها بە قسەی ئێمەیان نەکرد و نەهاتن مۆدێلی حوکمڕانییەکەی ئێمە بپێچنەوە و بیبنەوە، ئەگەر بە قسەیان بکردینایە، بودجەی خوێڕی چییە سێ هەفتە چەلەحانێی بوێ، لە کونفەیەکونێکدا جێبەجێ دەکرا و هەموو لایەکیشیان ڕازی دەکرد، ئاخر کورد بەو پرەنسیپەی: زۆربڵێیی سیفەتێکی خراپە، و زۆر وتن قورئان خۆشە، لە کورتی مەسەلەی بودجە دەبڕێنێتەوە و زۆر لە سەر ئەوە ناڕوا ئەم و ئەو حیزب چەند دەبەن.

ئۆباما ئەوەشی گوت کە ئیتر باج لە سەر دەوڵەمەند زیاد دەکات، وای بابە کە دواکەوتوون، جارێ نەگەیشتوونەتە ئاستی مۆدێلی کوردی، لێرە دەوڵەمەند نەک باج نادات، ئەوەندەی دەسەڵات هەیە پاروو لە قوڕگی خەڵکی دەربهێنێ، ئاخر ئەمانە پێیان دەگوترێت پرۆژەی لەبنهێنان، ببوورن وەبەرهێنان.



## پەیامی ڕووداو

# دڵخۆشی وڵاتانی ناوچە

برادەرێکم کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەی بە وردی سەرنجی دەدایە وتاری ڕۆژی سێشەممەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا، لەبارەی دۆخی ئابووری ئەمریکاو، دەیگوت لەو وتارەوە بۆم دەرکەوت باری ئابووری ئەمریکا چەند شپرزە بووە. لەو ڕەوشەوە کە ئۆباما بەڵێنی چارەسەری دا، پێشبینیکراو بوو کە ئۆباما لە وتاری ڕۆژی هەینی دا سەبارەت بە "پلانی کشانەوە" لە عێراق، کشانەوەیەکی زووتر لە 2009/12/31 کە وادەی دەرچوونی دوایین سەربازی ئەمریکایە لەعێراق، ڕابگەیێنێ.

کشاندنەوەی 90هەزار سەرباز لە کۆی 142هەزار سەرباز تاوەکو ئابی 2010 لە عێراق، هەناسە دەداتە دوو پلانی ئۆباما، یەکێکیان کەمکردنەوەی ئەو 140 ملیار دۆلارەی کە پێویستە بۆ خەرجی سوپای ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان، ئەویتریشیان بایەخدانی زیاتر بە پاکستان و ئەفغانستان، بەتایبەتی کە هەندێ هێزی لایەنگری تالیبان لە پاکستان، حکومەتیان لە هەندێ ناوچە ناچارکردووە پەیڕەوی لەیاسای ئەوان بکات نەک دەستوور و یاساکانی پاکستان.

ساڵی 2003 ئەوکاتەی جۆرج دەبلیو بوش ڕژێمی سەدامی ڕووخاند، ڕایگەیاند ئەوە قۆناخی یەکەمە لە گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دوای عێراق نۆرە دەگاتە ڕژێمی ئێران و سوریاش. بەڵام بوش ڕۆیشت و ئەو وڵاتانەش بە پلانی ئۆباما خۆشحاڵن بۆ پێوەندی خۆشکردنەوە لەگەڵ وڵاتانی جیهان و، کشانەوە لە عێراق لەو چوارچێوەیەدا دەبینن. بەوشێوەیە خەونی گەلانی وڵاتانی ناوچەکە وێدەچێ بە ڕۆیشتنی بوش، کە لە هەموو جیهان دا وەک دەستدرێژیکار ناسرابوو، تەنیا لەچەند وڵاتێکی وەک کۆسۆڤۆ و کوردستان چەند وڵاتێکی ناوچەکە نەبێ، کە کوردانی سوریا پێیاندەگوت " باڤێ ئازاد".

ئەوەی جێی سەرنجە ڕاگەیاندنی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی، تەنانەت ستراتیژیستەکانیشیان دەستیانکردووە بە باسکردنی جێگرنەبوونی تەواوی باری عێراق و مەترسی تەقینەوەی کێشە ناوخۆییەکانی، بەتایبەتی کێشەکانی نێوان کورد-عەرەب، کە ئەو سەقامگیریەی ئێستای تێکدەدا، هەروەها ترس لە دروستبوونی سەدامێکی دیکە لەعێراق، بەهۆی هەندێ لەسیاسەتەکانی نوری مالیکی.

لەو پێوەندییەدا، ئەو هەڵمەتە دیپلۆماسییەی کورد، لە هەفتەی ڕابردوودا لەئەوروپا و ئاسیا کردی، جێی دڵخۆشیبوو، بەتایبەتی کە ماوەیەک بوو ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی داوای کوردی بۆچارەسەری کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بە "هەوڵی کورد بۆ فراوانکردنی جوگرافیا و دەسەڵاتەکەی" نیشاندەدا .هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەئیتاڵیا و، لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی عەبدوڵڵا گیولیش، بۆ هەرێمی کوردستان گرنگن.

**ئاکۆ محەممەد**

# ئەگەر ئەم جارە دەوڵەتی عێراق ڕووخا



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

کاتێک (نووری مالکی)ی دەستەگوڵ و هەڵبژاردەی کورد بە ئاشکرا کەوتە سەر باری دژایەتیکردن و بەربەرەکانیکردنی کورد و خەتێکی قەومییانە و بەعسییانەی ڕوونی بەرانبەر کورد و داخوازیەکانی گرتەبەر، لایەنگرێکی زۆری پەیداکرد و دەنگێکی زۆری بەدەستهێنا و تا ڕادەیەک، پاشەڕۆژی سیاسی خۆی مسۆگەر کرد و باری هەموو ئەوانەی خوار کرد کە نەختێک لە گەڵ نەغمەی سیاسەتی کورددا ڕێک دەهاتنەوە. حەکیمەکان، کە خوازیاری سیستەمی فیدرالی بوون بۆ عێراق و ئەوەندەیان چاکە بە سەر کوردەوە هەبوو کە کاتی خۆی بە ڕێکەوت فەتوای کوردکوشتنیان مۆر نەکرد و پێیانوابوو بە هۆی ژمارەی شەهیدەکانیانەوە هەقی نازکردنیان بە سەر هەموو عیراقیشەوە هەیە، باریان کەوتە لێژی و لە بری نازڕاگرتنیان ئەوەیان بە چاودا دەدرایەوە کە پشتی ئێرانیان لە شەڕی دژی عێراق گرتووە. بە لاوازبوونی لایەنەکانی دیکەی شیعە، مالکی بەهێزتر بوو و باش تێگەیشت لە سیاسەتی عیراقدا کوێ نیسکان دێنێ و چ نەغمەیەکی سیاسی ڕۆحی باوباپیرانی، تا دەگاتە سەردەمی ئەمەوییەکان شاد دەکا. ماوەتەوە ئەوەی بگەڕێتەوە سەر (علل الشرائع)ی (الشیخ الصدوق) کە لە لاپەڕە 27دا نەهی لەوە کردووە تێکەڵاوی لەگەڵ کورددا بکەن چونکە لە جنۆکەن و خوا ئاشکرای کردوون!

لە لایەکی دیکەوە، لە موسڵ نوجیفییە بەعسییەکان بە بەرزکردنەوەی دروشمی "ڕزگارکردنی موسڵ لە دەسەڵاتی کورد" لە هەڵبژاردن دا بردیانەوە و هەرچی خەڵکی سەلامەتۆکەی لاشەڕیش هەبوو دۆڕان. ئەو دروشمە خۆی لە خۆیدا دەنگی زۆری بۆ پەیداکردن و دەستی کوردیش کە لە ڕاگەیاندنەکاندا دژی بەعس و ئیرهابی قسەیان دەکرد، لە بنی هەمبانەوە دەرچوو.

بۆ هەر کەسێک بیەوێ سروشت و پێکهاتەی عێراق بناسێ ئەوەندە بەسە ئاوڕ لە بردنەوەی مالکی و نوجێفییەکان بداتەوە تا بزانێ بۆچی پۆستە گرنگەکانی موسڵ کەوتنە دەست کۆنە بەعسییەکانەوە. ڕەنگە نارەزایی کورد لە سیاسەتی سیاسەتمەدارانی خۆی چ لە بەغدا و چ لە موسڵ و چ لە دیالە و تکریت، کاریگەری هەبووبێ بۆ کەمیی دەنگی لایەنی کوردی، ئەوەش ڕەنگە دوا ئاگادارکردنەوە بێ کە ئاراستەی سیاسەتمەدارانی کورد دەکرێ. کەواتە سیاسەتمەدارانی کورد بەو گەمانەی کە تا ئێستا کردوویانە، جگە لەوەی زۆر دەنگی کوردیان لە دەستدا، چ دەنگی عارەبیشیان بە دەست نەهێنا! ڕەفتاری سیاسەتمەدارانی کورد جۆرێکە، بە دەستی خۆیان گۆڕ بۆ خۆیان و میللەتی خۆیان هەڵدەکەنن و ڕۆژ بە ڕۆژیش، ئەوەی پێیدەڵێن فیدرالی، بەرەو نەمان لە ئاو دەچێ! لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا چیمان کرد؟!!

بە ئاشکرا دیارە لە عێراقدا، کەسێک ناتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست ئەگەر کوردکوژ و شۆڤینی نەبێ و وەک مرۆڤ بڕوانێتە کورد. ئەوان وا ڕاهاتوون کورد کۆیلەیان بێ و کەی بیانەوێ شۆڕشی پێ بکەن یا بیکەنە جاش، بشیانەوێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن و (عافوات)ی بۆ دەرکەن و لە فایلی ڕەش باری بکەن و بشیانەوێ، پێڵاوی خۆیانی پێ بۆیاخ بکەن! کورد تا ئێستا، کە هەزار و چوار سەد ساڵە بووەتە موسوڵمان و ئەڵڵاهو ئەکبەری لە کەشکەڵانی ئاسمان دەنگدەداتەوە، بەڵام لەو بازنەیە دەرنەچووە کە موالی بێ و لە ڕووی دەروونییەوە لەگەڵ موالیێتیدا ڕاهاتووە! هەتا ئێستا تەنها موالی عارەبی سوننە بوو و ئێستا بووەتە موالی عارەبی شیعەش کە خۆیانیش موالی بوون!

شتێکی سەیر و سەمەرە لە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی بەغدادا نابینم و هەر دەبێ ئاوها عێراق بەڕێوە بەرن و ئەوە کەلەپووریانە، بەڵام ئەوەی بە لامەوە سەیرە ئەو دەوەن بە ئاشەیە کە کورد لەگەڵیاندا دەیکا و نە کۆڵ دەدا نە بێزار دەبێ! لە سەد گفتوگۆدا دۆڕان و کۆڵ نادەن! سەری چەندین شۆڕش و دەیان هەزار کوردیان خوارد و کۆڵ نادەن! دوو جاران عێراق و سوپاکەیان لە بناخەوە بۆ گیانی میللەتی خۆیان دروستکرد و کۆڵ نادەن!

کورد لە خۆی ڕادەبینێ بەو عێراقە بڵێ عێراقی فیدرالی کە سەرۆکە کوردەکەی و وەزیری دەرەوە کە ئەویش بە خێرێ کوردە، لە کۆنفرانسەکانیاندا، لە بەردەمیاندا نووسراوە (جمهوریە العراق) نەک (الجمهوریە العراقیە) کە کاتی خۆی بەعس، یا وردتر، سەددام ئەو ناوەی لێ نا! ئەگەر حکوومەتی ئێستای عێراق نیازی بەعسییانەی نییە، بۆ دەستبەرداری ئەو ناوە نابێ و بۆ ناگەڕێتەوە سەر ناوەکەی پێشتری؟ ئێستا کەسێک بیەوێ کورد بە ساکارترین مافی خۆی بگا، ناتوانێ لە بەغدا دەسەڵاتی هەبێ و دە ڕۆژ نابا ئینقلابی بە سەردا دەکرێ!! نزیکەی سەد ساڵە ئەم ململانێیە دروستبووە و بەردەوام پەرە دەسێنێ و گەشە دەکا و دەسەڵاتداری خراپ دەڕوا و خراپتر جێی دەگرێتەوە، بەڵام کورد نایەوێ لەو هاوکێشەیە تێبگا.

بە دڵنیاییەوە شەڕی کورد و ئەو شەڕەی ئەمەریکا لەگەڵ بەغدادا کردی و ئەوەی پێشتریش کە عێراق لەگەڵ ئێران دا کردی، هیچیان دوا شەڕ نین و شەڕ و کوشتن لە خوێنی عێراق دەرناچن و بەردەوام عێراق دەکوڵێنن، چونکە ئەوە سروشت و پێکهاتەی عێراقە و بە دەگمەن فەرمانڕەوا لە عێراقدا هەبووە وەک نووری سەعید عابای بە سەردا نەدرابێ یا وەک فەیسەڵی دووەم پەت بە لاقیەوە نەکرابێ و ڕانەکێشرابێ یا وەک سەددام ملی بە پەتەوە نەبووبێ. ئەوەی سیاسەتمەدارانی کورد تا ئێستا ئەنجامیان داوە، فت، بەڵام دواوەسێت و داواکاریمان لە سیاسەتمەدارەکانی کورد ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە عێراق ڕووخایەوە و سوپای نەما، نەچنەوە بن باڵی و نە خۆی ڕاست بکەنەوە نە لەشکرەکەی!!

# کوردستان لە دەنهاخەوە



هاری فان بۆمڵ*

**وابڕیار بوو هاری ڤان بۆمڵی ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا و دۆستی کورد بەو نزیکانە سەرۆکایەتیی شاندێکی پەرلەمانی وڵاتەکەی بکات بۆ تورکیا و باکووری کوردستان. ئەو دەیویست لە ئامەد (دیاربەکر) دۆزی لەیلا زانا بێنێتە بەرباس. بەڵام دەوڵەتی تورکیا سەردانەکەی دواخستووە بۆ ساڵی ئاییندە. لەو بارەیەوە ڤان بۆمڵ وتارێکی بەتایبەت بۆ ڕۆژنامەی (ڕووداو) و بەشی هۆڵەندی (ڕووداونێت-www.rudaw.nl) نووسیوە، کە تێیدا ڕەخنە لەو بڕیارەی تورکیا دەگرێت:**

نوکتەیەک هەیە دەربارەی ئەو پەرلەمانتارە هۆڵەندییانەی کە دەیانویست بچنە کوردستانی تورکیا، نازانم بیستووتانە یان نا؟ نەتانبیستووە؟ ئێ، کەوابێ بیبیستن: ئەوان ناچن!

بەداخەوە ئەمە نوکتە نییە، بەڵکو ڕاستییە. لە کاتێکدا من ئەم وتارە دەنووسم، دەبوایە لە دیاربەکر دانیشتبام بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا سەبارەت بە ڕەوشی کوردان لە تورکیا قسە بکەم.

بەداخەوە سەردانی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندا، کە منیشی تێدابووم، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە هەڵوەشێندرایەوە. " کاتمان نییە، چونکە هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکەن". ئەوەیە هۆکاری فەرمیی هەڵوەشاندنەوەکە. بەڵام خۆ ئەوان دوو مانگ بەر لە ئێستاش دەیانزانی کە هەڵبژاردن هەن!

سەفەرەکەی ئێمە چەندین مانگ لەمەوپێش دەزانرا و من پێموایە کە کێشە سیاسییەکانی نێو تورکیا هۆکاری سەرەکی پێشوازی نەکردنمانە.

ئەوە کارێکی خراپە. ئێمە دەبوایە ئێستا ڕۆیشتباین. دەبوایە دێمۆکراسی تورکی ( یانیش کێماسییەکانی ئەو دێمۆکراسییە) مان بە چاوی خۆمان دیتبا. سەردانەکەی ئێمە دواخراوە بۆ مانگی یەکی 2010. من ئەوە زۆر بە توندی پرۆتەستۆ دەکەم. چونکە ئەگەر وانەبوایە دەمتوانی لەگەڵ خەڵک، دەربارەی سەرۆکی DTP قسە بکەم کە لە ٢٤ ی فێبریواریدا بۆ دووەمین جار لە مێژوودا، زۆر بوێرانە لە پەرلەمانی تورکیدا بە کوردی قسەی کرد.

یەکەمین جار کە ئەمە ڕوویدا لە ساڵی ١٩٩١ دا بوو، کاتێک لەیلا زانا ئەوەی کرد. بڕیار وابوو ئەو لەیلا زانایە پاڵێوراوی شارەوانیی دیاربەکر بێت، بەڵام ئێستا سەرلەنوێ سزای زیندانیکردن چاوەڕێی دەکاتەوە.

من لەو بارەیەوە پرسیارم ئاراستەی ماکسیم فێرهاخنی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەم کرد و، دەمویست بزانم کە ئەو چی دەڵێت. بەڵام ئەو بە شێوەیەکی گشتگیر لە وەڵامەکەیدا باسی ئازادیی ڕادەربڕینی کردبوو و پێیوابوو کە لێدوانی سیاسییش دەکەونە چوارچێوەی ئەو ئازادییانەوە.

ئەو هەڵوێستەی وەزیری دەرەوە جێی داخ بوو. چونکە لە هۆڵەندا دەگوترێت کە پەیوەندییەکانی دەرەوەمان لەسەر بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەبێ ببەسترێن، بۆیەش وەزیرەکەمان دەبێ کەمێک زۆرتر لەو بارەیەوە خۆی ماندوو بکات.

تەنانەت یەکێتی ئەورووپاش مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و دێمۆکراسی زۆر بە گرنگ دەزانێ و وەک مەرجێک بۆ هاتنە ناو یەکێتییەکە دەیبینێ. لەبەرئەوەی ئێستاش تورکیا لە گفتوگۆدایە بۆ هاتنە نێو ئەو یەکێتییەوە، باش دەبوو ئەگەر یەکێتی ئەورووپاش لە بارەی زاناوە قسەی کردبایە.

هەڵبژاردنەکانی تورکیا و دەرەنجامەکانی پێوەرێکی باشن بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی سیاسیی ئەو وڵاتە. من لە ڕێگەی دوورەوە چاودێریی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکەم و دەمەوێ بزانم چۆن دەنگدراوە و دەرەنجامەکانیش چ مانایەکیان بۆ بەڕێوەبەرایەتییە ناوچەییەکان دەبێت. تا ئەو کاتەی کە پەرلەمانی هۆڵەندا ئەو جارە بەراستی دەچێتە تورکیا، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ناوچەییانە نزیکەی ساڵێک کار دەکەن. زۆر حەزدەکەم بزانم لەو ماوەیەدا چی دەگۆڕێت.

ئەوەی کە بکرێ بە زمانی کوردی قسە بکرێ و مێدیا بەکاربهێندرێ زۆر گرنگە بۆ دۆزی کورد. بەڵام زۆر شتی دیکەیش هەن.پێویستە پێشڤەچوونی ئابووری، پەروەردە، خزمەتگوزاریی تەندروستی و بێگومان ئاسایشیش لە کورستانی تورکیا وەدیبهێندرێن.

لە دەنهاخێکی کومفۆرتەبیڵەوە دەبێ بە وردی چاودێریی ئەو پێشڤەچوونانە بکەین کە لە تورکیادا ڕوودەدەن. خەڵکی ئەوێ، بە بێ گوێدانە باکگراوندی نەتەوەییان، مافی خۆیانە بەرەو پێشەوە بچن.

*** ئەندامی پەرلەمان و یەکێک لە سەرکردە گرنگەکانی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا.**

# ڕۆژی زمانی دایک و (بوکڕیا)



کاوە ئەمین- سوێد
kawe35@hotmail.com

هەندێک ڕۆژی ساڵ هەن، گرنگییەکی مێژووییان هەیە، ڕۆژ هەیە تایبەتە بە کولتووری نەتەوەیەک یانیش وڵاتێک، هەندێکی دیکە هەن نێونەتەوەیین و لە سەرتاسەری جیهاندا، یادیان دەکرێتەوە. 2/21 ی هەموو ساڵێک لە ساڵی 1999 دا لەلایەن ڕێکخراوی UNESCO وە، کرایە ڕۆژی زمانی زکماکی و لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا یادی دەکرێتەوە. ئامانجی یۆنسکۆ لەم ڕۆژەدا، سەرنجڕاکێشانی زمانی زکماکی و بڵندکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر گرنگی زمانی زگماکی لە نێو کۆمەڵگە فرە کولتوورییەکان و هەروەها بەرزکردنەوەی تەحەمولکردن لە بەرانبەر خەڵکانی جیاواز لە نەتەوە سەردەستەکانە. زمانی کوردیش کە بەشێکە لە کولتووری جیهان، لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، هەمیشە لەژێر گوشاری توانەوە و نەماندا بووە، لە کاتێکدا کە یادی ڕۆژی زمانی زکماکی لە زۆر وڵاتی جیهان دەکرێتەوە، زمانی کوردی لە وڵاتانی وەکو تورکیا، ئێران و سووریا، لەژێر گوشاردایە و یاسا بنچینەییەکانی ئەو وڵاتانە جگە لە زمانی نەتەوەی سەردەست، مافی خوێندن و نووسین نادەنە زمانە جیاوازەکان و بە ملیۆنان منداڵی کورد لە خوێندنی زمانی دایک مەحروم کراون. مادەی 15ی دەستووری ئێران ڕێ بە خوێندن بە زمانی دیکە دەدات، بەڵام بەکردەوە هەر یەک زمان یاساییە.

ئەمەش تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی دەکرێت. کردنەوەی کەناڵێکی کوردی لە تورکیا، بووە هۆی ختوکەدانی هەندێک مرۆڤی کورد و سەردێری زۆر لە ڕۆژنامە کوردییەکان، زۆریان بە شان و باڵدا هەڵدا، وەکو ئەوەی کە ئیدی تورکیا دەبێتە نێوەندی کولتوور و زمانی کوردی، بەڵام لە بیریان چوو کە هەر ئەو تورکیایە بۆ دژایەتیکردنی کردنەوەی ڕادیۆیەک لە میسر لە پەنجاکان و کردنەوەی داینگەیەک لە سوێد لە هەشتاکاندا، ئامادەبوو پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆی تێکبدات . کاتێکیش لە 22 ئەم مانگەدا، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەحمەد تورک، بە کوردی لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا قسەی کرد، زۆر بێشەرمانە پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەڤزیۆنەکانیان بڕی و تەحەمولی چوار ڕستەی کوردییان نەکرد، ئەمەش دەریخست کە ئەردۆغان تەنها بۆ فریودانی کورد و هەڵمەتی هەڵبژاردن TRT6ی کردووەتەوە. سەیرەکە لەوەدایە کوردە دۆنەدیوەکان، هێشتا لە دمڵەک لێدانی خۆیان بۆ ئەردۆغان و TRT6، نەکەوتوون.

ڕۆژێکی گرنگ لە مێژووی ئەدەبیات و کولتووری سوێد کە لە ساڵی 1920 بە دواوە، بەردەوام یادی دەکرێتەوە، ڕۆژی داشکانی نرخی کتێبە،بوکڕیا، کە هەموو ساڵێک لە مانگی شوباتدا دەستپێدەکات و چەند هەفتەیەک دەخایێنێ. هەموو چاپخانە گەورەکانی سوێد لەو ڕۆژەدا دەکەونە کێبڕکێ بۆ پەیداکردنی زۆرترین کڕیاری کتێب. ئەگەرچی سەرەتا کە بوکڕیا، دەستی پێکرد، تەنها ئەو کتێبانەی دەگرتەوە کە دەبوو مێژووی لە چاپدانیان، پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوایە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستا بەشێکی زۆری کتێبە چاپکراوەکان بەبێ گوێدانە ساڵی چاپکردن، نرخەکەیان دادەشکێندرێت. ئەمساڵیش وەکو ساڵانی دیکە، کاژێر 12 ی شەوی 24 شوبات دەرگای کتێبفرۆشییەکان کرانەوە، بە سەدان کەس لە باکوورەوە تا باشووری سوێد ڕیزیان بۆ کڕینی کتێبی دڵخوازی خۆیان بەستبوو. جوانترین دیمەن بە لای منەوە، ڕیکخستن و جیاکردنەوەی کتێبەکانە، بەشی دین، مێژوو، سیاسەت، خواردن، جوگرفیا، زمان، ئەدەبیات و کتێبی منداڵان، ئەوە جگە لەوەی کە چەندین ڕۆژ پێشتر، کەتەلۆگی کتێبی هەرزانکراو، بەسەر هەموو ماڵێکی سوێددا، دابەش دەکرێت. زمانی سوێدی ئەگەرچی زمانێکی بچووکە لە چاو زمانە گەورەکانی جیهانی وەک ئینگلیزی، فەرەنسی و ئیسپانی و عەرەبی، بەڵام هەتا بڵێی زمانێکی دەوڵەمەندە، ساڵانە دەیان فەرهەنگی ئەکادیمی دەخرێنە بازاڕەوە و هەزاران کتێب وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی سوێدی. لە شەوی دەستپێکردنی (بوکڕیا)دا، بە دڵ ئاواتەخوازبووم کە لە کوردستانیش ڕۆژێک دابین بکرێت بۆ هەرزانکردنی کتێب و بەو شێوەیەی کە لە سوێد ڕێز لە کتێب دەگیرێت، ئێمەیش ڕێز لە کتێب بگرین.

ئەو شەوە منیش وەکو زۆر لە خوێنەرانی سوێدی، دەستی خۆمم وەشاند و چەند کتێبێکم کڕی کە پێشتر لە بەر گرانی، دەستم تێیان نەدەچوو. باشترین کتێبی ئەمساڵ بۆ من، کتێبێکی "ڕۆبەرت فیسک"ی بەریتانی بوو، بە ناوی "شەڕی گەورە بۆ مرۆڤایەتی، ململانێ لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست". خوێنەری ئەم وڵاتە خەمی نییە، ئەگەر کتێب ساڵی جارێکیش هەرزان بکرێت، ئاخر هەموو لاکۆڵانێکی ئەم وڵاتە، کتێبخانەیەکی تێدایە، چ کتێبێکت بوویت ئەگەر خۆشیان نەیانبێت، ئەوا لەماوەی هەفتەیەکدا بۆت پەیدا دەکەن.

ماوەتەوە بڵێم دەک ئاوەدان بیت وڵات، نوخشەش بێت لە کوردستان.

# کەس دەستی بە روودا نەناوم



**روودلو-ئیستەنبول**

گورانیبێژ رۆژین بە (روودلو)ی راگەیاند سەرۆکی حکومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی هانیداوە لە تەلەڤزیۆنی TRT6کاربکات کەئێستا بەرنامەیەکی رۆژانەی لەسەر پرسی ژنان هەیە. رۆژین رەتیکردەوە کارکردن لەو تەلەڤزیۆنە خیانەت بێت و گوتی " من بەو رێگەیە خزمەتی زمانی کوردی وژنانی کورد دەکەم" رۆژین هەروەها گوتی "ئێستا کەس دەستی بە رووەوە نەناوم ونەیگوتووە نایێمە ئەو تەلەڤزیۆنە".

10 »

# لەشڤان پەروەرەوە بۆ ئەحمەدی خانی




**روودلو-نێتکورد**

سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەکاتی سەردانی لە شاری ماردین-ی باکووری کوردستان باسی شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی کردو گوتی "ئەحمەدی خانی بە هی خۆمان دەزانین".

ئەردۆغان کە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکلن کە 29 /3 بەرێوەدەچن، لەشارەکانی باکووری کوردستان دەگەڕێ، هەوڵی ختووکەدانی هەستی کوردان دەدات، لە کۆبوونەوەیەکی شاری ماردیندا گوتی" لای ئێمە رووباری دیجلەوکزلرماک هەردووک بەنرخن،ئەحمەدی خانیش بە هی خۆمان دەزانین" .ئەردۆغان چەند رۆژ پێشتریش داوای لە هونەرمەند شڤان پەروەرکرد کە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی.

# بڵند بوو زاڤا



**عەبدوڵڵا نهێلی**
**روودلو-دهۆک**

هونەرمەند بڵند ئیبراهیم و نەرمینی ئامۆزای لە رۆژێکی باراناویدا چوونە نێو قەفەسی زێڕینەوە.

سەلمان شێخ مەمی، کە شاعیرە و یەکێکە لە برادەرە نزیکەکانی گۆرانیبێژ بڵند ئیبراهیم و چەند شیعرێکی لەلایەن بڵندەوە کراونەتە گۆرانی، لە لێدوانێکدا بۆ (روودلو) رایگەیاند" بڵند و نەرمین رۆژی 2009/2/26 زەماوەندیان لە شاری دهۆک گێڕا، کە چەندین هونەرمەند و بەرپرس لەگەڵ کەسوکاریان ئامادەبوون".

بڵند ئیبراهیم، پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (روودلو) گوتی ئەو شکستی لە دڵداریدا هێناوەو، ئێستا بیری ژنهێنانی لەمێشکی خۆی فرێداوەتە دەرەوە. بەڵام رۆژی 2009/2/26 پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی سەلماند. پیرۆزە.


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای روودلو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین :** سالح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**بەڕێوەبەری گشتی روودلوئێت :** سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین :** عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای روودلو دەریدەکات    نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997    ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی    Tel: 0750 488 5696    rudaw@rudaw.net    www.rudaw.net


# 5 وەزیر لەسەر گەندەڵی دراونەتە دادگا



**روودلو-بەغدا**

سەرۆکی دەستەی نەزاهە بە (روودلو)ی راگەیاند کە دەستەکەیان لە ساڵی 2004ەوە تاوەکو ئێستا 367 بەرپرسی لەسەر گەندەڵی حوکمداون کە پێنجیان وەزیرن.


دادوەر رەحیم حەسەن عگێلی، سەرۆکی دەستەی نەزاهەی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ (روودلو) ئاشکرایکرد کە " لە رۆژی دەستبەکاربوونی دەستەکەمانەوە لە ساڵی 2004ەوە تاوەکو ئێستا 367 کەس بە تاوانی گەندەڵی کردن سزادراون، بەڵام ناتوانم ناوەکانیان ئاشکرا بکەم" .عگێلی روونیکردەوە کە 5 وەزیر، چەندین بریکاری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتیی، ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بەرپرس وئەفسەری گەورەی دیکە لەنێو ئەو سزادراوانەدان، بەڵام " هەندێکیان بەهۆی لێبووردنی گشتیی ئازادکراون".

عگێلی لە درێژەی لێدوانەکەیدا، روونیکردەوە تەنیا لە ساڵی رابردوودا، 337 سکاڵایان لەسەر بەرپرسان تۆمارکردوون و دۆسیەکانیان رەوانەی دادگا کردوون، لەسەر گەندەڵی دارایی و کارگێڕی.ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەپێی راگەیێندراوی دامەزراوەی شەفافیەتی نێودەوڵەتی،عێراق بە دووەمین دەوڵەت دادەنرێ لە ریزی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا.

رەحیم حەسەن عگێلی، گوتیشی تائێستا هیچ کارێکیان بۆ بەدواداچوونی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان نەکردووەو دەڵێ" لە کوردستان تاوەکو ئێستا رێ بە دەستەکەمان نەدراوە کاربکات و، هیچ نووسینگەشمان لە هەرێمی کوردستان نییە".

## 910 کچ بەشداری لە خوولی تۆپی پێی سۆران دەکەن..

15 »



گەورەترین خولی تۆپی پێی کچان لە هەموو کوردستان و عێراقدا بە بەشداری 100 تیپ لە سۆران کرایەوە (فۆتۆ:حوسێن هیممەتی)



## بەرپرسێکی سوێدی بۆ دووگۆڵی دێتە کوردستان

**روودلو-سوێد**

کلاس نوردمارک، جێگری سکرتێری نێونەتەوەیی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێد، لەهەڤپەیڤینێکی لەگەڵ (روودلو)ی رایگەیاند کە لە ئادارێ سەردانی باشووری کوردستان دەکات و لەسەر خاکی کوردستان یاری دوو گۆڵێن دەکات.

نورد مارک، بەرپرسی تۆڕی کوردە لەنێو سۆسیال دیموکراتەکان، لەباکووری سوێد لە نۆربۆتن لەدایکبووەو گەورە بووە، خۆشەویستی خۆی بەو جۆرە بۆ کوردستان دەربڕی و گوتی "کاتێک سەفەر بۆ کوردستان دەکەم، بۆ من وەکو ئەوە وایە کە بچمەوە بۆ ماڵەوە لە نۆربۆتن، سروشتی کوردستان هەتا بڵێی جوانە و مرۆڤەکانیش هەتا حەزبکەیت رووخۆشن".

ناوبراو گوتیشی " لەمانگی مارسدا بۆ ماوەی یەک هەفتە سەردانی باشووری کوردستان دەکەم، بە خۆشحاڵییەوە دەمەوێت لەوێ پێشوازی لەبەهار بکەم. پێشتر هەر کاتێک سەردانی کوردستانم کردبێ هاوین بووە، ئەم جارەیان بە تەمام جووتێک پێڵاوی فوتباڵیش لەگەڵ خۆم بەرم و زۆر تامەزرۆی ئەوەم کە لە سەر خاکی کورد، دوو گۆڵی بکەم".

6 »

# هەریری دوژمنی حەمامن

**شەوقی کانەبی**
**روودلو-هەریر**

دوای 8 ساڵ چاوەڕوانیکردن ئینجا حەمامەکەی شاری هەریری سەربە پارێزگەی هەولێر بە کۆمەڵێک کەموکوڕی تەواو بوو، کەچی پێنج رۆژ دوای کرانەوەی گەرماوەکە لەبەر ئەوەی کەس نەبوو سەری خۆی تێدا بشووات، کرایە شووشتنگەی ئۆتۆمبێل

یوسف موحەمەد سەلیم، کە گەرماوەکەی بە کرێ گرتووەتەوە بە (روودلو)ی راگەیاند نەمانزانی گەرماوەکە کەموکورتی هەیە. تاکو ئێستا 16ملیۆن دینارمان لێخەرجکردووە، بەڵام هێشتا پێمان چاک نەبووەتەوەو 50 ملیۆن دیناری دیکەی دەوێ.

خاوەنی گەرماوەکەگوتیشی، تەنها پێنج رۆژ کاری کرد، بۆیە ناچار بووین بیکەینە هۆڵی لەشجوانی وشووشتنگەی ئۆتۆمبێل، "بەڵام بەڕێوەبەری ناحیە پێیگوتوین کە غەسلەکە دابخەین".

رزگار حەسەن، بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر لەبارەی ئەو گەرماوە بۆ (روودلو) گوتی "لە کاتی وەرگرتنی پرۆژەی حەمامەکەش لیژنەیەک پێکهێنرا کە سێ ئەندازیاری پارێزگای هەولێری تێدابوون، ئێمە بە قسەی ئەندازیارەکان پرۆژەکەمان وەرگرت، دەنا ئێمە هیچمان لێنەدەزانی، دواتر حەمامەکەمان خستە موزایەدەوە بە حەوت ملیۆن دینار بە موزایەدەی یەک ساڵمان بە کرێدایەوە". گوتیشی "گرفتەکە لەوەدایە حەمامە ئەگەر تەواویش بێ کەس



# باخی بەهەشت لەکوردستانە

**روودلو-ئیستانبول**


باخی بەهەشت کە لە هەموو کتێبە پیرۆزەکان باسی لێوە دەکرێت لەباکووری کوردستان لەشاری ئورفە لەلایەن شوانێکەوە دۆزرایەوە.

ئەرکۆلۆژی ئەلمانی کلاوس شمیت، لەو بارەیەوە گوتی "گردی گۆبەکلی کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ 14000 ساڵ، لەراستی دا ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە پێدەگوترێت (Garden of Eden) کە ئادەم و حەوا لێی ژیاون.

هەروەها دەڵێت "ئەو شوێنەی کە دۆزراوەتەوە، بەر لە 7500 ساڵ پێش پیرامیدەکانی (فیرعەونەکان) میسر دروستکراوە"، شمیت گوتیشی"ئەو شوێنە ئەو جێگەیەیەکە لەپەرتووکە پیرۆزەکاندا (Garden of Eden) بە باخی بەهەشت ناودەبرێت، کە ئادەم و حەوا لەو شوێنە لەبەرهەمی سێوی قەدەخە کراویان خواردووە".

بەبۆچوونی پسپۆران، زانایانی شوێنەوار، چەندین بەڵگە هەن دەیسەلمێنن کە ئەو گردە باخی بەهەشتە، ئینجیل دەڵێت باخی بەهەشت دەکەوێتە رۆژئاوای ئاشوور، شوێنی ئەو گردەش لەو جێگەیەدایە" هەروەها لە تەوراتیشدا هاتووە کەباخی بەهەشت دەکەوێتە باکوری سوریا.

# مەلا عوزێر داوای لاپەڕەی نوێ دەکات



**روودلو-هەولێر**

مەلا عوزێر حافز، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی حاجی حەسەن عەلاف، لە کۆنفرانسی بەرەو وتاری ئاینی هاوچەرخ پێشنیازیکرد مامۆستایانی ئاینی لەمەودوا بەزمانی گوڵ و گەشبینانە وتارەکانیان ئاراستەی خەڵک بکەن و داواشی لەرۆشنبیران و رۆژنامەنووسان کرد چیتر سووکایەتی بەپیرۆزییەکانی خەڵکی کوردستان نەکەن.

مەلا عوزێر، کە ماوەی چەند مانگێکە بەهۆی لادانی لەرێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف وتووندی وتارەکانییەوە لەوتارخوێندنەوە راگیراوە، لەدوایین رۆژی کۆنفرانسەکە وتارێکی پێشکەشکردوگوتی "ئێمە هەموومان لەم کۆنفرانسەدا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی لاپەرەیەکی نوێ لەگەڵ میللەتی خۆمان بکەینەوە و زمانی گوڵ و گەشبینی بکەینە شێوازی رێنمایکردنی خەڵکی کوردستان و هەر بەهەمان زمانی کوردپەروەرانە رەخنە لەحکومەتی خۆمان بگرین".

ناوبراو داوای لەوەزارەتی رۆشنبیری کرد کۆنفرانسێکی هاوشێوەی وەزارەتی ئەوقاف ببەستێت بۆ ئەوەی نووسەر و رۆژنامەنووسانی کوردستانیش سووکایەتی بەپیرۆزییەکانی خەڵکی کوردستان نەکەن "داوا لەرۆشنبیر و رۆژنامەنووسان دەکەم وەک ئێمە لاپەرەیەکی نوێ بکەنەوەو چیتر سووکایەتی بەئاین و پیرۆزییەکانی خەڵکی کوردستان نەکەن".

# زوو خۆتان تووش مەکەن



**روودلو-هەولێر**

کچان لە بەر شوو کردن واز لەخوێندن دەهێنن، هەندێکیان لەو شووکردنە پەشیمانن و بەشێکیشیان هانی کچان دەدەن ئەگەر شووی باشیان دەستکەوت لەدەست خۆیانی نەدەن.

مامۆستا نادیە زیاد، رابەری پەروەردەیی لە قوتابخانەی زەهرای کچان، رێنمایی کچان دەکلت کە لەتەمەنێکی زووداشوو نەکەن و دەڵێت "کچان وا دەزانن شووکردن تەنیا لەبەرکردنی جلی بوکێنی و دەستگرتنی پیاوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەئامادەیی زەهرای کچان لەهەولێر دراوەتە (روودلو)، دەرکەوتووە زیاتر لە15 قوتابی ئامادەیی ئەو قوتابخانەیە شوویانکردووە، بەشێکیشان بەدەستگیرانن.

خەندە عومەر، 18ساڵ، لەقوتابخانەی زەهرای کچان، کە لەژێر کاریگەری هاوڕێیە شووکردووەکانی بڕیاری شوو کردنی داوە گوتی "کاتێک لەقوتابخانە بووم سۆز بەسەر عەقڵمدا زاڵ بوو، هیچ گرنگیم بەخوێندن نەدەدا، بەڵام ئێستا کە دەبینم ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ چەندە قورسە خۆزگە بە رۆژانی قوتابخانە دەخوازم".

دکتۆر نوری یاسین هەرزانی، پسپۆر لەبواری کۆمەڵناسی، پەلەکردنی کچە تەمەن بچووکەکان لەشووکردن دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆربوونی رێژەی قەیرەیی لە کوردستان و عێراق. بەبڕوای ئەو"ئەم رێژەیە وای لەکچە تەمەن بچووکەکان کردووە ئەگەر هەڵێکیان بۆ رەخسا رەتی نەکەنەوە".

15 »